# پێشەکی

کاری سیاسی و فکری نەتەوەیی بۆ ئەمڕۆی نەتەوەکەمان ، هوشیار کردنەوەی جەماوەرە لە بونیادی عەقڵی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقی و داد پەروەری و ئازادی ، یەکسانی و مرۆڤایەتی .. بەم کارەش ئەتوانرێ داهاتووی نەوەی نوێ مسۆگەر بکرێ و لە ڕەوڕەوەی زەمەن بەجێ نەمێنێ و بەختەوەری و یەك گرتنی ڕۆحی ، وەك ئامراز و ئامانج بۆ نەتەوەکەمان دەستەبەر بکرێ .

کوردایەتی لە مانا فکری‌یەکەیدا ، شمووڵی ترە لە مانا هەستەسۆز و ساکارە سروشتی‌یەکەی ، زیندوو کردنەوە و هوشیار کردنەوەی مرۆڤی کوردە لەئاست سەربەخۆیی و سەرفرازی و بەختەوەری نەتەوەکەماندا ، ئەگەر چی تاکو ئەمڕۆ سۆزی نەتەوەیی وەك تەنها باڵ ، دەوری پێویستی هەبووە لە خەباتی چەکداری و سیاسی نەتەوەکەماندا ، بەڵام جێگەی داخە کە دوور بووە لە فکری نەتەوایەتی .. واتە نەتەوەی کورد تەنها لەڕێگەی سۆزی نەتەوایەتی‌یەوە بەرگری لە بوون و مان و ژیانی خۆی کردووە، ئەگەر چی عەقڵی سیاسی هەمیشە هەوڵی داوە سوود لە هەستەسۆزی نەتەوەیی وەربگرێ ، بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسی حیزبایەتی ، بەڵام نەیتوانیوە ئەو هەستە سۆزە بگۆڕێ بۆ فکری کوردایەتی ، ئاشکرایە فکری نەتەوایەتی دژ بە ئاستی بەرژەوەندی حیزبایەتی و خێڵایەتی و ناوچەگەری‌یە ، عەقڵی سیاسی کوردیمان لە شاست باڵای کورد نەبووە، بۆیە نەیتوانیوە بە تێڕوانینی فەلسەفیانە گۆڕانکاری لە ئاستی هوشیاری سیاسی و ڕەوتی فکری و ئەخلاقی و ڕۆشنبیری خەباتی نەتەوەکەماندا باڵا دەست بێ کە خەونی دامەزراندنی دەوڵەت و زیندوو کردنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و تێڕوانینی نوێ بۆ داهاتووی نەتەوەکەمان بخاتەگەڕ ، ئاشکرایە لەدوای نەمانی دەوڵەتە مەزنەکەی مادەوە ، نەتەوەی کوردمان





خاوەنی هەموو بوونێکی نەتەوەیی‌یە و لە هەموو مافێکی نەتەوەیی بێ بەشە ، دابەش بوون و چەوسانەوە و ژێر دەستەیی بە باڵای نەتەوەکەمان بڕاوە ، خەباتی خوێناوی ژێر دەستەیی و کۆیلایەتی نەتەوەکەمان لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا بێ وێنەیە .. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە ، کە فکری نەتەوەیی لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی و زانستی بۆ نەتەوەی کورد دانەمەزراوە ، ئەگەر چی بازاڕی سیاسی کوردیمان مەزادخانەیەکی تالاّن فرۆش بووە بۆ فکری خواستەمەنی نەکلۆك لەگەڵ هەست و سۆز و ئازار و خەمی نەتەوەکەماندا ، نەبوونی مەعریفەیەکی فەلسەفی بۆ گۆڕینی ئەو هەستەسۆزە نەتەوەیی‌یە لەلای عەقڵی سیاسی کوردی بەشێکی تری گرفتی خەبات و تێکۆشانی کوردی بە فیڕۆ داوە ، سۆزی نەتەوایەتی بەشێکی فراوانی لە پانتایی لا شعوری گشت کوردێك داگیر کردووە ، نەشتوانراوە ئەو سۆز و هەستە نەتەوەیی‌یە بگۆڕێ بۆ فکری نەتەوەیی ، تا بتوانرێ لە خەباتی کوردایەتی‌دا وەك مەزهەب پێناسە بکرێ ، نەتەوەی کوردیش کە زۆربەی نەخوێندەوار و ناهوشیارە ..کاری گۆڕینی سۆز بۆ فکر هەروا ئاسان و سانا نی‌یە ، بەڵکو کەسانی وای دەوێت کە لە بوارەکانی فکر و فەلسەفەدا خاوەنی توانا و لێهاتوویی‌یەکی فەرهەنگی بێ ، لەبەر نەبوونی فکری نەتەوەیی هەمیشە نەتەوەی کورد قەدەری خۆی داوەتە دەست کەسایەتی‌یەکی هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان ، بۆ درێژەدان بە خەبات و بەرگری لە بوون و مانمان، ئەوانەی لە سەرکردایەتی کوردیماندا گرەوی مێژوی نەتەوەکەمانیان لە ئەستۆ بووە .. لە ئاستی خەباتی نەتەوایەتیماندا دور بین نەبوون بۆ دیاری کردنی نەخشەی چارەنووسی نەتەوەکەمان ، گومان لەوەدا نی‌یە کە گشت نەتەوەیەکی داگیر کراو هەمیشە لە کێشەی شۆڕش و خەباتدا خۆی ئەبینێ ، کە دژ بە داگیرکەرەکەی ئەجەنگێ ، هەروەها داگیرکەریش هەوڵ و تەقەلای لەگەڕدایە بۆ

توانەوە و ژێر دەستەیی و لەناو بردنی ئیرادە و ڕۆحی نەتەوایەتی .. ئەم دژایەتی‌یە لە خۆیدا فاکتەرێکە بۆ خولقانی  فکری سەربەستی و ئازادی نەتەوایەتی نەتەوەی ژێر دەستە ، ئەمە حەقیقەتێکی نەگۆڕە و تا مرۆڤ و نەتەوەی ژێر دەست هەبێ وەك دوو لای دژ بەیەك ئەمێنێتەوە ، فکری کوردایەتی ئەگەر لەگەڵ زەمەنی خەبات و هوشیار کردنەوەی نەتەوەکەماندا هەنگاو نەنێ ، بە ئاسانی عەفەویەتی دڵسۆزانەی نەتەوایەتی لەدەست ئەدات ، کاری سیاسی و خەباتی ڕەسەنی دڵسۆزانمان بەهەدەر دەچێ ، خەباتی نەتەوایەتیمان بەشێکە لە خەباتی مرۆڤایەتی ، تاکو نەتەوەکەمان و گشت نەتەوەکانی ژێر دەستە و چەوساوەی جیهان ڕزگاریان نەبێ ، بە سەربەخۆیی خۆیان نەگەن .. مرۆڤایەتی لە ئازار و چەوسانەوە ڕزگاری نابێ .

فکری نەتەوەیی بۆ هەر نەتەوەیەك لە بنەما و لە فۆڕما یەك فکرە ، ئەویش سەربەخۆیی نەتەوایەتی خواست و ئامانجێتی ، بەڵام کاتێ کە ئەڵێین فکری نەتەوەیی کوردی جیاوازی هەیە لە فکری نەتەوەیی عەرەب و تورك و فارس .. هۆکەشی ئەوەیە کە نەتەوەکانی دەوروبەرمان سەربەخۆیی نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەیە ، تێڕوانینی داگیرکەرانی کوردستان وەك داگیرکەر بۆ ژێر دەستە جیاوازە وەك سەردەستە بۆ ژێر دەستە ..

ئەوان خاوەنی هەموو بنەمایەکی نەتەوەیی و دەسەڵاتێکی زەمەنین ، کیانی سیاسی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان هەیە ، ئەوەی دەوڵەت و ئاڵا و پێناسەی نەتەوەیی لەدەست داوە .. تەنها نەتەوەی کوردە ، کەبەسەریاندا دابەش کراوە ، جا چۆن و بەچ جۆرێك فکری نەتەوەیی دەوروبەرمان و دوور لە ئێمەش .. دەشێ بۆ ئێمەی داگیرکراوی خاك بەش کراو ، فکری نەتەوەیی ئەڵەمانیاش کە دوو جەنگی جیهانی دۆڕاندووە و لەناو دڵی ئەوروپایەکی شارستانی تەکنەلۆژی ئەم سەردەمەدا





هاوسەنگی دەوڵەتانی پێشکەوتووی جیهانی یە، ناشێ کوت و مت وەك بەرگی خواستەمەنی بەبەری نەتەوەی کوردماندا بکەین .. لێرەدا ئەو ڕاستی‌یەمان بۆ ئاشکرا دەبێ ، کە پێویستە نەتەوەی کورد بۆ داڕشتنی فکری نەتەوایەتی پەنا بەرێتە بەر فکرێکی فەلسەفی ، کە دەقاودەق ئازار و خەم و چارەنووسی خۆی تیا بدۆزێتەوە ، لەبەر ئەوەی هەر فکرێکی نەتەوەیی بۆ هەر نەتەوەیەك ، هەڵقوڵاوی ناو هەناو و خەم و ئازارەکانی ئەو نەتەوەیە نەبێ ، بە فکرێکی نەزۆك پێناسە دەکرێ .

بۆ نووسینی ئەم کتێبە هەوڵم داوە فکری نەتەوەیی کوردی ، لەسەر چوار کۆڵەکەی فەلسەفی دابڕێژم ، وەك (فەلسەفەی زیندەگی) و (فەلسەفەی بوون) و (فەلسەفەی نامۆیی) و (فەلسەفەی ئازادی) .. کەوەك چوار کۆڵەکەی بنچینەیی تا بتوانین کۆشکی فکری نەتەوەیی کوردی لەسەر دابڕێژرێن کە دەقاودەق ئازار و خەم و چارەنووسی نەتەوەی کوردی تیا ئەدۆزرێتەوە ، نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی نامۆ بە بوونی خۆی و نامۆ بە نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی ، نامۆ لەئاست هەموو ئازادی و سەربەخۆیی و پێشکەوتنێکی شارستانی ئەم سەردەمەدا ، لە چوار بەندیخانەی خاکەکەیدا بەند کراوە و لە بچووکترین مافی نەتەوەیی ومرۆڤایەتی بێ بەش کراوە ، ئەمە حاڵەتێکی نامۆیی نەتەوەیی نەتەوەکەمانە کە ئەتوانرێ لە ڕێگەی ڕۆشنبیری و هوشیاری فەلسەفیانەوە لە حاڵەتی نامۆیی نەتەوەیی ڕزگار بکرێ .

فکری کوردایەتی بە تێڕوانینی فەلسەفیانەی، خۆی لە بازنەیەکی داخراودا گرێ نادات ، لە کێشەی ململانێی فکری و کیشەی مونافەسەی شەریفانەی سیاسی سڵ ناکاتەوە ، بڕوای بە ئازادی تاك و نەتەوە هەیە ، لەبەر ئەوەی دڵنیایە ئەمڕۆ نەتەوەکەمان بەرەو کامڵ بوونی عەقڵ دەچێ ، بوونی فکری جۆراوجۆرو مونافەسەی شەریفانە لە خۆیدا مانای زیندوویی زهنی و هوشیاری سیاسی دەسەلمێنێ ، واتە لە بوونی فرە

حیزبی بێ خەمە ، پانتایی فکری سیاسی کوردیمان پێویستی بە جموجووڵی عەقڵی و فکری هەیە ، کەوەك دیاردەیەك سەرتاپای جیهانی شارستانی گرتۆتەوە ، بوونی فرە حیزبی خۆی لە خۆیدا گۆڕەپانێکە بۆ ئەزموونی نوێ و قاڵ بوون و پاکژ بوونی فکری نەتەوەیی ، گۆڕانکاری عەقڵی کوردیمان لە پانتایی لاشعوورەوە بۆ پانتایی فکر، لەخۆیدا ناو دەبرێ بە دایلەکتیکی زهنی ، سۆزی نەتەوەیی لە حاڵەتی ئینفیعالەوە ئەگۆڕێ بۆ کاری فکری و ئیرادەی عەقڵانی ، تاکو ئەم سەردەمەش نەتەوەی کوردمان لێ ی بێ بەش بووە ، بیر و بردۆزی سیاسی و فکری فەلسەفی بە بێ ئیرادە و خواست و ویست و هوشیاری مرۆڤ لە واقیعدا ناتوانێ خۆی بەرجەستە بکات ، هەروەها مرۆڤیش ناتوانێ بەبێ فیکر و بیردۆزی سیاسی قەدەر و چارەنووسی خۆی بگۆڕێ ، لە ژێر دەستەیی‌یەوە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، ئەمەشە وامان لێ دەکا بڵێین کە ئەوەتا ، تاکو ئەمڕۆ لە خەباتی ڕزگاری خوازی کوردیماندا بەدی نەکراوە ، نەبوونی فکری نەتەوەیی بووە ، شۆڕشی یەك لەدوای یەکی نەتەوەکەشمان لە موغامەرەیەکی خوێناوی زیاتر بۆ بەرگری لە بوونی نەتەوەکەمان چی تری بەدەست نەکەوتووە ، کاتێکیش شۆڕشی کردووە بە هەرەس کۆتایی هاتووە و هەرەسیشی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی نوێ دەستەبەر کردووە ، شۆڕش بۆ هەرەس و هەرەس بۆ شۆڕش کەوەك هاوکێشەیەك هەمیشە بە بەرژەوەندی لایەك لە داگیرکەراندا شکاوەتەوە ، ئەمەش خزمەتێکی بەلاشە بووە بە داگیرکەرێك لە داگیرکەران .. فکری کوردایەتی دەرگا لەسەر هێز و توانا و دایلۆگی عەقڵانی و فکری لە بارودۆخی گونجاودا دەکاتەوە ، بڕوای بە کەناڵی لەیەکتر گەیشتن و دژایەتی خەباتی فکری هەیە ، کەناو دەبرێ بە (ئازایەتی ئەدەبی) ، بەمەش هێزە سیاسی‌یەکانی کوردیمان لە ئامانجێکی پیرۆزی نەتەوەییدا کۆ دەکاتەوە کە





سەربەخۆیی خاك و نەتەوەیە ، بەختەوەریشە بۆ نەوەی دواڕۆژمان ، هەروەها بڕوای بە یاسا و دەسەڵات هەیە ، کەلە خزمەت بەرژەوەندی نەتەوەکەماندا باڵا دەست بێ ، هەرچەندە پیاوانی خاوەن دەسەڵات لە حاڵەتی دوو جەمسەریدان ، بەتایبەتی لەنێوان هێز و خێردا ، لەبەر ئەوەی نە دەسەڵات بەبێ هێز و نە خێریش بەبێ جەماوەر دەستگیر ئەبێ ، فکری نەتەوەیی کوردیمان دژ بە دابەش کردنی خاك و نەتەوەکەیەتی ، کە بە شێوەیەکی سروشتی بۆی نەخولقاوە ، ئەو سنوورە دەستکردانە جەستەی نەتەوەکەمانی چوار بەش کردووە ، تەنها فکری نەتەوەیی‌یە کەوەك فکرێکی جێ کەوتە ئەتوانێ جەستەی بەش کراو بکاتەوە بە یەك و نەتەوەیەکی سەربەخۆ و سەرفراز ، کە دوور لە چەوسانەوە بێ بۆ نەوەی داهاتوومان مسۆگەر بکات ، ئاشکرایە نەتەوەی کوردمان لە هیچ سەردەم و ڕۆژگارێکدا نە بێ چەك بووە وەنە لە چەکی کەم بووە ، تەنها لە فکری نەتەوەیی نەبێ ، ئەمڕۆکەش کە فکری نامۆیی نەتەوەیی وەك پێویستی‌یەکی مێژوویی لەدایك بووە ، لەدایك بوونەکەشی سروشتی‌یە و لەئاست باڵای نەتەوەکەماندایە ، نەتەوەکەمان لە دیاردەی نامۆیی نەتەوەیی ڕزگار دەکات ، ئەو نەتەوەیەی ژێر دەستە بێ و گشت بەها و مافەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و ئازادی و سەربەخۆیی لەدەست دەر دەچێ ، تاکو زەمەنی ژێر دەستەییش درێژە بکێشێ حاڵەتەکانی نامۆیی زیاتر سەرانسەری هۆش و ژیانی نەتەوەکە دادەپۆشێ ، نەتەوەی نامۆ گوێ لە دەنگی ناخی خۆی ناگرێ.. ناتوانێ بە قوڵایی ناخیدا شۆڕ بێتەوە ، ناگاتە حەقیقەتی وجودی خۆی ، خۆ پەرستی دەبێتە دیاردەیەکی بەد ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تێکشکانی بەهای کەسایەتی خاوەن ئیرادە و بڕیار ، کە ئەمانەش هەمووی ئەبنە هۆی نەمانی تەبایی ڕۆحی و لێبووردنی تەوازوعی و نەرمی هۆش و جموجووڵی زهنی و ئازادی فکری و

قەناعەتی مەنتقی ، کەسانی نامۆ بە پێچەوانەی ئیرادەو خواستی خۆیەوە کار ئەنجام ئەدات ، لەگەڵ هەستی خۆشەویستی و سۆزی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی‌دا خۆی ناگونجێنێ ، بەڵکو دژایەتیشی دەکات ، کەسێکی نامۆ وەك ئەو لاوە وایە کە بۆ کیژێك خۆی دەکوژێ ، ئەو خۆ کوشتنەش بە کارێکی پیرۆز دەزانێ ، بەڵام لەبەر دەم لەشکری داگیرکەری خاك و نەتەوەکەیدا هەڵ دێ ، ئەمەش بەهۆی شکستی ئیرادە و نەبوونی ڕۆحی خۆشەویستی ڕاستەقینەوەیە ، حاڵەتی نامۆیی جموجووڵی زهنی شێواندووە و هێمنی و ئارامی ناخی ئاڵۆز کردووە ، ڕەش بینی و وون بوونی خودی خۆی لا بەرجەستە بووە، ژیانی ڕۆژانەشی دەکاتە کۆیلەی کاری ڕۆتین و خۆی بەو شتانەوە خەریك دەکات کە کاتی بە فیڕۆ بدات ، هەروەك دەستێك بە نهێنی کاری پێ بکات ، هەرجارە مەزاجێکی لا دەخولقێنێ و ئارەزوویەکی لا پەسەند دەکات ، کەبەهۆی چاو لێکەری‌یەوە هەڵی دەبژێرێ ، هەمیشە ملکەچی هێزە و حاڵەتی خۆ بەدەستەوە دانی لا پەسەندە ، جا چی بۆ شەڕ و شۆڕ بی ، یان بۆ بازاڕی کار و بەرهەم هێنان ، کەسایەتی نامۆ لە خودی خۆیدا هێز نابینێ و شکستی ئیرادەی پاڵی پێوە دەنێ پەنا بۆ دەسەڵاتی زەمەنی بەرێ و لەباتی یاخی بوون و بەرەنگار بوونەوە ، ملکەچی و کۆیلایەتی هەڵدەبژێرێ ، مانەوەی نامۆیی تاك و نەتەوە ، حاڵەتێکی ترسناکە بۆ خەفە کردنی ژیانی نەتەوایەتی و لەدەست دانی موقەدەساتی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی، ڕزگار بوونیش لە نامۆیی نەتەوەیی ، هوشیاری فکری و فەلسەفی ئەوێت .



( نامۆیی نەتەوەیی )

# سـۆزی نەتەوەیی

خۆشەویستی ئەو تێڕوانینەیە کە مرۆڤ لە ئاستی خود پەرستیەوە بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاستی مرۆڤایەتی .. لە حاڵەتی تاکەوە ئەگاتە حاڵەتی گشتی ، واتە لە خودی خۆمانەوە بە خودی کەونی ئەگەین ، سۆزی حەقیقی جموجووڵی زهنی لەخۆ دەگرێ ، بە پێچەوانەی سۆزی حەقیقیەوە خود پەرستی هەیە ، کە نەك تەنها خۆی ، بەڵکو کەسیشی خۆش ناوێ ، بێ توانان لە مومارەسە کردنی خۆشەویستی کەسانی دەوروبەری ، لەبەر ئەوەی سۆزی خوود پەرستان ، لە عەقلانیەت و گەیشتنە خودی حەقیقی دوور دەکەونەوە ، نامۆیی و بێ ئارامی فکر و دەروونیان ، ئەیانکاتە کۆیلەی پێوەند کراوێك ، کەلە کۆیلایەتی دا بتلێنەوە ..

ئاشکرایە خۆشەویستی پێویستی بە هونەری خۆشەویستی هەیە ، هەروەك (هیر قلیتس) ئەڵێ (( ئەوەی ئەنوێ دونیای بۆ خودی خۆی ئەوێ ، ئەوەشی بەخەبەرە دونیای بۆ گشت ئەوێ )) .

لەڕاستیدا سۆز و خۆشەویستی بریتی نیە بە بەخشینی ژیان بۆ ئەو کەسەی خۆشت ئەوێ ، بەڵکو ئەو هێزە زیندووەیە ، کە ئەتوانێ بەو کەسەی ببەخشی ، خۆشت ئەوێت ، لە خۆشی خۆتی بدەیتێ ، لە خەم و پەژارەی خۆتی بدەیتێ ، لە گشت خەم و ئازار و پەژارەیەکیدا بەشداری بکەیت ، نەفسی حەقیقی خۆی لە جموجوولێکی زهنیدا ئەبینێ.. کە سەربەستی ڕاستەقینە سەر بخات ، لە کۆیلایەتی و خۆ فەرز کردن و خوود پەرستی ڕزگار ببێ ، سۆز و خۆشەویستی حەقیقی لای مرۆڤ ، چ وەك تاك ، چ وەك کۆمەڵ ، دۆزینەوە و پیادەکردنی سەربەستی و ئازادی حەقیقیە ، کە هۆیەکی سەرەکیە بۆ بەختەوەری تاك و کۆمەڵ ، هەرکاتێك مرۆڤ





توانی خۆی لە قووڵایی ئەو سۆز و خۆشەویستیەدا بدۆزێتەوە ، ئەو کاتەش ئەگاتە حەقیقەتی خودی خۆی و تەحقیقی خوودی ئەکات . لەبەر ئەوەی زانست سەلماندوویەتی ، کە مرۆڤ لە ڕێگەی عەقڵ و سۆزیەوە ئەبێ بە مرۆڤێکی کامڵ لەناو کۆمەڵدا .

مرۆڤی خوود پەرست هەمیشە ناتوانێ دەرکی ئەوە بکات ، کە ئەبەدیەت بە ئەمڕۆوە پابەند بکات ، بەپێی مەبدەئی (ئیکتیفای زاتی) ، ئەوەی بەرژەوەندی زاتی لەسەر حیسابی کەسانی تر فەرز ئەکات ، هەمیشە ئەیەوێ لەسەر ڕووبەری ژیان بژی ، هەرگیز ئەو کەسانە دەنگی ناخیان نابیستن و لەمەبەستی وجوودی خۆیان شارەزا نابن ... ئەگەر چی ڕۆچوون بەناخی مرۆڤدا بۆ گوێ گرتن لە خەم و ئازار و پەژارەی مرۆڤایەتی ، خەمبار و پەژارەمان ئەکات ، بەڵام قووڵایی ژیان و قووڵایی فکرمان ئازاد ئەکات ، لە کۆیلایەتی ڕۆتین و چەوسانەوەی ویژدانی و شکستی ڕۆحیمان ، ڕۆچوون بە قووڵایی فکر و ناخی مرۆڤدا ، ڕۆچوونە بۆ گەیشتنە مانای ئازادی و ئازادی حەقیقی و سۆز و خۆشەویستی ڕاستەقینە ، دوورە لە هەڵچوونی عاتیفی ، بەڵکو ڕۆچوونە بە ئەنتۆلۆژیای ئەوین دا ، ژیان بریتی بێ لەو بوونە لە واقیعدا هەیە ، ئەوین هێزی بزوێنەریەتی ، ژیانی بێ ئەوین ژیانێکی بێ بوونە ، ئەگەر نامۆیی خودی بۆ یەك جەمسەری ژیان خۆی فەرز بکات، ئەوین ئەو هێزەیە دوو جەمسەری ژیان گرێ ئەدات ، خەمبارترین مرۆڤیش ئەو کەسەیە ، دەروونی بە خودی نامۆیە، ئەگەر ئازادی مرۆڤ بریتی بێ لە سەرکەوتنی ناخی بەسەر زرووف دەوروبەریدا .. پێویستە ناخ و خودی لەیەك بوونی بەهێزدا بەرجەستە بکات ، بۆ ڕزگار بوونی لە نامۆیی .

ئەوین و سۆزی مرۆڤ ، هەمیشە زیندوو بوە ، چ لە ناخی مرۆڤدا ، چ لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ، بەڵام لە تاریکی ناخ و مێژوودا شاراوە بووە،

بەڵام هەرگیز شاراوە نەبووە، لای ئەو کەسانەی بە قووڵایی ناخیان گەیشتوون ، ئەو کەسانەش کەبە ناخی خۆیان ناگەن ناشگەنە سۆزی حەقیقی ژیان و لە ڕوانگەی ئەو شتانەدا ئەژین، کە گشت شتە ڕۆحی‌یەکان و شتە مادی‌یەکان بە چاوێك ئەبینن ، بەیەك پێوەر نرخی ئەدەنێ ، خود پەرست خەڵکی بە گشتی خۆش ناوێ ، بەڵکو خودی خۆشی خۆش ناوێ، هەرکاتێ مرۆڤ خودی خۆی لەدەست بدات ، هەرگیز بە خوودی حەقیقی خۆی ناگات ، بەناچار مومارەسەی ئەوینێك ئەکات ، کەلە خودی بەدەری ئەکات ، لە خودی خۆی هەڵدێ و مومارەسەی ئەوینێکی وەهمی ئەکات ، کەنە ئازادی خود و نە بە کامڵ بوونی خودی دەگەیەنێ ، بەڵکو بە شێواوی گشت پەیوەندی‌یەکانی خوود و دەوروبەری هەڵدەسەنگێنێ ، تەنانەت ئەو زمانەی قسەی پێ دەکات ، وەك زمانی خۆی نەبێ ، هەمیشە قسەکانی دژ بە خودی حەقیقی خۆیەتی ، تێکشکانێکی ڕۆحی بەخۆیەوە ئەبینێ ، کە ناتوانێ مەملەکەتی ناخی هاوجووت بکات، لەگەڵ مەملەکەتی بوونیدا .

ئاشکرایە ئەوینی حەقیقی لە ئاسمانەوە وەك خەڵات بە مرۆڤ نەبەخشراوە ، لە فکری مرۆڤدا بە فرمانێکی پیرۆز دانراوە ، نکۆڵی لەوە ناکرێ کەلە سۆزدا بەشێك لە عاتیفە و هاوخەمی و هاوبەشی ئازار دەگرێتەوە ، لەبەر ئەوەی عاشقان لە گشت کەس زیاتر هەست بە درامای بوونی مرۆڤایەتی ئەکەن .. ئەگەر چی مانای ئەوین ، هەندێ جار تێکەڵاوی مانای موڵك داری بێت ، دەست بەسەردا گرتنی پێ دراوە ، لەڕاستی‌دا هیچ شتێك ناگاتە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤایەتی .. خۆشەویستی حەقیقی هەرگیز نایەوێ مڵکداری و دەست بەسەرا گرتن بکاتە دروشمی بوونی ، بەڵکو ئامانجی ڕاستەقینەی یەکگرتن و بەیەك گەیشتن و ئاشکرا بوونی نهێنی ئەو ئەوینەیە کەبەرجەستەی ئەکات و سنووری خود و ئارەزووی ئەشکێنێ و پەیوەندی خود





لەگەڵ خودی بەرامبەردا دەخولقێنێ ، ئەوینی حەقیقی پێکهاتنێك نی‌یە لە ئارەزوویەکی کوێرانە و بەس ، بەڵکو هەستێکی ویژدانی و ڕووناکەرەوەی ناخی مرۆڤە ، تەوەری سەرەکی بوونی مرۆڤە .. رزگار بوونی مرۆڤە لە بوونی بابەتی موڵك داریەتی بەرامبەرەکەی ، ئەوینی حەقیقی لەسەر هاوکاری و هاوبەشی دوولایەنە بۆ خەم و ئازار و بەختەوەری دادەمەزرێنێ ، ئەگەر ئەوین وا نەبێ ، خۆی لە خۆیدا دژ بە ئەوین ئەبێ ، دابەزین لە گشت تێربوونی نێرگزی مەرجێکی بنچینەیی ئەوینی حەقیقی‌یە ، ئاشکرایە زانیاری قازانجی بۆ تاك و کۆمەڵ هەیە، بەڵام چۆن ئەوین لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ ئەبێت ؟ .. کاتێ مرۆڤ ئەکرێتەوە بۆ هەستەسۆزی و لەبازنەیەکی تەسکی داخراودا ڕزگاری دەبێ ، هەوڵ و توانای بۆ بەرزی باڵدەگرێ و هێمای حەقیقی ئەوین و سۆزی ڕەسەن ئەدۆزێتەوە و خۆی لەدەست خوود پەرستی ڕزگار دەکات ، بەهۆی لەدەست دانی خوود پەرستی‌یەوە ، مرۆڤ دەگاتە حەقیقەتی خودی خۆی و بەجەوهەری مرۆڤایەتی ئەگات .. هەست بە خوود کردن دیاردەیەکی مرۆڤایەتی یە ئەبێ ئەوەش بزانین ، کە خوود پەرستی دوورترە ، لە هەست بە خوودکردن لەبەر ئەوەی خوود پەرستی هەڵوەشانی کەسایەتیە، هەست بە خوودکردن خۆدۆزینەوەیە لە هەستی ئەویندا .... خوود پەرستی ئەو ڕەوشتەیە خۆی بە خوودەوە ئەبەستێتەوە ، کە دوورە لە ئەوینی خوودی .. بەڵام هەست بەخوودکردن ، ئەو سۆزە ڕەسەنە لەخۆ دەگرێ کە بە هیچ وێنەیەك لە خوودپەرستی ناچێت ، چونکە خوود پەرستی گرنگی دانێکی لە ڕادە بەدەر بەخوود ئەدات بێدەسەڵاتی دەکات ، لە ئەوینی خوودی خۆی ، کە لە ئەوینی کۆمەڵیش بەدەر ئەبێ .... ئەم گرنگی لە ڕادە بەدەرە بەخوودانە رێگە لە هەستی بەخوود گەیشتن دەگرێ و ناتوانێ لە بازنەی داخراوی خوودی خۆی ڕزگار بکات ، کۆمەڵەکەی دەوری خۆی

خۆش بوێت .... خۆشەویستی خوود بەشێکە لە خۆشەویستی کەسانی تر ، ئەوکەسەی نەتوانێ لە خوودی خۆیەوە تیشکی ئەوین بەدەر بکات بۆ دەرەوەی خوودی خۆی ، ناشتوانێ بە خۆشەویستی حەقیقی : کەسانی دەوروبەری بگات .. واتە ئەوین ئەزمونێکی ئەنتەلۆجی قوڵە کەلە تەنهایی خوودی سارد و سڕی ژیانەوە ، ڕوو لەگەرمی و هاوبەشی ژیانی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی دەکات ... دابڕان و دوورە پەرێزی ناو کۆمەڵ ، ژیانێگی دوور لەمانایا بۆ مرۆڤ ، ئەگەر چی هەندێ جار مرۆڤ ، هەست بە تەنهایی خوودی خۆی ئەکات ، بەڵام ئەو تەنهایی یە ، کاتی یە و بۆ شۆڕ بوونەوەی ناخی مرۆڤ پێویستە ... کەسێك هەست بە دابڕانی کۆمەڵ بکات هەمیشە ئەو کەسە کەسێکی ئاسایی نی یە و گرفتێکی دەروونی ناخی ئاڵۆز کردووە ، شیرازەی ژیانی شێواندووە .. لێرەدا گرنگی نادەین بەوکەسانەی تووشی گرفتی دەروونی خۆبەزل زان بوون ، لە بەرئەوەی ئەو جۆرە کەسانە ، ئەوین بە لاوازی کەسایەتی ئەزانن ، بەهۆی بێوەرەیی خوودەوە ئەوین ڕەت دەکەنەوە ، کە ئەم ڕەت کردنەوەیەش وێنەیەکی کوێرانەی ژیانە بۆ کەسانی خود پەرست بە گشتی ، ئەوینی حەقیقی دان پیانانە بە ژیاندا بە ماناو بوونی دا ... بەبوون و بەردەوامی ژیاندا ئەوین بەرگ بە بەری کارو هەڵوێست و مەبەستی بووندا ئەکات ، فێرمان ئەکات کە مانای حەقیقی لە زەرووەرەی بوون دایە ، لە بوونی نەتەوەدایە لە بوونی مرۆڤایەتی‌دایە ... ئەوین جوانترین وەڵامە بۆ کێشەی نەزانراوی بوونی مرۆڤایەتی ... تاوان و خۆکوشتن و گەلێ گرفتی دەروونی تر بەهۆی نەبوونی ئەوینی تاك بۆ نەتەوەکەی و نەبوونی ئەوینی پیرۆز بۆ مرۆڤایەتی سەر هەڵ ئەدات ، نەبوونی ئەوینی ڕاستەقینە لە لای مرۆڤ ئەبێتە هۆی دابەزینی بۆ ئاستی ئاژەڵی لە بوونی دا ....گرفتە دەروونی یەکانی ناو کۆمەڵ ، وێنەیەکە لە وێنە تاریکە ترسناکەکانی





ژیانی مرۆڤایەتی ، کە بەشێکی چارەسەری بەهۆی گەڕانەوەی ئەو کەسانەوەیە بۆ جیهانی ئەوین و خۆشەویستی و نەتەوەو مرۆڤایەتی ، لەبەر ئەوەی هەژاری هەستی ئەوین ، لە لای مرۆڤ هۆیەکی وێنەی تاریکی ژیانیەتی ... تەنها ئەوین ئەتوانێ ، لە بەندیخانەی تەنهایی و بێهوودەیی و گرفتی دڵە ڕاوکێ و خۆ لە دەست دان ، مرۆڤ دەرباز بکات .. ئاشکرایە کە بێ توانایی مرۆڤە لەئاست سۆزو ئەوینی کۆمەڵ و نەتەوەکەیدا بە کەسێکی لادەر دادەنرێ ، هێزی ڕزگار بوون ئەو هێزەیە کە ئەوینی سۆزداری نەتەوە بۆ تاکی بەرجەستە دەکات ... لەبەر ئەوەی تەنها لە سۆز و ئەوین دا سۆزو ئەوین چرۆدەکات ... کاتێ بەخشین هەبێ مانای هێز هەیە .. کاتێ بەخشین نەبێ مرۆڤ هەست بە تواناو هێزی ناکات .. تەنها کەسانی لاواز بەخشین بە هەژاری ئەزانن ، ئاشکرایە لەزەتێك لە بەخشین دا هەیە لەسەندن دا نی یە .. سۆزو ئەوین لە خۆی دا ، ئەو بەخشینەیە کەمرۆڤ خوودی خۆی ئەبەخشێ بەنەتەوەکەی بۆ ئەوەی مانای حەقیقی بوونی خۆی بەرجەستە بکات .. ئەم ڕاستی یەشە کە ووتویانە ئەوین لە مردن بەهێز ترە .... مردنێك لە پێناو نەتەوەو خاك دابێت ، نەمری و سەربەرزی بۆ مرۆڤ و بوونی حەقیقی بە جێ دەهێڵێ ... ئەگەر مرۆڤ لە مانای حەقیقی ژیان و بوون تێگەیشت ئەو کاتە بە ئاسانی ئەو ڕاستی یەی بۆ دەرئەکەوێت ، کە هاوبەشی نەتەوەکەی لە غەم و ئازارو لێقەوماندا بکات ، هاوبەشیەکی بە پێزو و پیرۆزە بۆ ئەنجام دانی مانای ژیان ... پێویستە مرۆڤ و نەتەوەکەی بەهۆی سۆزو خۆشەویستی‌یەوە کۆبێتەوە و خەبات بۆ سەرفرازی نەتەوەکەی‌بکات ، بەختەوەری و گۆڕانکاری نوێ نەوەی دواڕۆژ مسۆگەر بکات ... لێرەدا ئەتوانین خۆشەویستی ئەو ئەزموونە بە پێزەیە کە ئەبێ بەهۆی چنینی کیانی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی لە سەر ئەم گۆی زەوی یە ..

# هەستی نەتەوەیی

ئەو مانایەی کە مرۆڤ خۆی بە خاوەنی ئەزانیٚ و لە خوودی خۆی و جیهان و دەووروبەری پیٚ ئەڕوانیٚ .. لە بۆتەی فکرو هەست و سۆزی دا بەرهەمی دیٚنیٚ هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی یە.

ئەو کەسانەی توانای ئەوەیان نی یە ، هەستی هووشیاری گەر بخەن ، بۆ قولٚ بوونەوە لە مانای حەقیقی ژیان ، پەنا ئەبەنە بەر مانایەکی تەسکی ژیان و تەمەنیان ، لەسەر ڕووی ژیان گووزەرپیٚ ئەکەن و ژیانیان بۆ مردن ، هەڵدەبژێرێن نەك مردنیان بۆ ژیانێکی نویٚ و داهاتووی سەرفراز ..

تەنها پێوانەیەك بۆ ئادەمیزاد دانرابیٚ ، بۆ خۆی و خەڵکیش ئەو پێناسە یەیە کە مرۆڤ بتوانیٚ خزمەت بکات بە بوونیادی بوونی خۆی و نەتەوەکەی .. خزمەت کردنی نەتەوەلە خۆیدا خزمەت کردنی خوودی مرۆڤە .. کەسێك نی یە لەم زەوی یەدا بەختەوەری خۆی لە بەختەوەری نەتەوەکەی جیابکاتەوە تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە گرفتی دەروونی ژیانی شێواندون ، ئەو کەسانەش کە سەرکەوتنیان بەسەر نەتەوەکەیاندا فەرز دەکەن واش لە خەڵکی دەگەیێنن کە لە پێناو ئەواندا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە ، بە هەڵەدا چوون ، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی تاك سەرکەوتنێکی کاتی یە ، کە بەتەمەنی ئەو کەسە کۆتایی دێت ، بەڵام سەرکەوتنی نەتەوە ئەبەدیەت بەخۆیەوە ئەبینیٚ ، کە بیٚ کۆتایی یە هەرکارێکی تاکیش بۆ خزمەتی نەتەوە بێت سەربەرزی و نەمری بۆ ئەوکەسە دیاری دەکات ، نەمری تاك بۆ مرۆڤ محاڵە ئەگەر لە خزمەت نەتەوەکەیدا نەبێت ، واتە نەمری تاك لە نەمری نەتەوەدایە پانتایی ژیان بۆ تاك تەمەنێکە ئەگەر بە خۆشەویستی پڕ نەکرێتەوە مانا بۆ ژیان نادۆزرێتەوە ، لە هەموو کاتێکدا تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان و دورووبەری ڕنگ

دانەوەی ئەو وێنەیەیە کە بەهۆی فکرو سۆز و عقڵ و ئیرادەیەوە تێ دەڕوانێ ، هەرکاتێکیش شێوازی هەڵە بۆ ژیان هەڵبژێرا ، چارەنووسی ئەو کەسە لە چارەنووسی نەتەوەکەی دووردەکەوێتەوە ، ئەو کەسە بە قوڵی لە ژیان و لە بوون و کێشەو پەیوەندی یەکانی فکری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی تێ نەگەیشتووە ، تێڕوانینی بۆ هەستی نەتەوایەتی ڕووناک و گەش نەبووە .

ئاشکرایە تێڕوانینی ڕووناک و گەشبین بۆ چارەنووسی تاك ونەتەوە تایبەتمەندی فکری و بەهرەی (حدسی) ئەوێ ، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێك لە زانایان و فەیلەسووفان گرنگی‌یان بە پەیوەندی تاك و کۆمەڵ داوە ، زانیاری وزانستی‌یان بۆ داڕشتووە ، ئەگەر چی بۆچوون و تێڕوانینی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە ، بەڵام لەسەر خەوشی مرۆڤایەتی زانیاری و چەمکەکانی فەلسەفی‌یان ئاوێتە کردووە ، ئەو گیان لەبەرەی کە توانای ڕەت کردنەوە و سەلماندنی زانیاری زانستی و فەلسەفی هەبێ تەنها مرۆڤە کە ئەتوانێ پەیوەندی ژیانی بە واقیعی خۆیەوە دیاری بکات ، چاك و خراپ لەیەکتر جیا بکاتەوە .

هەر قۆناغە لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا خاوەنی بیر و بۆچوون و تێڕوانینی فکری خۆی بووە بەلای موفەکیر و فەیلەسوفەکانەوە ، کە گرنگی‌یان داوە بە هوشیار کردنەوەی مرۆڤ ، بەرز کردنەوەی ئاستی فکری یان بۆ ئاستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بووە، یارمەتی ئازایەتی تاکیان داوە ، بۆ تێگەیشتنی ئەو هۆیانەی تووشی شکست و مانای بێ هوودەیی ژیانی کردوون ، بۆ ئەوەی بتوانن لەو ماوە تەمەنە کورتەی تاکدا نەمری بە بوونی نەتەوەکەیانەوە پابەند بکەن ، ئەگەر تاك نەتوانێ لە ڕێگەی هوشیاری و تێگەیشتنەوە دەست لە کارە تایبەتمەندی‌یەکانی خودی خۆی هەڵگرێ .. ژیانی وەك بۆشایی‌یەك پڕ دەکاتەوە بێ ئەوەی بتوانێ نەمری بۆ خۆی و نەتەوەکەی مسۆگەر

www.halabja.info




بکات ، زانست ئەوەی سەلماندوە کە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە کێشەی نەتەوە و مرۆڤایەتی بشارێتەوە ، لەبەر ئەوەی بوونی مرۆڤ لەو تەمەنە کەمەی دا وەك هاتنی بێ مانایە ڕۆیشتنیشی بێ مانا ئەبێ ، ئەگەر چی لەم بوارەدا تێڕوانینی جۆراوجۆر هەبێ ، بەڵام ئەوەی لەسەر بنەمای فکری و زانستی ئاماژەی بۆ دەکرێ ئەو هەستەیە کە پێی دەووترێ (هەستی نەتەوایەتی) کە ئەبێتە هۆی پێناسە کردنی تاك و هەڵسەنگاندنی کارەکانی لەناو نەتەوەکەیدا ، پێویستە ئاستی هوشیاری مرۆڤ بۆ نەتەوایەتی لەگەڕدا بێ، تەنها لە ڕێگەی هوشیاری هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی‌یەوەیە مرۆڤ ئەتوانێ بەرگری و بەربەستی گرفتی نا لەباری جۆراوجۆر بکات و بگۆڕێ بۆ کاری پیرۆزی پڕ ئەزموونی ڕێ ڕەوی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی ، کەبەهۆی دابین کردنی یاسا و دەستوور و پەروەردە و فێرکردنی مرۆڤەوە نەتەوە بەرەو پێشکەوتن و ژیانی شارستانی ئەچێ ، هوشیاری تاك پێویستی بە پەروەردە کردنی خێزانی هەیە کەلە منداڵی‌یەوە دەست نیشان ئەکرێ هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی‌یان بۆ دیاری ئەکرێ، فێری زمانی عەقڵ و دایلۆگی عەقڵانی ئەکرێن ، خۆشەویستی و هاریکاری ، خۆ بەخت کردن لە ناخیدا پەروەردە دەکرێ ، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو قەناعەتەی کە دواڕۆژی ئەوان بەستراوە بە دواڕۆژی نەتەوەکەیانەوە ، فێر بکرێن کە ئەم گۆی زەوی‌یە موڵکی گشت نەتەوەیەك و مرۆڤایەتی‌یە فێری هاریکاری ، یارمەتی یەکتری بکرێن ، دژ بە گشت چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بن ، تاکو چەوسانەوە هەبێ .. مرۆڤ و نەتەوە وە مرۆڤایەتی ناگاتە بەختەوەری و غایەی کەینوونی دروست بوونی مرۆڤ .

زانست بۆی سەلماندووین ئەو شتەی پێی بووترێ لەش لە ناخیدا ئەیەوێ ببێت بە کۆ ، بەمەرجێ زیندوو بێ ، هەروەك چۆن گەردیلەیەکی زیندوو دەبینین وەك

www.halabja.info

(ڤایرۆس) هێزێکی زیندووی تایبەت بە خودی خۆی هەیە ، کە سنووری توانا و کاری دیاری کردووە، غایەی بوونی زۆر بوون و گۆڕان کارییە بۆ بەرگری لە خودی خۆی ، ئەمەش ئەو ڕاستیەیە دەسەلمێنێ کە غایەی بوونی مرۆڤ بەهۆی هوشیاری عەقلێیەوە هەوڵ ئەدات زۆربێ و بەرەو پێشکەوتن بچێت ، هەروەك چۆن گەردیلەیەکی زیندوو لە شانەیەکی زیندوودا گشت کارەکانی بۆ خزمەتی شانەکەیە ، هەروەهاش ئەبێ مرۆڤ خزمەت بە خۆی و نەتەوەکەی بکات بۆ زۆر بوون و پێشکەوتن و پارێزگاری لە بوونی خۆی و نەتەوەی ، کە ئەم پارێزگارییەش پارێزگارییە لە بەشێکی مرۆڤایەتی .

ئەو کەسەی نەتوانێ کە نەوەی دوای خۆی وا پەروەردە بکات کە هێزی بەربەرەکانی توانای گۆڕان کاری بۆی بخولقێنێ ، ناشتوانێ نەوەی داهاتوو بە چارەنووسی خۆی بگەیەنێ ، ئەگەر پێی وا بێ هەرکەسە بە تاکی لەناو کۆمەڵدا کێشە و گرفتەکانی داهاتووی ئەتوانێ چارەسەر بکات ، ئەبێ چاوەڕوانی داڕووخان و دارمانی نەوەی نوێی بکات ، لەبەر ئەوەی ڕووبە ڕوو بوونەوەی کێشە و گرفتەکانی نەوەی نوێ کاری هاوبەش و هەستی نەتەوەیی و پەروەردەی ئەخلاقی و ویژدانی مۆرڤایەتی گەرەکە ، هەست کردنی مرۆڤ بە لاوازی ڕۆحی لەبەرامبەر کێشە و گرفتەکانی ژیانی دوا ڕۆژدا پێویستی بە بەهێز بوونی ئیرادە و پەروەردە بوونێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی هەیە ، تا بتوانێ چارەسەری ڕاستەوخۆ بدۆزێتەوە .

ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەروونی خۆ بەزل زان ئەبن ، هۆی نەبوونی پەروەردەی هەستی نەتەوەیییە کەلە خێزانەکەیەوە پێی نەگەییوە ، ئەم جۆرە کەسانە بەهۆی گومان و ترس و دڵە ڕاوکێوە بە ئاسانی گۆڕانکاری لە کەسایەتی خۆیاندا ناکەن ، تاکو هەست بە هەڵەی پەروەردەیی خێزانی خۆی نەکات و لە





پانتایی لاشعوریدا هەڵی نەتەکێنێ ، کاتێك ئەو کەسانە ئەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەڵ هاوبەشی ئەکەن لە ئامانج و خواستی نەتەوەکەیاندا ، کەسایەتییەکی نوێ دروست دەکەنەوە بۆ خودی خۆیان و بە کەینوونەی خودی خۆیان ئەگەن .

ئاشکرایە بەخێو کردنی منداڵ بە نازدارییەکی لە رادە بەدەر هۆیەکی سەرەکییە بۆ لەدەست دانی سۆزی نەتەوایەتی لای ئەو منداڵە ، ئەم جۆرە کەسانەش کاتێ گەورە دەبن هەموو کاتێ لە دوو دڵی و دڵە ڕاوکێ و هەڵچوونی لاشعوری و ئاڵۆزی بیر ڕزگاریان نابێ ، لەناو خەڵکیدا بەئاسانی ئەناسرێن و پەنجەیان بۆ درێژ دەکرێ، لەبەر ئەوەی هەمیشە ناڕازیو ناکۆکن لەگەڵ ئەو کارەی ئەیکەن ، دروشمی ژیانیان لە چوار چێوەیەکدا کۆ دەکەنەوە کە بریتییە (یا ئەبێ هەموو شتێك بم ، یان ئەبێ هیچ شتێك نەبم ) . هەمیشە ئازاری گیانی خۆی لا چاکترە لە بریندار بوونی کیبریائی ، ئەگەر چی ئەو شتانە ڕەت دەکاتەوە کە سوودی پێ دەبەخشێ بەڵام لە ناخەوە مەبەستێکی کەی

هەیە ، ئەو مەبەستەش چاوەڕوانی سوودێکی گەورەترە ، لەبەر ئەم هۆیەشە هەمیشە ئامادەیە بۆ پاشە کشێ کردن و پاساو هێنانەوە و خۆ دەرباز کردن لەسەر حسابی خەڵکی ، هەستی نەتەوایەتی لە دایکەوە منداڵ فێر دەبێ ، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ منداڵەکەیدا هەیە .. ئەو پەیوەندییەش پێویستە کە پەیوەندی یارمەتی و هاوکاری بێ ، وەك هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەو منداڵە کە فێری یارمەتی و هاوکاری و خۆشەویستی بکات، بە دوایدا باوك وبرا و دراوسێ و هاوڕێ، بۆ ئەو منداڵە وەك بنەمایەکی سەرەکی پێویستە فێری هوشیاری و هاوبەشی ، ژیان بکرێ ... بۆ ئەوەی فێری یارمەتی دانی خەڵکی ببێت ، بە شێوەیەکی ئاسایی .. ئەوەی پێی بکرێ بۆ خزمەتی نەتەوەکەی تیاکەم تەرخەمی نەکات .. بە پێچەوانەوە ئەگەر دایك

له ڕادەبەدەر منداڵەکەی نازدار کرد و نازی کێشا ، ئەو منداڵە فێر ئەبێ کە ڕوو لە ژیانی مشەخۆری بکات ، لە دایکی یەوە تا دەگاتە دوا کەسێ کە ئەیناسێ ، وە یان ناشیناسێ ، ئەبێ لە خزمەتی ئەودا بن ، بە فەرمانی ئەو کار بکەن ، ئەو منداڵانەش کە گەورە دەبن لە سروشتی‌یاندا کەسایەتی‌یەکی خۆ پەرستی لێ دەردەچێ ، ئاشکراشە کەسانی خۆ پەرست هیچ کات ناتوانن خزمەت بە نەتەوەکەیان بکەن ، ئاشکرایە تروسکەی هونەری ژیان لە چاوی خاوەن فکرەوە بەدی دەکرێ ، گومانیش لەوەدا نی یە کە هەموو تاکێك خاوەنی ژیانی خۆیەتی کە تایبەتمەندی هەیە بەخودی خۆیەوە ، هیچ کاتێکیش لە بەرژەوەندی کۆمەڵدا نی‌یە کە تاك دووبارە بوونەوەی کەسانی کە بن ، چ لە فکر و تێڕوانیندا وە چ لە کار و ئەزموونی ژیاندا ، ئەگەر چی ژیانی تاك بریتی نی‌یە لە ئەزموونی بەتەنها ژیان ، بەڵام ئەوانەی ئەزموون و فکری ژیان دەکەنە تۆڕێکی چنراو بۆ ڕاو کردنی جەوهەر و حەقیقەتی بوون ، دەتوانن لە بوونێکدا ژیان دروست بکەن کەبە جەوهەری کەینوونەی خودی خۆیان و کەینونەی مرۆڤایەتی بگەن ، ئەو فەیلەسووفەی لەبارەی ژیانەوە ئەدوێ ، لەسەر ئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆی نی‌یە بەتەنها ، بەڵکو بریتی‌یە لە جەوهەری گشتی ژیان ، کەبە زمانی تەسەوراتی عەقڵی‌یەوە لەبارەیەوە ئەدوێ ، هەمیشە خۆیان بە خاوەنی ئەو پرسیارە ئەزانن کە هەموو کاتێك مرۆڤ ئەپرسێ ، غایە لە بوون و مانای ژیان چی‌یە ، زۆر ڕاو بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە ، چ وەك فەلسەفە و چ وەك زانست بە دوای نهێنی بوون و مانای ژیاندا گەڕاون ، هەندێ لە زانایان بڕوایان وایە ، ئەتوانرێ لە ڕێگەی تەفسیری یاساکانی مادەوە بە نهێنی بوون و مانای ژیان بگەین ، بڕوایان وایە کە ژیان وێنەیەکە لە وێنەکانی جووڵەی مادە ، وە هەندێ لە زانایانی کیمیاگەری ئەڵێن ، ڕۆژێك دێ کە ژیان لە ڕێگەی زانستەوە ، واتە ژیانی دروست کراو لە پێکهاتەی





کیمیایی و فیزیایی‌یەوە بەرجەستە بکرێ ، ئەگەرچی تاکو ئەمڕۆش زانست نەیتوانیوە ژیان بگۆڕێ بۆ دیاردەیەکی فیزیاوی یان کیمیاوی ، نەشتوانراوە نهێنی زیندەگی لە جۆرەکانی پێکهاتەی فیزیاوی و کیمیاویدا بدۆزنەوە ، ئەمەشە جیاوازی خستۆتە نێوان شانەیەکی مردوو و شانەیەکی زیندووەوە لەبەر ئەوەی شانەی زیندوو ئەو شانەیەیە هەوڵی گەشە سەندن و گۆڕانکاری و زۆربوونی جۆری خۆی ئەدات ، ئەم ڕاستی‌یە بۆمان دەسەلمێنێ کە نهێنی زیندەگی لە سەرو پێکهاتەی فیزیایی و کیمایی مادەوەیە ، زیندەگی لە گشت زیندەوەرێکدا هەمیشە لە زیاد بوون و گۆڕانکاری‌دایە ، توانای خۆ دروست کردنی هەیە ، توانای کارو فرمان و گونجانی هەیە ، کەبە پێی نەخشەیەکی شموولی بۆ تەواو کردنی غایەی بوون و نهێنی ژیان لەکاردایە، ئەگەر تەسەوراتی زانایانی مادی میکانیکی بۆ ژیانی بەشەری تەنها بە ڕەنگدانەوەی یاسای جیهانی مادی و سروشتی بزانن ، هەروەك مارکسی‌یەکان دڵخۆش بوون بە تیوری (دارون) لەسەر هەڵدان و گەشە کردنیدا ،بەڵام (ئنجلز) تەفسیری وجودی بەشەری لەسەر مەبدەئی (کێشە لە پێناو مانەوەدا ) ڕەت کردەوە ، لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوو بەیەك چاو سەیری جموجوڵی ژیانی ئاژەڵ و جمووجوولی ژیانی بەشەر بکرێ ، ئاشکرایە تایبەتمەندی زمان و زانست و فکر و تەکنەلۆژیا کاری سەرەکی هەبووە لە گۆڕانکاری ژیانی ئەشکەوتەوە بۆ شارستانیەتی ئەمڕۆمان ، ئەم هۆیەشە کە ناکرێ دابڕان لە نێوان فکری مرۆڤایەتی و واقیعی سروشتی‌دا بکرێ ، ژیانی مرۆڤایەتی لە جیهانی شارستانی جیا بکرێتەوە و وەك ئاژەڵ سەیر بکرێ، مرۆڤ لە واقیعدا ژیانێکی تایبەت و پڕ لە گۆڕنکاری بەڕێ دەکات ، لە بازنەیەکی شوێنی و کاتی‌دا ئەژی ، چ لە ڕووی چۆنیەتی و چ لە ڕووی چەندایەتی‌یەوە بێ ، کاری بۆ دەکات، ئەمەش هۆی جیاوازی مێژووی مرۆڤایەتی‌یە لەمێژووی سروشتی ،

مرۆڤایەتی لە مانا گشتی و فراوانەکەیدا ، ئەو توانا پیرۆزەیە کە ئـەتوانێ سەرپێچی داخوازی بایلۆژی‌یەکانی خودی خۆی بکات لێشیان یاخی بێ ، بە هۆی فکر و کارەوە کـە دوو جەمـسەری بنـەڕەتی ژیـانی مرۆڤـە ، هـەروەها مـرۆڤ دەتوانـێ هەڵبـژێرێ و ڕەتیشی بکاتەوە، واتە ئازادە بۆ کاری چـاك و خـراپ ، ئـەوەی گۆڕانـاری بـۆ ژیـانی مرۆڤ مسۆگەر کردووە، فکر و کار و زمانە ، کە ئەمانە هـۆی داهێنـان و پێـشکەوتن و گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤایەتی بووە ، ژیانی مرۆڤ پڕە لە ئەزموونی جۆراوجۆر ، کە هەر نەوەیە بۆ نەوەی دوای خۆی وەك سەرمایە بەجێی دەهێڵێ ، ئەگەر چی نهێنی ژیان و دۆزینەوەی مانای بوون بە درێژی و کورتی تەمەن پێوانە نـاکرێ ، بـەڵکو ژیـان بـە قووڵی و خەبات و خزمەت بە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی مانای حەقیقی ئاشکرا ئـەبێ ، زۆر کەس هەیە ژیانێکی دوور و درێژ بە ڕێ دەکات و بە مردنێکی هێمنی کۆتـایی دێ ، پێی ئەووترێ ژیانی بێ هوودەیی، لەبەر ئەوەی بەو ژیانەی نەیتوانیوە خزمەتێ بە نەتەوەکەی بکا و شتێك بەرهـەم بهێنـێ و داهێنـانێکی فکـری بـۆ مرۆڤایـەتی دیـاری بکات ، هەر کاتێ سەرنجی پیاوە ناودارەکانی مرۆڤایەتی بدەین ، ئـەو کاتـە ئـەزانین ئەو کەسانە نەژیاون بۆ ئەوەی بمرن ، بەڵکو خۆیان بەخت کردووە بۆ ئەوەی بژین ، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە بەختـەوەری نزیـك بکەنـەو ، مانـای خۆشەویـستی لـە نێـوان مرۆڤایەتیدا بڵاو بکەنەوە ، خۆشیان کردۆتە نموونەی بـاڵا بـۆ نـەوەی داهاتوویـان ، بەمــە توانیویانــە (نــێهنی بــوون) و (مانــای ژیــان) ئاشــکرا بکــەن ، وەڵامــی ئــەو پرسیارانەش بدەنەوە کە لەسەرەتای مێـژووەوە مـرۆڤ ئەوداڵی‌یـەتی ، ئەمـەش وەك حەقیقەتێك بۆمان دەسەلمێنن کە مانای ژیانی ڕاستەقینە خزمەت کردنە بە نەتەوە و مرۆڤایەتی کە مانای بوون گەیشتنی مرۆڤە بە کەینوونەی وجود کە مرۆڤ لـە هەسـتی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیدا ئەیدۆزێتەوە .



( نا مۆیی نەتەوەیی )

www.halabja.info

# بوون و بوونی نەتەوەیی

فەلسەفە بریتییە لە بەرزکردنەوەی هۆش و عەقڵی مرۆڤ ، بۆ تێپەڕاندن و دوور کەوتنەوە لە عەقڵ و هۆشی ئاسایی باو ، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بتوانین بەیەك تێڕوانینی فەلسەفییانە ، پێناسەیەك بۆ فەلسەفە دابنێین ، لەبەر ئەوەی چەندین مانا و پێناسەی تری هەیە ، کەبەهۆی جۆراوجۆری فکری فەلسەفییەوە ماناکای پێ بەخشراوە ، پێناسەی جۆراوجۆری لەسەر نووسراوە ، بەڵام ئەوەی مەبەست بێ ، ئەو پێناسەیەیە کە دەتوانین لە فکری نەتەوەیی ئێمەدا ببێتە بنەما و چەمکی هەستی نەتەوەیی کوردیمان ، ئێمەی کورد بەدوای ئەو مانایەدا وێڵین کە زەروورییە بۆ تێپەڕاندنی سنووری سروشت و گۆڕان کاری و بەدی هێنانی جیهانێکی نوێی خەونی نەتەوایەتیو مرۆڤایەتیمان ، جا چ ل ڕووی ڕەوشت پەروەردەیی مرۆڤەوە بێ یان چ لە ڕووی هاتی سیاسی و فکرییەوە بێ ، سەرەتا ئەبێ ئەوەش بزانین کە بۆچوونە فەلسەفییەکان لە سروشت و جەوهەریدا تێپەڕاندنە لە زانست و بابەتی زانستیش ، ڕێگەی فەلسەفە لە ڕێگەی زانست جودایە ، لەبەر ئەوەی فەلسەفە لە بابەتێکی دیاری کراودا خۆی نابینێ وەك زانست کە بەشبەش و دیاری کراوە ، ئاشکرایە فەلسەفە لە زانستی هەندەسە و جەبر و کیمیا وفیزیا ناچێ ، لە ڕێگەی فێرکردن و کۆلیژەکانی زانستییەوە ، مرۆڤ ببێتە خاوەن بڕوانامەیەك ، بەڵکو فەلسەفە جۆرێکە لە بیر کردنەوە کە تێڕوانینی فکری نوێ لە ئامێز دەگرێ ، وەلە فەلسەفەی پێش خۆشی ناچێ، لەو قوتابخانە فەلسەفییەدا کە ئەیانەوێ فەلسەفە ملکەچی زانست بێ ، ناو نراوە بە فەلسەفەی (سیانتیزم)ی ، بەڵام ئەم فەلسەفەیە لە جەوهەردا دژ بە فەلسەفەیە زیاتر وەك فەلسەفە بێ، لە ڕاستیدا فەلسەفە ئەو بیرکردنەوە فکرییەیە کە ئیتیفاق لە نێونیاندا نییە ، واتە فەلسەفەیەك لە





فەلسەفەیەکی تر ناچێ ، بەڵام هەموو بەشەکانی زانست بە بەشەکەی ترییەوە پابەندە بۆ پێشکەوتنی ئەو زانستە ، لە فەلسەفەدا تاکە کەسی فکری و بیرکردنەوەیەك هەیە کەلەسەر بنەمای فکر وحدسی ڕەسەن دادەمەزرێ ، کە ناکرێ کەسێکی تر هاوبەشی ئەو ئەزموونە فکرییە قووڵە بکات، ئەمەشە کە ئەڵێن فەیلەسووفی زۆر هەیە ، هەروەك چۆن فەلسەفەی زۆر هەیە ، واتە مێژووی فەلسەفە لە تەواوکەری یەکتری پێك نەهاتوون بەڵکو لە مێژووی هونەر دەکات ، ئەو زانایەی کە ئەیەوێ بگاتە فکرێکی زانستی پێویستی بە تاقیگایەك هەیە بۆ دۆزینەوەی و سەلماندنی فکرە زانستییەکەی ، بەڵام فەیلەسووف پێویستی بە ژوورێك یان ئەشکەوتێك هەیە کە بیری تیا بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تەئەمووڵ و حدسی یەوە ، بگاتە حەقیقەتێکی فکری فەلسەفی .. لێرەدا جارێکی تر ئەو جیاوازی یە لە نێوان زاناو فەیلەسووف دا ئەبینین کە هەندێ جار زانست و فەلسەفەش ، پێویستیان بە یەکتری هەیە بۆ سەلماندنی ئەو حەقیقەتانەی بڕوایان پێ ی هەیە .. ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ وەك فەلسەفەی ( بوون ) بیکەینە یەکێك لە بنەمای فکری نەتەوایەتی، هەست کردنە بەبوونی مرۆڤ و نەتەوەیە ... ئەگەر کاری فکری فەلسەفە بۆ ئەوە بێ کە توانای بینایی ڕێگەی ڕزگار بوون لە ترس و ئازارو لاوازی و شکستی بۆ مرۆڤ دابین بکات هۆیەکیشە بۆ بەختەوەری نەتەوە و مرۆڤایەتی ، نەتەوەی کوردیش لە گشت نەتەوەیەکی تری سەر ئەم گۆی زەوی یە زیاتر پێویستی بە فکری فەلسەفی و ڕاستی زانستی هەیە ، لەبەر ئەوەی زانست ئەو چەکە بەهێزەیە بۆ بەرگری لە مان و بوونی نەتەوە و مرۆڤ ، ڕاستی یەکی بێ بەڵگەیە کە لە بەرامبەر گشت زروفێکی دیاری کراودا ڕووداوێك هەبێ ، نەتیجەیەکی دیاریکراویشی ئەبێ ... ئەمەش هووشیاری مرۆڤ بەرز دەکاتەوە بۆ دیاری کردنی زرووف و کاری داهاتوو ... ئەگەر حەقیقەتی

زانستی لەسەر ئەم یاسایە دابمەزریٚ ، جیاوازە لە حەقیقەتەکانی فەلسەفی ... یاسای نیوتن لە جولّەی مادەدا پابەند نابیٚ بە مادەیەکی دیاری کراوە ، بەلّکو یاسایەکی گشتی یە لە جوولّەی مادەدا کە بوونی گشتی یەکەی هۆی یاسای زانستی یە .. واتە حەقیقەتی فەلسەفی بۆیەقینە نەك بۆ دامەزراندنی یاسای زانستی ... ئەو یەقینەش تایبەتی‌یە بە کەسایەتی یەوە کە قەناعەتی ئەو کەسەیە و ناوئەبریٚ بە فەیلەسووف .

واتە فەلسەفە بریتی یە لە زانیاری فکری لەبوون و حەقیقەتیش مەبەستێتی . فەلسەفەی بوون ( ئەنتۆلۆژیا ) بە گشت بەشەکانی یەوە ناکەینە کێشەی خوولانەوەی دەوری بازنەیەك کە نەتوانین سەرەتاو کۆتایی کێشەی بوون بدۆزینەوە ، فەلسەفەی (دیکارت) تاکو ئەمڕۆش پرسیارە کە سەرنجی گشت فەیلەسووفەکانی ڕاکێشاوە کەئەلّیٚ ( من بیر ئەکەمەوە بوونم هەیە ) هەست کردن بەبوون ، ئەو فکرەییە کەهەستی بە بوونی یەوە دیاری دەکات .. بەم ماقولەیە دیکارت کۆتایی بەفکری کۆن هێنا کە هەبووە بەرامبەر بوون ... هەروەها کاریگەری لەسەر فەیلەسووف ( کانت ) هەبووە ، کە ڕووبەڕوی بوون بووەوە ، لەسەر ڕێبازی زانیاری .. تیوری زانیاری داڕشت ... هەولّی دا کە بوونی تەسەوەری دیکارت بکات بە دووبەشەوە و لە یەکتری جیا بکاتەوە ، واتە بوون و تەسەوری زهنی مرۆڤ لەیەکتری ناچن وەك ئەلّیٚ جیاوازی فکرێك کە سەدمارك بیٚ لە جزدانەکەمدا ، وەیان هەبیٚ لە فکرمدا ، لەوەدایە کەیەکەمیان بوونێکی حەقیقی هەیە و ئەوەی فکریشم بوونێکی زهنی هەیە ، ( کانت ) بڕوای وایە کە بوون لە خوودی خۆیدا، یان جەوهەری ئەو بوونە فیعلی‌یە کە میتافیزیك پەی پیٚ نابات ، لەبەر ئەوەیە لە مەودای زانیاری عەقلّ دا بەدەست ناکەویٚ وەك لە دەرەوەی شوێن و کات دا هەیە ، کە ناچنە ژێر ڕێکێفی





هەستەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو بوونە میتافیزیکی یە ... کەجەوهەری گەردوونە ..بوونێکی زاهیری هەیە بەلای (کانت )ەوە کە لە ڕێگەی کاری عەقلّەوە تیٚ ی دەگەین و بە پیٚ ی ئەزموونی حسی مانای بوونی ئەدەینیٚ .. بەم بۆچونەی کانت تێکشکانێکی ئەنتۆلۆژی لە ئەفلاتۆن تاکو دیکارت بەدەست کەوت هەروەها پیٚ ی وایە کە زەواهیری وجود ، لە ناو چوارچێوەی زانیاریماندا هەیە ، بەلاّم جەوهەری وجوود بوونێکی ئازادی هەیە کە لە زانیاری مرۆڤ بەدەرە .. ناتوانریٚ بیری لیٚ بکرێتەوە و ڕێگەی زانیاری پێناگات .. هەروەها هیگل کە بە گەورەترین قووتابی کانت دادەنریٚ بڕوای وایە بیرکردنوە لە بوون بیرکردنەوەیە لەنەبوون .. لەسەر بنەمای دایلێکتێکی لە بوونەوە بۆ نەبوون ، بەدوای دا یەکبوون و نەبوون لە حالّی سێهەمدا بوون لە خوودی خۆی دا دیاری دەکات .. ئەمەش ناوئەبریٚ بە تەسەوراتی ڕەها واتە فکری هیگلّ فکرێکی تەسەوری ڕەهایە ... بەلاّم ئەوەی دژی تەسەوری ڕەهایە ( کیر کجارد ) کە ناو ئەبریٚ بەباوکی وجوودی هاوچەرخ بڕوای وایە ( ئەوەی گرنگە بە لای بوونی خوودی خۆیەتی ) ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئەنتۆلۆژیای نویٚ .. وجود وەك ماهیەتی کە بەهۆی عەقلّەوە وەیان بەهۆی تەسەورات و ماهیەتی عەقلّەوە نایدۆزرێتەوە ، لەبەرئەوەی بوونمان لە هەنگاوەکانی ئەزموون ئامادەگی لە بوون دا بۆ مانی ئاشکرا دەکات کە بەڕاستەخۆی نزیکمان ئەکاتەوە لەبوونمان کە بەشعورو سۆزو ویژدان نەبیٚ بەعەقلّ ئاشکرا نابیٚ .. هەروەك (لویس لافیل ) کە یەکێکە لە فەیلەسووفە وجوودی یەکان ئەلّیٚ ( پێویست ناکات بە فکرو ئیرادە ، بوونی خوودی ئاشکرا بیٚ ، بەقەدەر ئەوەندەی مەشاعیر نەخشەی چارەنووسی دیاری دەکات .. هەر وەك چۆن ئازار هەستی بوون ئاشکرا ئەکات وەك ئامادەبوونێك کە ناتوانریٚ نکولی لیٚ بکریٚ ، هەروەها ئەلّیٚ (من هەست ئەکەم کە وابیٚ بونم هەیە )

ئەمەش دەربڕینێكە چاتر لە دیكارت كە ئەڵێ (من بیر ئەكەمەوە بوونم هەیە). لێرەدا بوونی بەئازار پڕشنگی بوونی مرۆڤایەتی لە لای وجوودی هاوچەرخ دەردەكەوێ ، كە فینومنولۆژیایان بەبەرنامەی فەلسەفەی خۆیان هەڵبژارد .

پەیڕەوی كردنی بەرنامەی فینومنولۆژیا لە دامەزرێنەرەكەیەوە (هوسێرل) تاكو (هیدگر) و ( یاسبرس ) و ( سارتر ) و ( كامۆ ) و ( مالرو ) ماهیەتیان لە بوون دوورخستەوە بەو مەبەستەی بەرنامەی فینومنولۆژیا بیان گەیەنێتە ئەو حەدەی بوونێكی دەست نیشان كراو دیاری بكەن بەڵام تووشی ئاوازێكی خەماوی ڕەشبینانە بوون كە وەسفی وجوودیان پێ دەكرد ، بەهۆی قوڵبوونەوە لە خەم و دوودڵی و دڵە ڕاوكێ و ترسی مردن لەلای (هیدگر) ئەگەر چی بە پرۆژەیەكی مرۆڤایەتی داهاتوویان دائەنا ئازادی و هەڵبژاردن لای گشتیان هەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوون و تێڕوانینی بەشێك لە وجوودیەكان بڕوایان بە خوا هەبوو وەك (لافیل ) و ( بردیایف ) كە لەڕوانگەی داهێنان و ئیبداع و ئازادی یەوە مرۆڤ وجوودی بۆ ئاشكرا ئەبێ .. كە دەگەینە بۆچوونەكانی ( سارتر ) لە ژێر زمانێكی گران و زۆر لە خۆكردندا بۆمان ئاشكرا ئەبێ كە بونی مرۆڤ لە واقعدا بوونێكی پڕ لەئازاری خەماوی یە ، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ بگاتە ( بوون لە خودی خۆی دا ) ئەمەش لە واقیعدا بوونێكی وەعی بێزاریە لەبوون ، ئەم بوونە بێزاریەش پاڵمان پێوە ئەنێ، كە ڕوو لە فكری ناماقووڵ بكەین ، وە هەستی تەڵخ بۆ ژیان بدۆزینەوە .. (بوون لە خوودیدا) كە بوونێكی تەڵخەو تاریكە ، بە پێچەوانەوە (بوون بۆ خوود ) ئەو بوونەیە كە وەعی هەیە بە شعوور و ویژدان كە تەنها ئادەمیزاد خاوەنی یەتی وەیان تێكشكان و داڕووخان و هەڵوەشانی تێیدا كۆبۆتەوە ، واتە ( بوون بۆ خوود ) دوو سەرەیە چ لە بارەی چاكی مرۆڤایەتیەوە چ لە ڕووی تێشكان و خۆ لەدەست دانەوە..





سارتر كە بەم چەند دەربڕینە باری بۆچوونی ئاشكرا ئەكات وەك ئەڵێ ( گشت بوونێك لە دایك بووە بە بێ پێویست ، درێژە بە بوونی ئەدات و بەڕێكەوت ئەمرێ ) هەروەها ئەڵێ..

( بوون هەیە بەبێ پێویست و بەبێ هۆ وەبەبێ زەرووره ) دەربارەی ( نەبوون ) كە بە (بوون ) وە پابەندكراوە لە ڕووی تێگەیشتنی فەلسەفی دا ئایا پێویست بە دیاری كردنی دەكات ؟ یان شتێكەو ئەبێ دیاری بكرێ ! وەك بوون ؟

لەم ڕووە سێ بۆچوون هەیە .. كە سەرەتا یەكەمیان بڕوای وایە كە ( نەبوون هیچ مانایەكی ڕەهای نی یە ) وەك لە هەڵوێستی ( بارمیندس ) دا ئاشكرا ئەبێ كە ئەڵێ ( بوون كیتلەیەكی بەیەكەوە بەندە و هیچ بۆشایی یەكی لە ناو دا نی یە و هیچ شوێنێك نی یە لە نەبوون دا عەقڵ تەسەوری ناكات هەبێ ) ، هەروەها لە مەزهەبی ئەقڵی دیكارت دا كە ڕوونتر و جیاوازتر فكری لێ كردۆتەوە ئەڵێ ( لە جیهانی دەرەوەدا بۆشایی یەك نی یە بە ناوی نەبوون ، گشت بوونێك یەك شكڵی هەندەسی هەیە لەبەر ئەوەی نەبوون نیەیە و دەوری نی یە لە حەقیقەتدا ، بوونی خوا بوونێكی كامڵە كە سەرچاوەی حەقیقیەتی گشت شتێكەو ڕێگەی بەهیچ بۆشای یەك نەداوە ... ) وە لەلای ( هنری برجسون ) بۆچوونێك هەیە كە لەبۆچوونی ( بارمیندس ) ئەچێ لە هەندێ ڕووە وەدژی ئەبێتەوە لە چەند ڕوویەكی ترەوە ... وەك ئەڵێ ( بوون پڕكراوەیە كە جووڵەی هەیە و لە ژیان و بەردەوامی دایە ، لە گۆڕانكاری دایە كە بێ بۆشاییە و لە پێشكەوتنی داهێنەراندایە .. شوێنی نەبوون نی یە و نەبوونیش بەرهەمی فكری ئەقڵمانە ، كە فكرێكی تەزوویرە لەبەر ئەوەی بیر لە بوون ئەكەینەوە بەگشتی و بە یاسای نەفی ڕەتی ئەكەینەوە كە نەفی بەرهەمی عەقڵە بۆ حوكم دان . هەروەها ئەفلاتۆن بۆ مانایەكی تر ئەچێ و ئەڵێ ( هەر بڕیارێك شموولی

حەدێکی دیاری کراو بێ لەبووندا ، بێ کۆتایی یە لە حکومی نەبوون لەبەر ئەوەی نەبوون خۆی لە خۆی دا بوونە ...

لەگەڵ ئەمەشدا هیگلْ لەگەڵ ئەو فەیلەسوفانەدایە کە نەبوون بە بوون دائەنێن وەك ئەڵێ ( جیاوازی واقع و فکر نی یە ئەتوانین واقع لە باتی نەبوون و نەبوونیش لە باتی واقیع دابنێین . لەبەر ئەوە بوون و نەبوون لە فکردایە و کێشەکە بەهۆی لە دایك بوونی نەفی بوون بۆ خوودی خۆی کە وەك هێزێکی داهێنەرو جوڵێنەرو لە ناوبەرە .. ڕێگە ئەدات بە بوون بجوولێ و لە بەرامبەردا نەبوون هەبێ وەئەمەشە لە هەنگاوی یەکەمی دیالەکتیك دادەنرێ وە لە هەنگاوی دووهەمی دیالێکتیکدا کۆبوونەوەو پێکەوە بوونە لە نێوان دوولای دژ بە یەکتری وەك بوون و نەبوون ، ئەم پێکهاتنەی نێوانیان لەیەك بوون دا بەرزترین حاڵەتی کیانیانە کە پێ ی ئەوترێ بەردەوامی . لە مەزیاتر بۆی ئەچێ و ئەڵێ ئەتوانرێ نەبوون لە کیانی بووندا هەبێ بە مانای جووڵەو حووکمی نەفی ، لێرەدا نەبوون ئەتوانرێ دیاری بکرێ بە جۆرها شێوە وەك بۆشایی و هێزو گۆڕان و جووڵە بەپێ ی بۆ چوونی بەشێك لە فەیلەسووفەکان . لایەنی سێهەم ئەڵێن ( نەبوون ) بوونی هەیە وەك بوون .. بەڵکو زیاتر حەقیقەتە .. وەك بۆ چوونی (مستەر ئیکهارت) و ( بوهمە ) هەروەها فەیلەسووف وجوودی هاوچەرخی ئیمان دار کە ژیانی بە ئاوارەیی لە فەڕەنسا بردە سەر و کتێبەکانی بە زمانی ڕووسی نووسی بوو لە پاشان بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهانی وەگێڕا کە ناوی ( نقولا بردیایف ) بوو ئەڵێ ( خوا خالقە و بەر پرسیار نی یە لە ئازادی کە هۆی شەرە، مرۆڤ کوڕی خواو کوڕی ئازادی یە .. نەبوون خالقەو خولقێنەرە خوای خالق توانای هەیە لەسەر بوونی گشت جیهانێکی مەخلوقات ، بەڵام توانای نی یە لەسەر نەبوون و لەسەر ئەو ئازادی یەی دروستی نەکردووە ، پێ ی وایە ئەو ئەفسانەیەی مرۆڤی خستە سەر زەوی





وائەگەینێ .. کە خوا توانای بەسەر ئازادی دا نی یە شەری لێوە پەیدا ئەبێ و کە خواش دروستی نەکردووە ..

لەگەڵ ئەمەشدا کە ناتوانرێ لە فکری نەبوون دەست هەڵگرین بەڵام ئەم فکرە لەبوونی دا لە فکرەی نەفی یەوە وەرگیراوە کە هیچ بنەمایەکی تری نی یە کەباس لە بوونی مرۆڤ ئەکەین مەبەست لەبوونی ئازادە .. ئەم بوونەش خاوەنی خوودی خۆیەتی ، لە هەڵبژاردن و بڕیار و چارەنووسی واقیعی ژیانی دا .. هەروەك ( بسپرز ) ئەڵێ ( من هەڵ دەبژێرم بۆیە بوونم هەیە ) واتە بوون بەمانای هەڵبژاردنی خوودی دێت کە پێ ی وایە کەس بە بێ ئەو بڕیاری هەڵبژاردنە ، ناگاتە سەرووی بوونی سروشتی .. ئەمەش مانای ئەوە نی یە تەنها بڕیاری هەڵبژاردنێك ، گشت بوونێکی مرۆڤ دیاری بکات ، بەلکو لای وایە هەڵبژاردن پێویستی بە گۆڕان هەیە و زنجیرەیەکە لەتەواوکەری بووندا ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ بوونی مرۆڤ بریتی یە بەردەوام بۆ گۆڕان کاری لە ماهیەت و کەسایەتی مرۆڤدا .. وەك ووتویانە (ماهیەت پاشکۆی بوونە) ، ئەمەش وای لە وجودیەکان کردووە بڵێن (بوون لەپێش ماهیەتەوەیە ) ئەگەر بوون لەخۆیدا هەڵبژادن بێ لە مەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی نوێ وەك زەروری ئەو کاتە ڕابردووش پێویستە بوونی هەبێ بۆ هەڵبژاردنی بوونێکی دوا ڕۆژ و داهاتوویەکی چاکتر ... بزانین بوون وەك نەتەوە ئەبێ چۆن بوونێکی حەقیقی هەبێ ، مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوی یە لە گومان و دڵەڕاوکێدا ئەژی ، بە هۆی ترسی لە مەترسی یەکانی مردن و چارەنووسی یەوە ، ئەو چارەنووسەی کە فڕێی داوەتە ئەم سەر گۆی زەوی یە ، بەبێ ئەوەی پرسی پێ کرابێت ، ئەم ترسەش ئەوەندەی ئازاری ئەدات ئەوەندەش پیرۆزە و ڕەسەنە لە شعوریدا .. بە بڕوای (سارتر) مرۆڤ وەك بوونی هەمیشە لە ژیانێکی دابڕاو و ئەشکەنجەدایە لەبەر ئەوەی چ لە کارەکانیدا ، چ

لەدەرەوەی ئەم بوونەیدا بێ هوودەیە لە مانای ژیانی ..هەروەها لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئەیەوێ بوونی مرۆڤایەتی پابەند بکات بە بوونی کاری مرۆڤەوە ، وەك ئەڵێ : ( ئایا مرۆڤ ئەتوانێ بوونی بۆ مرۆڤایەتی سوود بەخش بکات ، ئەگەر وا نەکات هەموو بوونێکی لە بێ هوودەییدا بەسەر ئەبات ) ، لە لایەکی ترەوە بوونی دڵە ڕاوکێ وگومان هەست کردنە بە بەرپرسیاریەتی مرۆڤ لە ئاستی بووندا .. دڵە ڕاوکێش بەشێکی کاری مرۆڤە و ڕێ گر نىیە لە ئەنجامدانی ژیانی مرۆڤدا ، بوونێك بۆ مرۆڤ کە ناو بنرێ بوونی کەینوونەیی جیاوازە لەگەڵ بوونێك کە بە حوکمی زەرووره مانای بوونی سەلماندبێ ، ئەگەر بوونێك بۆ مرۆڤ وەك بەری درەخت سەیر بکرێ ، ئەوا مرۆڤ وەك کرمێك وایە بەری بوون ئەخوات ... بەڵام بوونی حەقیقی بۆ مرۆڤ ئەو بوونەیە کە خاوەنی کڵێشە ژیان و کار و بڕیاری ئازادانەی هەبێ ، مەبەستیش لە بڕیاری ئازادانە ئەوە نىیە کە دوور بێ لە بنەمای عەقڵ ، هەروەك (سارتر) ئەڵێ ئازادی مرۆڤایەتی پێوانەی حەق و خێر و جوانىیە .

هەڵبژاردنی ئازادی مرۆڤایەتی بەر لە هەموو شتێك کە جەوهەری بوونی مرۆڤایەتىیە ، پێویستی بە هەڵبژاردنی قەدەری ژیانی نەتەوەوە هەیە ، واتە قەدەر و چارەنووسی نەتەوەیەك بۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی ئازادانە هۆی بوونی ئەو نەتەوەیەیە کە لە کار و خێر و جوانی وحەق و مرۆڤایەتىدا هاوبەشی دەکات ، نەتەوەیەك مەبەستی بوونی دیاری نەکات بۆحەق و خێر و جوانی ، ئەبێ بوونێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ کە ژێر دەستەیی و شێواندنی قیەم و کەرامەتی نەتەوایەتی تیا بە دی بکات ، تێکشکانی بەشێك لە حەق و خێر و جوانی لە لای نەتەوەیەك هەمان تێکشکان و داڕمانە بۆ مرۆڤایەتی ... ئەم حەقیقەتەش بەڵگە نەویستە کەبوونی مرۆڤ بەبوونی نەتەوەکەیەوە نەمری و خۆڕزگارکردن لە مردن بە دەست دەخات ، هەروەها





بوونێکی مرۆڤانەشە بۆ بوونی لە ژیانی نەتەوەکەیدا کە بۆی دیاری ئەکات ... بەبێ ئەم بوونەش بوونێکی بێ هوودەیی پڕ لە گوومان و دڵە ڕاوکێ سەرتاپای ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی ئەگەر مرۆڤ نەمرێ بۆ ژیان و نەمری ئەوا ئەبێ بژی بۆ مردن و وون بوون .

# نامۆیی و فکری نەتەوەیی

کێشەی نامۆیی بووە بە دیاردەیەکی مرۆڤایەتی لەکۆمەڵگای ئەمڕۆی شارستانی ،زۆر ڕووی ڕۆشنبیری و جمووجۆڵی هوشیاری فکری ڕۆشنبیرانی گرتۆتەوە ... چ لە ڕووی ئەدەبی یەوە و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چ لە ڕووی فەلسەفی یەوە .. تەنانەت زاراوەی نامۆیی لە زووربەی نووسین و بابەتی کێشەی کۆمەڵایەتی سەردەمدا ڕەچاو ئەکرێ ... زیاتریش لە کۆمەڵگای دەوڵەتانی پیشەسازی دا و بە تایبەتی لە دەوڵەتانی سەرمایەداری دا ... لەم ساڵانەی دوایشدا .. ژمارەیەکی زۆر و بە زمانی جۆراو جۆر کتێب بڵاوبوەوە کە چارەسەری مەفهومی نامۆیی و گۆڕان کاری لە شێوازو بۆچوون ڕوون کردنەوەی فەلسەفی و سیاسی و زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی لە خۆ گرتووە .. بە تایبەتی لە دوولایەنی فکری دژ بەیەکتری وەك لایەنی مارکسی و سەرمایەداری دا ..

ئەگەر چی زۆرینەی ئەو کتێبانە هەوڵ و تەقەلایەکی ڕۆشنبیرانە بووە بۆ ڕوون کردنەوەو چارەسەری ئەو زاراوەیە ، بەڵام تاکو ئەمڕۆکەش ڕووی حەقیقی ئەو تێگەیشتنانە نەگەیشتۆتە مەبەستی کۆتایی نەپێکاوە .. ئەمەش شتێکی سروشتی یە بۆ ئەو تێگەیشتنە فکری یە کە کێشەی ئەو دوو تێڕوانینە دژ بەیەکە لەسەری ئەنووسن و بۆچوونیان ئاشکرا ئەکەن .. هۆکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر لایەنە ئەیەوێ وەك خۆی چەند پەل و پۆیەکی نوێ ی لێ دابتاشێ و زیاتر ئەو مەفهومە بەلای بارودۆخی ئایدۆلۆژی لایەنەکەیدا بارگرانی بکات و گوورو تێزی نوێی پێ بدات .. وەك داتاشینی زاراوەی داماڵاو لە کۆمەڵ و دابڕان لە کۆمەڵ و بێتوانایی لە گونجانی کۆمەڵایەتی و دارمانی توانای گونجان لەگەڵ بارودۆخی ئاسایی ناو کۆمەڵگاو نەبوونی هەستی ئینتمای کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و نەبوونی هەست



( نامۆیی نەتەوەیی )

بەمانای ژیان .. ئەگەر چی ئەم مەفهومی نامۆیی یە وەك زاراوەیەکی فەلسەفی لە نووسینەکانی هیگڵ ومارکس دا ڕووناکی تەواوی پێدراوە ، بەڵام لەپێشتر دەربارەی بۆ چوون و تێگەیشتن باسی لەسەر کراوە بەو جۆرە کاریگەری خۆی لە فکری فەلسەفی دا جێ نەهێشتووە وەك سەردەمی هیگڵ و مارکس .. لەبەر ئەوەی سەردەمی دوای ئەمان سەردەمانێکی پڕ لە گۆڕان کاری سیاسی و کۆمەلایەتی و تەکنیکاری بە خۆوە دیوە ، هەروەها دیاردەی نامۆیی لە کۆمەڵگایەکدا سەری هەڵ نەداوە .. بەڵکو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی خوودی مرۆڤ و مرۆڤایەتی یە .. هەروەك ( جۆرج لیشتهایم ) ئەڵێ ( نامۆیی لەبنەڕەتدا وەك  فکرێکی میتافیزیکی سەری هەڵداوە .. بەهۆی گۆڕانکاری لە فکرو بیری فەلسەفی دا ، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا کە ڕوو لە زانست خوازی فکری ئەزمون گەری لە جیهانی فکری غەیبیات و ئاینی و میتافیزیکی دوور کەوتنەوە .. هەروەك هیگڵ کە ڕەخنەی لە مێژووی مەسیحیەت گرت و بە دوایدا فویر باخ بەو ڕەخنەیە چارەسەری ، نامۆیی ئاینی کرد وەك باسی کردووە بەلایەوە وایە کە ئاین مرۆڤ تووشی نامۆیی ئەکات ، نامۆبوونی  مرۆڤیش هۆیەکە بۆ وون کردنی حەقیقەتی خۆی لە دیندا .

پەیوەندی لە نێوان کتێبەکەی هیگڵ ، کە بەناوی ( فینۆلۆجیای ئەقڵ ) ، کە لە ساڵی ١٨٠٧ ی زانیینیدا نووسیبووی ، ڕوون کردنەوەیەکی بۆ ڕۆحی نامۆیی و تێڕوانین  لە پانتایی ئاییندا بڵاوکردۆتەوە ، کە هەوڵی داوە فکری نامۆیی لە فکرێکی میتافیزیکیەوە بگۆڕێ بۆ واقیعێکی هەستپێکراو ، ئەم کتێبەش هیگڵیە لاوەکان لەدوای هیگڵ بڵاویان کردەوە ، هەروەها بە بڕوای مارکس نامۆیی دیاردەیەکی ئەبەدی نیە و نەفرەتێکی وا نیە کە مرۆڤ نەتوانێ خۆی لێ ڕزگار بکات ، بەڵکو هۆکەی بارو دۆخ و ڕەوتی مێژوویی لە ڕووی گۆڕانکاری ئابووری و کیشەی

چینایەتی‌یەوە نامۆیی کار سەر هەڵ ئەدا ، کەبە هۆی دامەزراندنی ڕژێمێکی چاکتر و لەبار تر دیاردەی نامۆیی ئەپوکێتەوە ، جیاوازی چینایەتی و ملّکداری و سەرمایەداری ، داهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ چینی چەوساوە هۆی کۆیلایەتی و نامۆ بوونی‌یەتی ، نامۆیی دەرئەنجامی بێ توانایی مرۆڤە لەئاست هێزی دەسەڵات دار و هێزی سروشت دا ، بەهۆی نەزانینی یاسای سروشتەوە نامۆیی کەونی لای مرۆڤ سەر هەڵ ئەدات ، هەرکاتێ توانای مرۆڤ ئەوەندە لە زانستدا بالا دەست بوو ، ئەو کاتەش لە دیاردەی نامۆیی گەردوونی ڕزگاری دەبێت ، مارکس نامۆیی کاری لە هێگڵەوە وەرنەگرت ، بەڵکو پەیوەندی هاولاتی لەگەڵ دەوڵەتدا سەرەتایەکی بۆ فکری نامۆیی کار دۆزی‌یەوە ، کە بە فکری فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەوە ئاوێزەی کرد . زانای بەناوبانگ (ماکیفر) لە دابەش کردنی کاردا ئەڵێ ((دابەش بوونی کار وا لە مرۆڤ ئەکات کە ببێت بە بەشێکی بچووك لە ئامێرێکی گەورەدا، بەم کارەش کرێکار ئەبنە بەشە بچووکەکانی ئەو ئامێرە)) .

ناکرێ نامۆیی تەنها لە کاردا هۆیەك بێ بۆ سەرهەڵدانی بەڵکو چەندین هۆ هەیە کە مرۆڤ نامۆ بکات وەك ڕژێمی سیاسی چەوسێنەر ، حاڵەتی ئابووری نالەبار ، کە ئەمانە و گەلێکی تر لە هۆ و هۆکارەکانی دیاردەی نامۆیی بەرجەستە ئەبێ ، هەروەك زانای بەناوبانگ (ئەمیل دوورکایم) دەربارەی خۆ کوشتن ئەڵێ (( خۆکوشتن دیاردەیەکە کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ نامۆ بوونی مرۆڤ )) ، دابەشی کردووە بە سێ جۆر خۆ کوشتنەوە کە بڕوای وایە ئەم سێ جۆر خۆ کوشتنە جگە لە دیاردەی نامۆیی هیچی تر نی‌یە ، کە ناوی ناوە (خۆکوشتنی ئەلنومی) .

یەکەمیانی بەناوی خۆ کوشتنی ئەنانی ناو بردووە، کە هۆی نەبوونی هوشیار بوون و کامڵ بوونی تاکە لەناو کۆمەڵدا ، کاتێکیش ئەزانێ ناتوانێ جێگەی خۆی لەناو





کۆمەڵەکەیدا دیاری بکات ملکەچی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بێ ناچارە پەنا بەرێتە بەر دابڕان ودوور کەوتنەوە لە کۆمەڵەکەی ، کە هاندەرێکی سەرەکی‌یە بۆ خۆکوشتن و خۆ ڕزگار کردن لەو ژیانە . دووهەمیان بەهۆی زیادە ڕەوی دەسەڵات و سیستەمی ڕژێمەوەیە کە تاکی ناو کۆمەڵ ئەچەوسێنێتەوە و چ لە ڕووی ڕەوشت و چ لە ڕووی عورف و چ لە ڕووی هێزەوە بێ کە ئەبێتە هۆی دوورخستنەوەی خودی حەقیقی مرۆڤ لە کیانی سەربەست و ئازادی . سێیەمیان نەبوونی توانای تاکە لە گونجان و سەرکەوتنی ژیانی کەسایەتی‌دا لەبەر دەم بار و زرووف کوت و پڕی چاوەڕوان نەکراودا ، ئەمەش وا لە کۆمەڵ ئەکات کە نەتوانێ وەڵامی مافەکانی تاك بداتەوە ، کاتیکیش تاك هەستی کرد مافەکانی زەوت کراوە و پەیوەندی مرۆڤانە بە ئاوەژووی بەرجەستە ئەکرێ و داڕووخانی ویژدانی کۆمەڵایەتی بەهای پێ نادرێ ، مانای ژیانی لێ وون ئەبێ و ڕوو لە خۆ کوشتن ئەکات .

ئەم تێڕوانینەی (دوور کایم) گرنگی‌یەکی زۆری دا بە دیاردەی نامۆیی ، بەتایبەت لای زانایانی کۆمەڵایەتی نامۆیی لە بوارە تەسکەکەیەوە بەرەو پانتایی‌یەکی نوێی لە زانست و دراساتی مرۆڤایەتی‌دا داگیر کرد .

بەرفراوانی زاراوەی نامۆیی لە مانا و بۆچوون و لێکدانەوەیدا هۆیەکی تری پەرش و بڵاوی مەفهوومەکانی نامۆیی‌یە ، نامۆیی بە مانای دابڕان و جیا بوونەوە بەهۆی ئەو حاڵەتەوە تووشی کیانی مەعریفی ئەو کەسانە دەبێ کە لە واقیعێك و ژیانێکی تایبەت و دیاری کراودا دەر کەوتووە ، ئەم دابڕانەش بەهۆی ناکۆکی و ناتەبایی نێوان دوولای وەك یەك نەبوو سەر هەڵ ئەدات ، کەلە نووسینەکانی هیگڵ دا ڕووناکی خراوەتە سەر ، وەك بڕوای وایە کە ئەم گەردوونە لەچەند بەشێکی لەیەکتر دابڕاو و دژ بە یەکتری پێك هاتووە ، کە بو کۆی یەك بوونیان گەردوونێکی کاملی لێ پەیدا

بووە ، نامۆیی لە مانایەکی کەیدا بریتییە لە گواستنەوە یان واز لێ هێنان لەو مافەی کە هەتە ، ئەم مانایە بریتییە لەدەست بەسەرا گرتنی مافی تاك و گواستنەوەی بۆ کەسێکی تر ، کەبەهۆیەوە گرژی ئاڵۆزی پەیدا دەبێ ، لە پاشا یان بە خۆبەدەستەوە دان و ملکەچی کەوەك سزایەك تووشی کەسی ماف زەوت لێ کراو ئەبێ ، بە ناچاری تووشی نامۆیی دەبێ ، هەروەها نامۆیی بەمانایەکی کەی تر نەبوونی قودرەت و دەسەڵاتە ، بێ توانایی و دەست کورتی لە دەسەڵاتدا هاوبالای ڕۆحی ئەو کەسە ئەبێ کەبە تایبەتی مارکس زۆر گرنگی بەم مانایە داوە ، لە تێڕوانینی ئەوەوە بەرجەستە بووە ، نامۆ بوون لە خودی خۆت جۆرێکی تری دیاردەی نامۆییە ، جیاوازی هەیە لە ماناکانی تری نامۆیی وەك (ئەریك فروم) دەڵێ ((لە گشت باسەکان قووڵ ترە)) بە ئەزموونێکی دادەنێ کە مرۆڤ خۆی بە کەسێکی نامۆ ئەزانێ و لە خودی خۆی دوور ئەکەوێتەوە ، خەڵکی لە نامۆ بوندا ژیانیان بەسەر ئەبەن بە تایبەت لە بار و دۆخی شارستانی ئەمڕۆی ناو شارەکاندا لەبەر ئەوەی ئەبنە کەرەستە بۆ یەکتری ، بەهۆی فراوان بوونی بازنەی ژیانی خەڵکی لە خوودی خۆیان دوور دەکەونەوە و بە خودی خۆیان نامۆ ئەبن .

هیگڵ بۆ نامۆیی تاك بڕوای وایە کە مرۆڤی نامۆ لە حاڵەتێکی دوولایەنەدا ژیانی بەڕێ دەکات بەهەر لایەکدا خۆی ساغ بکاتەوە ، تووشی نامۆیی ئەبێت ، وەك کەسێك کە نەتوانێ لەگەڵ جەوهەری کۆمەڵایەتیدا خۆی بگونجێنێ ، کە ئەمەش جەمسەرییەکێتی، جەمسەری دووهەمیش ئەوەیە کە تاك تووشی نامۆیی ئەبێ کاتێك کەسایەتی خۆی لە پێناو کۆمەڵدا لەدەست ئەدات ، مەبەستیشی لە جەوهەری کۆمەڵایەتی ڕژێم و یاسا و دەستووری سیاسییە ، واتە کەسێ بۆخۆی بژی نامۆیە بە جەوهەری کۆمەڵایەتی ، تێکەڵیش بێ بە جەوهەری کۆمەڵایەتی نامۆیە لەبەر ئەوەی





کەسایەتی خۆی لەدەست داوە ، مارکس بۆ شی کردنەوەی مەفهوومی نامۆیی بە شێوەیەکی ( سۆسیۆلۆجی ) کە دوور بێ لە مەفهوومی میتافیزیکی لاهووتی دەربارەی نامۆیی کار ڕوونی کردۆتەوە کە ئەڵێ ((هەرکاتێك مرۆڤ لە کار و بەرهەمەکەی دوورکەوێتەوە تووشی نامۆیی ئەبێ )) .

هەروەها (ئەمیل دوور کایم) دەربارەی بابەتی (ئەلئانۆمیا) ئەڵێت بۆ دابین کردنی ڕەوشتی تاك پێویستە زیندوو کردنەوەی ویژدانی مرۆڤ پیرۆزی پێ بدرێ ، تا بتوانێ تەوازنێك لە نێوان پێداویستییە غەریزەیی و حاڵەتی تمووحاتیدا کە لە ئاست بەهای مرۆڤایەتی و قودسیاتی کەسایەتیدا هەیە دابین بکرێ ، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ لە ئاستی پێداویستییە غەریزەییەکانیدا بەربەرەکانی بکات ، تاکو نەگاتە ئەو قەناعەتەی خۆ پەرستییەکەی سنووری بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و ویژدانی تێکشکاندووە ، پێشێل کردنی مافی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی هۆیەکی تری نامۆ بوونی مرۆڤە ، کەلە هەستە سۆز و ویژدان و هوشیاریدا هەژار بووە و خۆی لەدەست داوە ، لە کۆمەڵگەی باو و دواکەوتوودا داد پەروەری کۆمەڵایەتی هەڵوەشاوە ، بنەمایەکی نوێی خزمایەتی و کەسایەتی و ناسیاوی بالا دەستە ، پلە و پایەی کار دابەش کردنیش دوورە لە کەسانی گونجاو بۆ کاری گونجاو ، دیاردەی نامۆیی بار گرانتر و کوشندەتر ئەبێ لەسەر کەسایەتی تاکی ئەو کۆمەڵە ، لە کاتێکدا کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بالا دەست نابێ ، تەبایی و خۆشەویستی و برایەتی و مرۆڤایەتی پشتاوی بەرژەوەندی کار بەدەستان دەبێت ، ئاستی فکر و ویژدان و هوشیاری لە بنەما ئەخلاقییەکانی مرۆڤ دوور دەکەوێتەوە ، مەترسی تێکشکان و داڕمانی مرۆڤ سەر هەڵ ئەدا و هەمەجیەتی نا ئەقڵانی بالا دەست ئەبێ ، ئەو کاتە مرۆڤ ناچارە ملکەچی زرووفی مادی ببێ ، نەك ملکەچی ویژدان ، هەر کاتێك زرووفێکی چاوەڕوان

نەکراو بە کوتو پڕی سەری هەڵدا لەناو کۆمەڵدا .. ئاژاوەی بەرپا کرا ڕادەی خۆ کوشتن و پێشێل کردنی یاسا و کاری نا مرۆڤانە ئەبێتە چاولێکەری و پاساوی بار و زرووف نەبوونی و برسێتی بۆ ئەبێتە پاڵ پشت ، نامۆیی هەڕەشەیەکی ترسناکی سەردەمە بۆ سەر نەتەوە و مرۆڤایەتی ، هەست کردن بە نامۆیی لەنێوان دوور کەوتنەوە و جیا بوونەوەی ژن و مێردەوە بە ئاسانی بەدی دەکرێ ، واتە دابڕان هۆی هەست کردنە بە نامۆیی .. جوتیارێك لەسەر زەوییەکەی دوور دەخرێتەوە ، هەست بە نامۆیی ئەکات .. دابڕانی مرۆڤ لە خودی خۆی نامۆیی دەخولقێنێ ، ئەگەر بە ووردی سەرنجێکی زانستییانە لە باس و بابەتەکانی (ئە نثروبۆلۆژی) و (ئەنتۆگرافی ) بدەین .. بە تایبەتی زانای پسپۆر (ردفیلد) و (توبینز) و (هنری مین) ، بۆ باس و دراسەکانیان بە جۆرێك شوێن چارەسەر کەوتوون کە هیچیان لەوەی کەیان ناچێ ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە گشتیان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆ بوونەتەوە کە لەناو کۆمەڵگای ئاڵۆز و پێشکەوتوودا کە گرفتەکە گرفتی نامۆیییەو هەڕەشە لە ناسانامەی کەسایەتی مرۆڤ ئەکات ، وەك بێ مانایی ژیان و گەشە سەندنی ڕووبەری ژیان و ناکۆکی نێوان بەهای مرۆڤایەتی و هۆی دابڕان ولادان لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تووش بوونی نەخۆشی عەصابی زهنی و لادان لە قودسیاتی نەتەوەیی و ڕۆحی و لەدەست دانی ئامانج و خواستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی ، کە ئەمانە گشتیان ئەبێتە داروخان و داڕمانی شارستانیەتی هاوچەرخ ، بڕوایان وایە یەکێ لە سەرچاوەکانی نامۆیی لاوان و قوتابیان لە ئەستۆی دام و دەزگای پەروەردەییدایە ، بەتایبەت لە دانیشتگە و پەیمانگاو ئامادەییەکاندا وەك ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ خوێندکاران و قوتابیاندا لە ئاست دەسەڵاتی زەمەنیدایە .





هەروەها زاراوەی نامۆیی بەلای زانایانی کۆمەڵایەتییەوە بە حاڵەتێکی سیکۆ کۆمەڵایەتی ناو دەبرێ ، کە بەهۆی ئەو دیاردەیەوە مرۆڤ لە زۆر لایەنەوە نامۆ بوون بەخۆیەوە ئەبینێ ، لەبەر گرانی ڕوون کردنەوەی زاراوەی نامۆیی بۆ مانایەکی شموولی پەنایان بردۆتە بەر تیوری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و بابەتە مرۆڤایەتییەکان ، ئەگەرچی نەشتوانراوە بە چاکی نرخی زانستی پێ بدرێ لە ئاست سلووکی کۆمەڵایەتیدا ، لەبەر ئەوەی ئەم زاراوەیە بۆ دیاردەی ڕەگەز پەرستی و نەخۆشی عەقڵی و کێشەی چینایەتی و کێشەی سیاسی و کێشەی تەکنەلۆژی و کێشەی ئابووری بەکار هاتووە .

ئەو ڕەخنانەی (مارکس) لە بابەتی (مڵکداری وکەسایەتی ) دا کە لە فەلسەفەی حەقی هیگڵی گرتووە ، بە ناونیشانی ( دەسەڵات و کۆیلایەتی ) کە پەیوەندی هەیە بەبەرهەم و مڵکداری یەوە ، جیاوازی هەیە لەسەر بەرهەم و مڵکداری کە هۆی هاوبەشی سەلماندنی خوود ناکات ، کاریگەری هەیە لە نامۆیی کاردا هەروەك ئەڵێ ( هیگڵ بۆ دیاری کردنی بەرهەم و مڵکداری چاکی پێکاوە ، بەڵام دەرکی بەوە نەکردووە لە ڕژێمی سەرمایەداری دا بەرهەم و مڵکداری لە یەکتر دوور دەکەونەوە ، ڕێگرن لە کرێکار بۆ سەلماندنی کەسایەتی خوودی خۆی ) بە لای (مارکس) وە مرۆڤ وەك چۆن زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی یە هەروەهاش زیندەوەرێکی تاکیشە ، بڕوای وایە ژیان نابێ بە مرۆڤایەتی ئەگەر جموجۆڵی بەرهەمی نەبێ و هاوبەشی ژیانی کۆمەڵایەتی نەکات ، هەر مرۆڤێکیش نەگەڕێتەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ناش توانێ لەگەڵ سروشتی بنەڕەتی بژی وەك زیندەوەرێکی چۆنایەتی ، جیاوازی نێوان هیگڵ و مارکس لەسەر بنەمای بۆچوونیانە بۆ کۆمەڵ ، واتە (مارکس) پەیوەندی تاك بە کۆمەڵەوە ئەبەستێتەوە بەڵام هیگڵ تاك بە دام و دەزگای سیاسی دەوڵەتەوە

ئەبەستێ ، پەیوەندی تاکەکانی ناو کۆمەڵ بەلای مارکسەوە پەیوەندی ڕاستەخۆیە بە خەڵکی یەوە وەك تاکێك ئەبێ پەیوەندی کۆمەلایەتی هەبێ ، زاراوەی نامۆیی لای (مارکس) لەیەك ماناوە هاتووە وەك ( جیابوونەوە لەکاتی خۆبەدەستەوەدانەوەدا ) ئەگەر چی ئەم مانایە لە زۆر مانای کەوە نزیکە ، بەڵام بڕوای وایە هەموو جیابوونەوەیەك بەهەر شێوەیەك بێ ، لە هەر حاڵێتێکدا بێ خۆبە دەستەوەدانێکە لە ئاست تەسلیم کردنی بەرهەمی کارەکەیدا ، واتە کاتێك کرێکار ئە چەوسێتەوە لە ژێر سایەی یاسای ئابووری و سیاسی دەوڵەتەکەی دا بێگومان تووشی نامۆیی ئەبێ ، وەك ئەڵێ ( بەرهەم نامۆیی بۆ بەرهەم هێنەر دەخوولقێنێ )
بەبڕوای مارکس دووهێز هەیە کە بەرهەم هێنەر تووشی نامۆیی بکات ، یەکەمیان بەرهەم و دووهەمیان ئەو کۆمەڵە یاسا ئابووری یە سەرمایە داری یە کە بە دەست دەسەلاتی سەرمایەدارانەوە بالادەستە لەبەر ئەوەی یاسای بەرهەم هێنان ئەو تاکە هێزەیە کە مرۆڤایەتی پێ شێل دەکات ، کە بریتی یە لە هێزی بازاڕ و یاسای ئابووری کە دەبێتە هۆی نامۆبوونی چینی کرێکاران ، ئەو یاسایەش کە بە پێ ی سەرمایەو بازاڕ ئەبنە دەسەلات و چەوسێنەر ئەبنە خاوەن بەرهەم و هێزی کاری کرێکارانیش ئەمەشە کرێکاران دووردەخاتەوە لەئیرادەو قەناعەتی خوودی دەسەلاتی دەروونیان ، کالای بازاڕیش ئەو بەرهەمەیە کە کرێکاران ناتوانن بۆ خوودی خۆیان بە کاری بهێنن ، تاکو بەرهەمی زیاتر بێ مەینەتی ژیان و گوزەرانی کرێکار زۆرتر دەبێ ، بەهۆی بەرزو نزمی نرخی کالاو گۆڕانکاری بازاڕەوە کە سەرمایە دەسەلاتی خۆی تیا فەرز دەکات وەك هێزێك کە یاساکانی ئابووری بەرێوەی دەبات ، دەبێتە هێزێك کە دوور لە سیفاتی مرۆڤایەتی بێت ،نزیك لە بەرژەوەندی یاسای ئابووری بێت ، ئەمەش هۆی سەرەکی نامۆیی چینی کرێکارانە کە ناوی ناوە ( نامۆیی کار ) هەروەها بۆ





پێناسە کردنی کاری نامۆیی ئەڵێ کرێکار ناتوانێ خوودی خۆی بسەلمێنێ لەو کارەیدا کەئەی کات ئەگەر هەست بە ئاسوودەیی نەکات ، هەروەها ناتوانێ تواناو هەستی بە ئازادی گەشە پێ بدات نامۆبوونی لە کارەکەدا لەش و هەست و زهنی ئە کوژێت کەوا لە کرێکارئەکات لە کارەکەی بێزار بێ و لێ ی دوور کەوێتەوە، لەبەر ئەوەی نابێ بەبەشێ لە بوونی ئەو کرێکارە ، شێوازێکیش نی یە بۆ سەلمتندنی کەسایەتی خوودی ئەو کرێکارە .
کاری نامۆیی بەستۆتەوە بەو کارەی کرێکار لە بەرامبەر کارەکەی دا کرێ وەربگرێ ، ئەم کرێیەش هۆیەکە کرێکار بکاتە نۆکەرو کۆیلەی خاوەن کار ، هۆیەکیشە بۆ لە دەست دانی جەوهەری خوودی مرۆڤ لە نرخی مرۆڤایەتی دوور بکەوێتەوە ، ئەم ڕاستی یە وا لەکرێکار دەکا نەك تەنها کار تووشی نامۆیی ئەکات بەڵکو بە خوودی خۆشی نامۆ ئەبێ واتە کاری نامۆیی و نامۆیی خوودی دەبنە دووڕووی دراوێك بۆ کرێکار ئەمەش وای لە مارکس کرد کە بلێ تاکێشەی چینایەتی لە ئارادا بێ نامۆیی بەرکەماڵ ئەبێ ، بۆ چارەسەری نامۆیی کارونامۆیی خوودی پێ ی وایە ڕژێمی کۆمەنستی دەتوانێ چارەسەری ناکۆکی و کێشەی چینایەتی بکات .
هەروەها ( ئەریك فرۆم ) مەفهومی نامۆیی وەك خاڵێك بۆ لێکۆڵینەوەی کەسایەتی کۆمەلایەتی هەڵبژاردوو گرنگی پێدا ، ئەم زانایە لە کتێبەکانیدا ( مەفهومی مارکس بۆ مرۆڤ )و( هەلاتن لە ئازادی ) و ( کۆمەڵگای ئاسایی ) و ( لەپشت پەیوەندی وەهمەوە ) گرنگی بە مەفهومی نامۆیی داوە ، ڕخنەو گفت و گۆیی لەسەر نووسیوە .
فرۆم بڕوای وایە کە یەکەم کەس مەفهومی نامۆیی داڕشتووە ( هیگڵ ) بووە هەروەها هیگڵ و مارکس توانیویانە بنەمایەك بۆ تێگەیشتن لە کێشەی نامۆیی دا دابڕێژن ، خۆشی هەوڵی داوە کە مەفهوومی نامۆیی گەشەدار تر بکات و بە هەموو ڕوویەکی

ژیانی مرۆڤەوە بەستێتەوە ، بە تایبەتی لای مرۆڤی هاوچەرخ و شارستانی سەرمایەداری ئەمڕۆ .

فرۆم بروای وایە جەوهەری ناخی مرۆڤ ، لە چەندین ناکۆکی پێك هاتووە ، بەشێکە لە سروشت و لەویشی تێ پەراندووە بەهۆی ئەقلّ و هۆشیە وە بەئاگایە لە خودی خۆی .

لەرێگە ی وەعی یەوە لەسرشت دەرچووەو کە هۆیەکە بۆ لەدەست دانی گونجان لەسروشت کە ئەمەش هۆی نامۆیی مرۆڤە لە سروشت دا ئەگەر چی فرۆم هەلّوێستێکی نەگۆری نییە ، لەئاست جیا بوونەوەی ، مرۆڤ و سروشت بەلاّم بروای وایە نامۆبوونی لە سروشت شتێکی حەتمیە . مرۆڤ ئەتوانێت بەهۆی ئەقلّیەوە پەیوەندی لەگەلّ سروشت دا پەیدا بکات ئەگەر بتوانێت پەی بەنهێنی یە کانی سروشت بەرێت وەبەسەریشیا زالّببێت خۆی لە حالّەتی نامۆی سروشتی رزگار بکات .

هوشیاری مرۆڤ بە بوونی خۆی و دەورووبەری رێگە بۆ بنەمایەکی ئەقلاّنی توونـد و تۆلّ خۆش دەکات کە جێگەی پەیوەندی پێشووی بگرێتەوە ئەو پەیوەندی یەی پێ شووشی کە لەسەر بنەمای غەریزی مرۆڤایەتی دامەزراوە لە خۆی دوور خاتەوە و ، کە بە هۆیەوە لە نامۆیش دوور دەکەوێتەوە پەیوەندی مرۆڤ و دەور وبەری کە لە رێگەی وەعی و هوشیاری وە بەدی دێنێت ، ناوی دەبات بە ( پەیوەندی داهێنەرانە ) . کە مەبەستی خۆشەویستی یە بەلاّم بەمەرجێك ئەو خۆشەویستی یە لە کەسایەتی و ئازادی ئەو مرۆڤە کەم نە کاتەوە ، واتە ناکرێ مرۆڤ پەیوەندی لە گەلّ خەلّکی دا توونـد و تۆلّ بکات ئەگەر خۆی خاوەنی خودی رەسەنی خۆی نەبێت ، ئەوەی مرۆڤ ئەکاتە کەسێك خودی خۆی لە دەست نەدات ، ئەو پەیوەندی





خۆشەویستی یە کە بە کەسانی ترەوە دەی بەستێتەوە ، خۆشەویستی حەقیقی دورە لە خود پەرستی بەلای ( فرۆم ) ەوە خۆشە ویستی هونەری ژیان و بوونی مرۆڤە کە لە سەر بنەمای هۆشیاری و ئازادی پارێزگاری لە کەسایەتی دامەزرابێت ، هەرکاتێکیش مرۆڤ بووبە ئامێرێك بۆ یەکتر چەوسانەوە ، کە دیاردەی خود پەرستی و نامۆیی سەر هەلّ ئەدات ، خۆشەویستیش کۆچ دەکات ، مرۆڤ کاتێك دەتوانێت ، لەرێگەی ئەقلّ و هۆشی یی وە خۆشەویستی بۆ ژیانی پیادە بکات پێویستی بەوە یە لە هونەری خۆشەویستی بزانێت کە فێری هونەری ژیانی ئەکات و ئەتوانێت خۆی لە نامۆیی خودی و لە نامۆی کۆمەلاّیەتی رزگار بکات، ئەوانەش کە ناتوانن پەیوەندی توونـد و تۆلّ لەگەلّ خەلّکی دا تا سەر پەیدا بکەن ، کەسانی خود پەرستە ، کەبەهۆی وون کردنی بنەمای ژیانی حەقیقیەوە کە خۆشەویستیە ، بێ بەشن لێ ی ، خود پەرستان نەك تەنها کەسیان خۆش ناوێ ، بەلّکو خوودی خۆشیان خۆش ناوێت ، خود پەرستان بێ توانان لە خۆشەویستی نەتەوەکەیاندا لەبەر ئەوەی هیچ کات هەست بە بوونی هێمنی و ئارامی رۆحیان ناکەن ، ژیانیان لەسەر رووبەری ئارەزووەکانیاندا بەسەر ئەبەن ، نەبوونی خۆشەویستی حەقیقی لە نێوان تاك و نەتەوەدا هۆیەکی سەرەکی سەرهەلّدانی دیاردەی نامۆیی تاك و نەتەوەیە ، (فروم) لە بارەی خەشەویستیەوە ئەلّێ ((خۆشەویستی پێویستی بە سێ خالّ هەیە کە بەرجەستە بکرێ بۆ تاك و کۆمەلّ ، یەکەم خالّیان زانیاری تیوریە . دووهوم خالّیان هونەری پراکتیزمە کردنە . سێهەمیان ئامادە بوون و کار کردنە بۆ ئەو هونەرە .

خۆشەویستی بەخشینی ژیان نیە بە کەسانی خۆشەویست ، بەلّکو ئەو هێزە زیندوەیە کە ئەتوانیت بە خۆشەویستەکەتی ببەخشی ، لە خۆشی خۆتی بدەیتێ ، بە خەمی خۆتی ئاشنا بکەی ، تێگەیشتنی خۆتی پێ ببەخشی ، لە خەم و خەون و

ئازارە ڕۆحیەکانیدا هاوبەشی بکەیت ، بەم شێوەیە خۆشەویستی حەقیقی ئەبێتە ئەو گیانی ئازادیەی کە مرۆڤ بە جەوهەری بوونی ئەگەیەنێ ئەگەر خۆشەویستی بوو بە ووشەیەك کۆیلایەتی بشارێتەوە ، لە مانای پیرۆزی دادەبەزێ ، (فروم) کە ئەڵێ خۆشەویستی بریتیە لە ئەقڵی نەرم و نیان ، گرنگی دانیشە بە بنەمای ئازادی و سەربەستی خۆشەویستەکەت ، لێرەدا تێ دەگەین کە ئازادی مرۆڤ بەرهەمی خۆشەویستی ڕەسەنە، هەروەها (فروم) بڕوای وایە .. (( کە جەوهەری نامۆیی مرۆڤ بریتیە لە خۆبەدەستەوە دانێك تاکو خەڵکیت لێ ڕازی بێت کەلەسەر بنەمای ساویلکەیی و تێکەڵاو بوونی جەماوەری دادەمەزرێ ، هۆیەکە بۆ لەدەست دانی بوونی خودی حەقیقی ، بەم جۆرە (فروم) پێناسەی نامۆیی خودی ئەکات ، کە وون بوون لە خودی حەقیقی خۆت بەهۆی ساویلکەیی و نەبوونی زانیاری و هونەری خۆشەویستیەوە تووشی مرۆڤ دەبێت )) .

نامۆ بوون لە کۆمەڵگای هاوچەرخی سەرمایەداریدا کە بونیادی فرە چینی ڕای گرتووە، هۆی دابەش بوونی کۆمەڵە چ لە ڕووی کار و چ لە ڕووی ڕۆشنبیری و چ لە ڕووی بونیادی سیاسی ئەو کۆمەڵەوە ، مرۆڤ لە کار و لە هاوڕێکانی و لە خودی خۆی و لە سروشتی نامۆ ئەکات .. نامۆیی خود لای ئەو کەسانەی کە شعوور بە خودی خۆیان ناکەن عەفەویەتی خود و بوونی کەسایەتی خۆیان لا نەماوە ، ئەو شعورەی وون کردووە کە بە خۆی بڵێ (من خودم ، من خاوەنی کیانی خودی خۆمم) ، ئەم جۆرە کەسانەش لەگەڵ خودی خۆیاندا ناژین ، نابنە خاوەنی داهێنان و بەرهەمی کاری ئیبداعی ، لەبەر ئەوەی شعور بەوە ناکەن کە خاوەنی کارن ، چ لە ڕووی فکری و چ لە ڕووی بڕیار و چ لە ڕووی مەشاعیر و تەقدیرەوە لە خۆیان دوورن ، (فروم) ئەیەوێ بڵێ کاتێك مرۆڤ ئەتوانێ لە نامۆیی خودی خۆی ڕزگار بکات ، ئەبێ چۆن





ئەیەوێ وا بژی .. نەك چۆن ئەیانەوێ وا بژی ، بەلای (فروم)ەوە مرۆڤی نامۆ خاوەنی خودی خۆی نیەیە .. ئەو فکرەی بیری پێ ئەکاتەوە ، ئەو زمانەش قسەی پێ ئەکات ، بەو مرۆڤە نامۆیە ، کەسێك خودی خۆی لەدەست دابێ .. کەسایەتی لە ژێر کاریگەری کەسانی تردا ئاڕاستە بکات هەرگیز ناتوانێ ئەو کەسە ببێتە کەسێکی ئازاد و لە قسەکردن و بیر کردنەوەدا خاوەنی بڕیاری خۆی بێت .

زانای بەناوبانگ (کارین هونی) لە بارەی نامۆیی دەرونیەوە بنەمایەمی نوێی بۆ داناوە، لە کتێبەکەیدا کە بە ناونیشانی (ڕێگەیەکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونی) دەربارەی نامۆیی خودی هەوڵی داوە وەك زاراوەیەکی دەروونی شیتەڵی بکاتەوە ، ئەم زانایە پێی وایە بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونی کەسێکی نەخۆش پێویستە دەست بەسەر عەفەویەت و تێڕوانین و ئارەزوو و هەستەسۆزی خۆی دابگرێ ، تا بتوانێ لە بڕیار و دەربڕین و بۆچوونی خۆی بزانێ ، ئەو کاتە لە نامۆیی خودی ڕزگاری ئەبێ . وەلە کتێبەکەی تریدا کە دوای شەش ساڵ بڵاوی کردەوە لە ژێر ناوی (کیشەکانی ناخمان) ڕوونی کردۆتەوە کە مرۆڤ بەهۆی کێشەی دەروونی و دژایەتی ناو ناخی خودی خۆی لەدەست ئەدات ، کە ئەبێتە هۆی شێواندنی هەستەسۆز و ویژدان و فکری ، واتە مرۆڤی نامۆ بەو کەسە ئەووترێ کە حەقیقەتی خودی خۆی وون کردووە ، هەروەها جیاوازی لە نێوان دوو زاراوەدا کردووە وەك زاراوەی (خودی کاری) وە زاراوەی (خودی حەقیقی) ، بەلایەوە (خودی کاری ) ئەو زاراوەیەیە کەلە کۆی خۆ نواندنی کەسێکدا و لەکاتێکی دیاری کراودا بەرجەستە ئەبێ ، هەروەها زاراوەی (خودی حەقیقی) ئەو هێزە ڕەسەنەیە کە هەوڵی گەشە سەندن و بەدی هێنانی یەك بوونی خود ئەکات بۆ ڕزگار بوونی عەصابیەت کە تووشی نەخۆشەکە هاتووە ، بۆ ناسینی (خودی کاری) ئەبێ لە هەستەسۆز و ئارەزوو و بیر و ڕاو بۆچوونی ڕابردووی

ئەو كاسە شارەزا بین ، هەروەها بۆ ناسینی (خۆدی حەقیقی ) پێویستە سەرنجی عەفەویەت و هەستەسۆز و ویژدان بدەین كە سەرچاوەی گرنگی كەسایەتییە.. ( نامۆیی خودی كاری ) دابڕانە لە گشت ژیانی ڕابردووی مرۆڤ ، دوور كەوتنەوەی مرۆڤە لە هەستی مرۆڤایەتی و فكر و كار و سەركەوتن و بڕیار و ئارەزووی خەفە كراوی ژیانی ڕابردووی مرۆڤ ، هەندێ كەسیش كە هوشیاری هەیە بە بوونی ئەتوانێ حاڵەتی مامناوەندی وەر بگرێ لەو نامۆ بوونەدا .. وە ئەگەر هوشیاری نەبێ حاڵەتی نامۆییەكە كاریگەری و توند ڕەوی لە خۆ دەگرێ ، ئەم بۆچوونەش كە ئەڵێ نامۆیی خودی لە نامۆیی خودی كاری جیاوازە .. لە مەفهوومی نامۆیی كەسانی تووش بوو بە نەخۆشی (عەصاب ) لەبەر ئەوەی كەسانی عەصاب لە خودی خۆیان وون بوون .. كە دێینە سەر باسی مەفهوومی نامۆیی لە زانستی كۆمەڵایەتیدا بۆچوون و تێگەیشتن ڕوویەكی تری نامۆیی ئەگرێتە خۆی ، وەك ئەڵێن (نامۆیی ئەو شعورەیە كە مرۆڤ هەست بە پەیوەندی خودی خۆی و كەسانی دەورو بەری ناكات .. بێزاری و وەڕسی لا سەقامگیر ئەبێ ). ئەم جۆرە نامۆییە بە ووشەی (كێوی بوون ) لە كۆمەڵ وەك زاراوەی نامۆیی بەكار ئەهێنن ، ئەگەر دابڕان و دووركەوتنەوە لە كۆمەڵ بە خواست و ئیرادەی كەسەكە خۆی بێ ، ئەوە جیاوازە لە مەفهوومی ئەو زاراوەیە لە چاو كەسێكدا كەبە ئیرادەی كەسانی تر لە كۆمەڵ دوور بخرێنەوە ..

بەبڕوای (هاجدا) نامۆیی هەست كردنە بە دابڕان و هاوبەشی نەكردنی كەسی نامۆ بە كۆمەڵەوە بەهۆی وەعی ئەو كەسەوە كە هەست بە جیاوازی خودی خۆی و كەسانی دەوروبەر ئەكات ، ئەو جیاوازییەش چ لە ڕا و بۆچوون و زەوق و تێڕوانینەوە بێ ، یان چ لە رووی ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیارییەوە بێ .. ئەم نامۆ بوونە جیاوازە لە نامۆ بوونی كێوی بوون ، لەبەر ئەوەی لە نامۆ بوونی دووهەمدا گرژی و ئاڵۆزی و





تووندی ڕوو نادات بەهۆی هەست كردنی كەسی نامۆ بەو جیاوازییانەی لە نێوان خۆی و كۆمەڵدا ئەیبینێ .. لە زانستی كۆمەڵایەتیدا چەندین مانا و مەفهووم بۆ نامۆیی بەرجەستە كراوە كەلە هەریەكەیان جۆرێك نامۆیی مرۆڤ لەناو كۆمەڵدا ئاشكرا ئەكات ... ئەگەر چی زانایانی زانستی كۆمەڵایەتی لەناو خۆیاندا كۆك نین لەسەر جۆرە مانا و مەفهوومێك ، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كەلە نرخی ئەو زانیاریانە كەم بكاتەوە .. كە دیاردەی نامۆیی وەك فكر لە زانیاری كۆمەڵایەتی دوور كەوێتەوە .. ئەوەی بەلای گشتیانەوە گرنگە ، ئەوەیە كە نامۆیی كار لە فەلەكی زانستی كۆمەڵایەتیدا ، بە فكرێكی حەقیقی دادەنێن و گرنگی پێ ئەدەن . ئەو فكرەش لە (نامۆیی كار)ی ماركس دوور نەكەوتۆتەوە و كاریگەری فكری ماركس لە بۆچوون و تێڕوانین دا ڕەنگ دەداتەوە .. بڕوایان وایە كە (وون بوونی مانای جەوهەری كار) هۆی سەرەكی نامۆیی مرۆڤە لە كۆمەڵگای سەرمایەداریدا (ویمیزمیللەر) و (سیمان) گرنگی تەواویان بە نامۆیی كار داوە وەك (سیمان) ئەڵێ ((مرۆڤ نامۆ ئەبێ لە كارەكەیدا ، ئەگەر بزانێ ئەو كارەی بۆ خودی خۆی بایەخی نییە ، ئەگەر چی لە بەرامبەر ئەو كارەیدا موچەش وەر بگرێ ..)) .

هەروەها (روبرت بلونر) نامۆیی كار ئەبەستێتەوە بە ئەزموونی كەسایەتییەوە وەك ئەڵێ.. (( كاتی نامۆیی سەرهەڵ ئەدات ، كە كاركەر بێ توانا بێ لەسەر حوكمی ئەو كارەی ئەیكات.. وە نەشتوانێ بنەمای كەسایەتی خۆی لەسەر دابڕێژێ ، چ لە ڕووی چۆنیەتی بەرنامە و تەنزیم كردنی بەرهەمەكەی .. )) .

بۆچوونەكانی گشت زانایانی زانستی كۆمەڵایەتی ، لەیەكتری نزیكن هەروەها مەفهوومەكانیان ئاوێزەی ئەوقەناعەتەیە كە (نەبوونی قەناعەتی جەوهەری) . بۆ كاركەر هۆیەكی سەرەكی نامۆیی كارە لە ڕژێمی چینایەتیدا ...

وەك (سیمان) ئەڵێ ((ئەم جیهانە كەسانێك بەدەستیانەوە گرتووە ، بوونەتە دەسەڵاتێكی زەمەنی ، كە كەسانی ئاسایی ناتوانن لە ئاستیاندا هیچ بكەن ...)) . بێ دەسەڵاتی ئەو كەسانەش هۆی هەست كردنە ، بە بێ توانایی لە تێگەیشتنی ئەو ڕووداوانەی دەسەڵاتی زەمەنی بەڕێوەی ئەبات ...

بەلای (كلارك) ەوە نامۆیی ئەداتە پاڵ بێ توانایی كەسێك كە هەست بە دەسەڵات ئەكات و وونی كردووە ، وەبە هەقی خۆشی ئەزانێ و لێی زەوت كراوە..

زۆربەی زانایانی زانستی كۆمەڵایەتی زاراوە و مەفهوومی نامۆیی پابەند ئەكەن بە بارودۆخی ڕامیاری و كۆمەڵایەتی و ئابووری و دەسەڵاتی زەمەنی یەوە ، نەك بە (نامۆیی خودەوە) . واتە فكری نامۆیی زانای بەناوبانگ (كینستون) ئەڵێ ڕۆشنبیری جەماوەری بە وێنەیەكی گشتی پەیوەندی هەیە بە بنەمای ڕەوشت و ئەخلاقی كۆمەڵایەتییەوە . هەروەها ئەڵێ : زۆربەی لاوان لە كور ، لە كچ ، لە هەر كۆمەڵگایەكدا بێت .. بە ڕۆشنبیری ئەو كۆمەڵە پەروەردە ئەكرێن ... كاتێك ئەو ڕۆشنبیری و پەروەردە كردنە سەركەوتن بەدەست ناهێنێ .. لاوەكان لەو پەروەردەیە دوور ئەكەونەوە ، بێ گومان ئەو نەوەیە تووشی نامۆیی كۆمەڵایەتی ئەبن .. لەبەر ئەوەی عورف و عاداتی كۆمەڵەكەیان بە كۆن و عەقڵی دوا كەوتوو سەیر ئەكەن ... نەوەی نوێی گشت كۆمەڵگایەك دەوری ژیانیان وەك باوك و باپیرانیان دووپات ناكەنەوە ... نەوەی ئەم ڕۆژەش بە خەیاڵ و تەمەڵی و ڕۆح زلی و خۆ بە ڕۆشنبیر زان سەیری كۆمەڵگاكەیان ئەكەن و ڕەفزی بەهای مرۆڤایەتی كۆن ئەكەن و نرخی دكتاتۆریەتی خودی فەرز ئەكەن لەسەر بنەمای بەهای كۆمەڵایەتی كۆندا ، كە ئەمەش هۆیەكی تری نامۆیی كۆمەڵایەتییە... زۆربەی زانایانی كۆمەڵایەتی مەفهوومەكانی نامۆیی لەسەر بنەمای هەڵوێست و مەشاعیری مرۆڤ





دادەڕێژن .. تەنانەت كەس بە نامۆ دانانێن ئەگەر شعور بە حاڵەتی نامۆیی نەكات ، ئەوەی گرنگە بەلای ئەوانەوە ، نامۆیی لەم حاڵەتانەدا بەدی ئەكەن ، وەك (نامۆیی كەسایەتی) و (نامۆیی لە كاردا) و (نامۆیی ئابووری ) و (نامۆیی كۆمەڵایەتی) و (نامۆیی ڕۆشنبیری) ... گشت ئەمانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی كە زاراوەی نامۆیی چەندین مانا و لە چەندین حاڵەتدا كاریگەری خۆی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دەسەلمێنێ ، هەرووەها بۆ فەیلەسووفە وجودیەكانیش ئەم زاراویە كاریگەری خۆی بەدی هێناوە ، ئەگەرچی وەك پێویست بەكار نەهێنراوە ، بۆ نموونە (هیدگەر) لە كتێبی (وجود و زەمان) بە ڕوونی لە نامۆیی نەدواوە ، هەروەها (تیلیش) لە كتێبی (علمی لاهووتی مەزهەبیدا) دا زۆر گرنگی بە نامۆیی داوە .. وە (سارتر) لە كتێبی (ڕەخنەی عەقڵی جەدەلی)دا هەوڵی داوە نامۆیی ئەنتۆلۆژی بۆ نامۆیی مرۆڤ دابڕێژێ ..

لە ڕاستیدا وجودیەكان زۆر كەم خۆیان لە نامۆیی نزیك كردۆتەوە ، ئەوەتا (هیدگەر) بە دەلالەی وەك (كەوتن) و (تەزویر) نامۆیی ناو بردووە ، بە بڕوای (هیدگەر ) مرۆڤ جەوهەرێكی نەگۆڕ نییە ، لە سەروو هەموو دۆخە بنچینەییەكانی ژیانییەوە دیاری بكرێ، جگە لە بوون و بڕیاری كەسایەتی خۆی زیاتر نەبێ .. هەروەها (تیلیش) نامۆیی پابەندی جەوهەری مرۆڤ دەكات و لە (هیدگەر) چاتر جیاوازی لە نێوان بوونی دۆخی مرۆڤ و سروشتی جەوهەری مرۆڤدا ئەكات ، وەك ئەڵێ (نامۆیی بۆ مرۆڤ لە كیانی جەوهەری دا سەرتاپا بە بوونی بڕاوە ) ، ئەگەر چی (تیلیش) فەیلەسووفێكی وجودییە، بەڵام تێڕوانینی بۆ وجود زیاتر لە هیگڵەوە نزیكە ، هەروەك قەناعەتی وایە مرۆڤ ئەتوانێ بەسەر حاڵەتی نامۆییدا سەربكەوێ .. وەك ئەڵێ (( حاڵەتی وجود ، حاڵەتێكی نامۆییە ، لە جەوهەری وجودی خۆی نامۆیە )) . بڕوای وایە كە زانستی لاهوت ئەبێ لە دوای كێشەی نامۆیی مرۆڤدا بگەڕێ ، بەتەوەری كێشەی

خۆی بزانێ ، چارەسەریشی بۆ بدۆزێتەوە . هەروەها (تیلیش) گرنگی بە پیرۆزی و گەورەیی مەسیح داوە ، وەك ئەڵێ ((گەورەیی مەسیح لەوەدایە کە توانی لە نامۆیی خودی خۆی ڕزگار بکات )).

واتە نامۆیی بەلای (تیلیش)ەوە بێ توانایی مرۆڤە لە ئاست یەك بوونی جەوهەریدا .. بەلای (تیلیشەوە) مەسیح توانیویەتی بەسەر ئەو کێشەیەدا سەر کەوێ ، کە لە نێوان جەوهەریدا کە خوایە و لە نێوان بوونیدا کە مرۆڤە ، واتە نامۆیی بەو حاڵەتە دادەنێ کەلە نێوان بوون و ماهیەتی بوونی مرۆڤدا هەیە ، بە نەمانی ئەو جیاوازییە نامۆییش نامێنێ ، ئەمەش بەهۆی خۆشەویستییەوە بەرجەستە ئەبێ ، تەنها خۆشەویستییە ئەتوانێ دوولای لەیەکتر دابڕاو وەك وجود و ماهیەت بکا بە یەك ..

نامۆیی لای (سارتر) جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیەدا ، کە (تیلیش) و (هیدگەر) باسیان کردووە ، مەفهوومی نامۆیی خود بەلای (سارتر) ەوە ئەو ئەزموونەیە کەوەك حەقیقەتێك پێویستە دەر بکەوێ ، ڕووناکی بەر بکەوێ ، ئەگەر کەسێ بیەوێ زانیاری لە خودی خۆی هەبێ .. بەڵام لای (هیدگەر) پێی وایە ئەو کەسەی نامۆ ئەبێ بێ توانایە لە بینینی ئەو توانا تایبەتییەی پەیوەندی دابین ئەکات لە پێناوی وجودا .

(سارتر) لە بارەی خودەوە ئەوەی ڕەت کردۆتەوە ، کە مرۆڤ سروشتی جەوهەری هەیە .. بەڵکو وجودی مرۆڤ بابەتی بە نیسبەت خەڵکییەوە ، واتە معایەشەی خود بۆ معایەشەی لەش وەك خەڵکی ئەیزانن ئەوە ئاشکرا دەکات کە دوو گۆشەی ئەنتۆلۆژی جیاوازن ، بەشێوەیەکی یەکسانی لە گۆشەکانی بووندا ، لە بۆچوون و تێڕوانینی (سارتر) و (مارکس)دا جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینرێ بۆ مەفهوومی نامۆیی ، تەنها گۆڕانکارییەکی قووڵتر و تۆخ تر بەدی ئەکرێ لای (ساتر ) ، بە تایبەتی



( نامۆیی نەتەوەیی )

لەبەکارهێنانی مەفهوومی نامۆیی خودا . هەروەها (سارتر) یش بڕوای وایە ( مرۆڤی نامۆ چەواشەیە بەهۆی دابەش بوونی کار و چەوسانەوەیەوە ) ، هەروەك مارکس ئەڵێ مرۆڤ خودی خۆی وەك حەقیقەتێك لە ڕوانگەی بابەتییەوە دیاری دەکات ، هەروەهاش (سارتر) ئەڵێ مرۆڤ نەتیجەی بەرهەمێتی .. بەڵام سارتر بە تەواوی دوای تێڕوانینی مارکس نەکەوتووە ، دەقاودەق بۆچوونەکانی هەڵنەگرتۆتەوە ، بەڵکو هەوڵی داوە گۆڕانکاری تیا بکات ، وەك لەو نموونەیەدا کە باسی (فلوبێر) ی کردووە .. کە بابەتە و خودیشە ، نامۆ بوونیشە ، واتە مەبەستی (سارتر) مەرج نییە لە نەتیجەی پەیوەندی کرێکار و خاوەن کاردا نامۆیی تووشی کرێکار ببێت ، بەڵکو نامۆیی (فلوبێر) دەکاتە نموونەی نامۆیی خود و بەرهەمەکەشی بۆ کەسێك نییە خۆی لەسەر فەرز بکات و تووشی چەوسانەوە و نامۆیی بکات .

دیاردەی نامۆیی بۆ ئەمڕۆی مرۆڤایەتی بۆتە گرفتێکی جیهانی ناتوانین بڵێین بەتەنها لە وڵاتێکدا سەر هەڵ ئەدات و وڵاتانی کەی لێ بێ بەرییە ، لەبەر ئەوەی کێشەکە مرۆڤایەتییە و مرۆڤی هاوچەرخ پێوەی دەناڵێ ، مرۆڤی ئەم سەردەمە کە هوشیاری هەیە بە ئازادی و سەربەخۆی خودی خۆی و نەتەوەکەی دووچاری شێواندن و تێکشکانی پەیوەندییە مرۆییەکانی بۆتەوە ، واتە نامۆیی وەك دیاردەیەکی هاوچەرخ ڕووبەڕووی ژیانی نەتەوە و مرۆڤایەتی بۆتەوە . ئەگەر چی شێوە و بۆچوونی جیاجیا و جۆراوجۆریان زۆرە کەلە بارەی نامۆییەوە ڕا و بۆچوونیان داڕشتووە ، بەڵام بە گشتی لە چەند خاڵێکدا هاوبەشن ، وەك خاڵی چەوسانەوە بۆ تاك و بۆ نەتەوە ، نەبوونی ئازادی بۆ تاك و بۆ کۆمەڵ ، لەدەست دانی کەینوونەی مرۆڤ لەسەر ڕووبەری ژیانی هاوچەرخ ، چەوسانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری و ڕۆشنبیری ، لاواز بوونی ویژدانی مرۆڤایەتی و نێو دەوڵەتی ، کە مرۆڤی

ئەم سەردەمە ناتوانێ وەك تەماشا کەرێ خۆی تیا بدۆزێتەوە و بەس ، بەڵکو ڕاسەوخۆ و نا ڕاستەوخۆش هاوبەشی دەکات لە خەم و پەژارەو مەینەتی ئەم ڕۆژگارەدا .

هوشیار ی مرۆڤ لەوەدا بە دی دەکرێ ..کە هەستی هەبێ بەهۆیەکانی نامۆیی ، بۆ ئەوەی بتوانێ چارەسەری ڕزگاربوون بدۆزێتەوە ، ئەم ڕزگار بوونەش تەنها ئەبێ لە ڕووی فکری و هوشیاریەوە تەجاوزی ئەو حاڵەتانەی پێ بکرێ .. وەك تێڕوانین بە عەقڵێکی ڕەخنەیی لە واقیعەوە ، هەوڵ دان بۆ گۆڕینی واقیعەکەش ، چاوی ڕەخنەییش کاتێ حەقیقەت ئەبینێ .. کە بتوانێ بەراورد لە نێوان خۆی و دەوروبەردا بکات .. دەست نیشانی جیاوازیەکانی بکات .. هۆ و هۆکارەکانی دیاری بکات ، چ وەك تاکی ناو کۆمەڵ و چ وەك نەتەوەی ناو جیهان .. بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە حەقیقەتی خۆی پێویستی بە بەرامبەر هەیە کە لە خۆی تێبگات و خۆی بناسێ ، تاکو بتوانێ لە حاڵەتێکی کەم و کوڕیەوە خۆی بگۆڕێ بۆ حاڵەتێکی کامڵ بوون .. هەرکاتێك مرۆڤ توانی لە ڕێگەی وەعی و هوشیاری فکریەوە دەست نیشانی جیاوازیەکانی نێوان واقیعی وەهمی و واقیعی حەقیقی خۆی کرد .. ئەشتوانێت ڕێگەی بەرەنگار بوونەوە لە بەرامبەر دیاردەکانی نامۆییدا دەست نیشان بکات و لە واقیعی وەهمیەوە ڕوو لە واقیعی دوا ڕۆژی بکات ..

مرۆڤی ئەم سەردەمە بە هۆی شعوور کردن بە نامۆیی هەست کردن بە چەوسانەوەی نەتەوایەتی لە مرۆڤی سەرەتایی جیا دەکرێتەوە واتە مێژوو بریتیە لە گۆڕانکاری هوشیارانەی مرۆڤ کە لە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانەوە بەدی هێناوە .. سەروەری و سەربەستی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕەها نیە ، گۆڕان و شکست و نوێ بوونەوەی بە خۆیەوە دیوە .. کە پێویستی بە بارو دۆخی لەبار هەیە بۆ هەموو گۆڕانکاریەك ،





تێپەڕاندن لە ڕابردوو و داهێنانی نوێ خوازی پابەندی کار و خەباتی هوشیارانەی مرۆڤە ، هەموو مانەوەیەك و خۆ لە قاڵبدانێکیش هۆیەکی تری نامۆیی مرۆڤە ، خۆ بەستنەوە بە ئەقڵی ئیستیجابەیی و باوی ڕابردوو زیاتر مرۆڤ لە خودی خۆی دوور دەخاتەوە و شکستی دەکات لە ئاست گەیشتن بە خودی حەقیقی مرۆڤ .. مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندووە ، بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی دووبارە بوونەوە وە یان لە لایەن دەستێکی غەیبیەوە بەرهەم نەهاتووە .. بەڵکو مێژوو بەرهەمی خەباتی مرۆڤ و لە ڕێگەی کار و خەباتی هەشیارانەوە مێژووی نوێشی بەرهەم هێناوە ، وە هەموو گۆڕانکاریەکی نوێ لە فکری مرۆڤایەتی هۆیەکە بۆ دەرباز بوون لە دەروازەی نامۆیی .

ئەگەر مێژوو بریتی بێ لە پێشکەوتنی وەعی و هوشیاری مرۆڤ بۆ تێپەڕاندن و گۆڕانکاری بەر لە هەموو شتێك پێویستی بە ئاشکرا کردنی شێوەی پەیوەندیەکانی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤ و لەگەڵ دەوروبەریدا .. ناتوانێ کاری گۆڕاکاری بەرجەستە بکات ، ئەگەر بەچاوێك بڕوانێتە وەسف و گێڕانەوە و پیاهەڵدانی مێژووی خۆی ، لەبەر ئەوەی مێژوو وەسف و گێڕانەوەی ڕووداو نیە ، بەڵکو ئاشکرا کردنی پەیوەندیەکانی ناو کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نەتەوایەتیە ، ئەم ڕاستیەشە فکری گەورە و عەقڵی بلیمەت کاریگەری هەیە لە ڕەوتی مێژوودا چ لە ڕووی ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی هۆی دواکەوتن و ئاشکرا کردنی ڕووداوەکانی ڕابردوودا بۆ لێکدانەوەی ئێستا و تێڕوانینی پاشە ڕۆژ .

ئاشکرایە هەر کاتێك مرۆڤ لە مێژووی دابڕا ، تووشی حاڵەتی نامۆیی ئەبێت ، ئەگەر خوێندنەوەیەکی نوێی نەبێ بۆ گۆڕین و تێپەڕاندنی لە واقیعی ئەمڕۆی ، تا بتوانێ مێژوو لە نامۆیی ڕزگار بکات .. ئەم هۆیەشە کەبەر لە هەموو هەنگاوێك مرۆڤ

پێویستی بە هوشیاری هەیە بە نامۆیی نەتەوەیی و مێژووی نەتەوەکەی ، ئەم سەردەمەش کە سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیایە هۆیەکی تری چەوسانەوەی نەتەوەیی بار گران کردووە ، لەبەر ئەوەی زانست و تەکنەلۆژیای ئەم سەردەمە هاوتەریب و هاوجووت نییە لەگەڵ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیدا .. هەمیشە نەتەوەی ژێردەستە گۆڕەپانێ بووە بۆ تاقیکردنەوەی تەکنەلۆژیای نوێ ، کەبەدەست داگیرکەرەوە بووە ، بۆ تێکشکانی ئیرادەی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەی چەوساوە بەرپرسیاری ئەخلاقی جیهانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی ئەمڕۆ ، کە دژ بە نەتەوایەتی و مرۆڤایەتییە هۆیەکی تری نامۆیی نەتەوەیییە ، بۆ لەناو چوونی نامۆیی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی ، پێویستە زانست و تەکنەلۆژیا هاوتەریب بێ لەگەڵ ویژدانی مرۆڤایەتیدا ، ئەبێ هەوڵ بدرێ هوشیاری و زانستی بەرز بکرێتەوە بۆ دابین کردنی ڕێژەیەکی نەگۆڕی ویژدانی مرۆڤایەتی ، تا بتوانرێ زانست و تەکنەلۆژیا خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات .. بۆ لەناو بردنی ناکۆکی نێوان زانستی نامۆیی و مرۆڤ ، وەك زانست بەسەر دژەکانیدا سەر بکەوێ ، کە بریتییە لە نەزانین و خورافە و نەخۆشی و چەوسانەوەی نەتەوایەتی . ئاشکرایە گشت داهێنان و دۆزینەوەیەکی زانستی تەکنەلۆژی بەرهەمی فکری مرۆڤە .. بەڵام کاتێ مرۆڤ خۆی لەدەرەوەی ئەو زانست و تەکنەلۆژیایە ئەبینێ کە ناشتوانێ دەسەڵاتی بەسەردا هەبێ ، بەناچاری تووشی نامۆیی ئەبێ . ئەوەی ئەبێ بە خاوەن دەسەڵات ئەو زانست و تەکنەلۆژیایە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنێ، ئەو نەتەوەیەش کە ئەیەوێ ڕزگاری بێ و خۆی لە نامۆیی دەرباز بکات پێویستی بەوە هەیە ئاستی هوشیاری فکری و زانستی تەکنەلۆژی بەرز بکاتەوە .. تا بتوانێ لە





مێژوویەکی نوێی دوور لە نامۆیدا چاو هەڵبێنێ ، داهاتووی نوێ بۆ نەوەی نوێی مسۆگەر بکات و بزوتنەوەی مێژوویی لە یاسای پێشکەوتندا چارەسەر بکات .

نامۆیی وەك دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و کێشەیەکی ترسناك لە خەم و فکری فەیلەسووفان و زانایان دوور نەکەوتۆتەوە ، بەلای (فیرباخ)ەوە بە دیاردەیەکی ترسناك و حاڵەتێکی مەترسیدار سەیری نامۆیی کردووە ، چارەسەریشی لە ئاست تەجاواز کردن و گەڕانەوەی خودی مرۆڤ بۆ جەوهەری مرۆڤایەتی .

هەروەها بەلای وجودییەکانیشەوە بە شێوەیەکی گشتی نامۆیی لەناخی مرۆڤدا هەیە ، هەرچەندە هەوڵ بدرێ لە ڕێگەی ئازادی و هەست کردن بە زەمەن و توند و تۆڵ کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ناتوانرێ تەجاوازی دیاردەی نامۆیی بکرێ ، خۆ ڕزگار کردن بە مەحاڵ دەزانن لەبەر ئەوەی ژیان مردنی پێوە بەندە و بەلایانەوە ژیان خۆی نامۆییە .

بەبڕوای زانایانی دەروونی ،نامۆیی ، دیاردەیەکی کوشندە و ترسناکە .. کەبەهۆی زرووفی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ناخی مرۆڤدا سەر هەڵ ئەدات . کەی ئەو بار و زرووفە گۆڕا مرۆڤ ئەتوانێ خۆی ڕزگار بکات ، لە ڕاستیدا نامۆیی پەیوەندی بەهوشیاری و هەستیاری مرۆڤەوە هەیە ، چ لە کۆمەڵگای شارستانیدا بێ و چ لە دواکەوتوو ، نامۆیی خودی بە ئازادی مرۆڤ و گۆڕانی بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و زرووفی ئابووری ڕۆشنبیری چارەسەر دەکرێ ، هەروەها ڕۆشنبیران کاتێ تووشی نامۆیی ئەبن بەهۆی ڕژێم و دەسەڵاتی سیاسییەوە ، کە دوورە لە ئازادی تاك و چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی تیا بەرکەماڵە، ناچار ئەبن بە نووسینی ووتار و بڵاو کردنەوەی کتێب تا بتوانن هەستی خۆیان دەربڕن ، وەیان لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی نهێنی کار بکەن ، وە یان ڕوو لە ئاوارەیی و دوورە وڵاتی بکەن ،

نووسینەکانیشیان لە شێوەی هێما و ڕەمزدا بڵاو بکەنەوە ، ئەو ڕۆشنبیرەش کە هەست بە چەوسانەوە نەکات هەستیش بەوە ناکات کە بەرهەمەکەی بۆتە کاڵای بازاڕی بازرگانی و پڕ و پاگەندە، کە بە هۆیەوە ڕەگـــــــەزی ڕاستگۆیی و قووڵایی جەوهەری هونەری لە دەست داوە ، ئەو کاتە شعوور ئەکەن کە نامۆن لە رۆشنبیری و رۆشنبیریان و دوورن لە کەینونەی مرۆڤایەتی .ئەگەر بەوردی سەرنجێك لە نامۆیی نەتەوەیی نەتەوەی کوردمان بدەین هەست ئەکەین کە پیلانی داگیرکەران جگە لە کوشتن و بەندکردن و کیماباران و ئەنفال کردنی نەتەوەی کورد لە رووی پیادەکردنی سیاسەتی بە نامۆ بوونی نەتەوەکەمانەوە کاری ترسناك و کوشندەی تری پەیرەوی کردووە ..بۆ نموونە راگوێزانی گوندو گوندنیشنەکان و دامەزراندنیان لە ئۆردووگا زۆرە ملیەکاندا کە بەهۆیەکی گاریگەری نامۆیی دادەنرێ لە بەر ئەوەی گوندنیشنەکان پەیوەندی بە رەوشت وبنەمایی گوندو تێکەڵاوی و کەسایەتی تایبەتی هەبووە لە بنەمای کۆمەڵایەتی نەتەوەکەماندا..هەروەها پەیوەندی بە زەویی و شاخ و ئاو هەوای پێی پەروەردە بووی باوباپیرانیەوە هەبووە..دابران و راگوێزان و دەرکردنیان و جێگیرکردنیان لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیدا دیاردەی خۆپەرستی و چاوچنۆکی و بێ هوودەیی و تێکشکانی هەستە سۆز و هەڵوەشانی روحی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی نامۆیی بە باڵای زۆرینەی خەڵکی گوندەکان برا بوو.

ئەم سیاسەتی راگوێزانە تەنها بۆ ئەوە نەبوو هێزی شۆرشمان لاواز و بێکەس کات بەڵکو هەڵتەکان و داروو خانی کەسایەتی نەتەوەی کورد مافی لە دیاردەیەکی ترسناکی وەك نامۆی نەتەوەیی دابەر جەستەکرد ... هەر کەس شعوری بەنامۆی نەتەوەی نەکردبێ دەبەنگ بووە ، ئەگەر بیری لە خۆیو داگیرکەرانی نەکردبێتەوە





کە ئەوان چیان بە نەتەوەکەمان کردووە و بەنیازی چی بوون بۆ توانەوەیی ڕەگەزی نەتەوەی کورد ...کاتێ کوردێك شعور بکات کە کوردستانێکی هەیەو نەتەوەکەی تووشی نامۆیی بووە لەسەری

ئەژیو بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی خاکی نەتەوەکەی بووە ئەمرۆکە بووە بەقەساب خانەیەك بۆ کوشتن و لەناوبردنی ژن و منداڵ و لاو و پیری نەتەوەکەی ئیتر چۆن شعوور بەنامۆیی ناگات و خۆیی بەنامۆ نازانێ لەسەر ئەم گۆی زەویە ...

کۆچ کردنی خەڵکی کوردستان و دوور کەوتنەوەیان لە خاك و نەتەوەکەیان و بەسەر بردنی ژیانێکی نوێی ئەو وڵات و دەوڵەتانەی کە بۆی چوون ، بەشێکی تری نامۆیی نەتەوەیی لە ئاوارەبووان دەگرێتەوە .. واتە ئەوەی لە کوردستانی دابەشکراو لە ژێر دەسەڵاتی چەوسانەوەی نەتەوەییدا ئەژی لە حاڵەتی نامۆیدا ژیان بەسەر ئەبەن ئەوەشی ئاوارەی هەندەران بووە بە ژیانێکی تری نوێی نامۆیی ژیان بەسەر ئەبەن ڕاستە بڵێن.. ئەوەی هەیە لە کوردستاندا و لە دەرەوەی کوردستان بەشی ژیانی نامۆییە..ئەوانەی ئاوارەن هەرگیز نابنە خاوەنی بریار ، ئەبێ مل کەچی گشت بڕیارێکی ئەو رژێمە بن و داوای هیچ هاریکاری یەکیان لێ ناکرێت ، نرخی کەسانی ئەو وولاتەیان پێنادرێو بە چاوی سوکەوە وەك مشەخۆر سەیریان ئەکرێ وکام کارەش سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤ بکات کە خەڵکی وولاتەکەش قێزی لێ ئەکاتەوە بەوان ئەدرێو بۆ پەیداکردنی نان و گۆڕینی ژیان و گوزەرانیان بە ناچاری و مل کەچی ئاوارەکانمان ئەیکەن...

ئەوانەی لە کوردستانیشدان ماونەتەوە بە دیاردەی نامۆیی ژێردەستەییەوە ئەناڵێنن ..ئەمە جگە لەگرفت و کێشەی باری کۆمەڵایەتی و ئاکام و دەردە چینایەتی و کێشەیەکی تری ڕووخانی ڕووحی مەعنەوی وشیواندن وئاڵۆزکردنی خەونی ڕۆڵەی

نەتەوەکەمان بۆ سەربەخۆیی بەدەست سەرکردایەتی ئەو لاینە سیاسیانەی بالاْ دەستن وسەربەخۆیی کوردستان بە خەونێکی نەزۆك سەیر ئەکەن و لەچوارچێوەی خەباتی سیاسیاندا نەتەوەکەمان بێ هیوا ئەکەن...سەرباری داگیر کردنی کوردستان فکری کوردایەتی چەواشە کراوەو شکڵ و شێوازێکی ئەوتۆیان بۆ دیاری کردوە ، کە گیانی ڕۆڵەی نەتەوەکەمان بە نەتەوەکەی نامۆ بێ و بیر لە سەربەخۆییو سەر فرازی خاك و دەوڵەتی کوردیمان نەکاتەوە .دوای خەباتی چل ساڵەیی خوێناوی نەتەوەکەمان تازە بە تازە ئامانجی شۆرشەکەی لە فیدرالی و حوکمی زاتی و مافەکانی تری وەك دانان بە بوونیدا وەك نەتەوەیەکی بێخاك و بێ مێژوو بۆتە دروشم..نامۆ بوونی مرۆڤ هۆیەکی لە دەست دانی خەونەکانی بێ ، بێ گومان نەتەوەی کوردمان نەك هەر خەونەکانیان شێواندوە بەڵکو بە جۆریەك شیرازەی هۆشیارو فیکری و ئەقڵیان هەڵتەکاندوە کە بەهەموو مل کەچیو بارو ژیانێکی کوولەمەرگی رازی ببێت بەمەرجێ تەنها ڕۆڵەی نەتەوەکەمان لە شەری دووبەرکیو کورد کوژی رزگار ببێت..ئەمەش ئەوەندەی کە دیاردەی نامۆیی کاریگەر تر کردووە و بێ ورەیی و بێ هیوایی و شکستی ڕۆحی و قەناعەتی مەنتیقی لا نەهیشتووە...نابووت بونی ئەقڵی کوردیو شێواندنی کەسایەتی ئەمرۆی نەتەوەکەمان بەشێکە لە پیلانی داگیر کران کە بە خۆمانی رادەپەڕێنن و ئێمەی نامۆش وەك دەستێکی نهێنی بمانجووڵێنی بێ بیرکردنەوە لە ئەنجام و داهاتوی نەتەوەکەمان خزمەتێکی بەلاشە بە داگیرکران ئەکەین.. نەتەوەیەك خاوەنی هۆشیاری نەتەوەیی بێ هەرگیز ڕێگا بۆ پیلان و نەخشەی داگیر کرانی خۆش ناکات ، بەڵکو هەمیشە چاوی لە سەر بەرژەوەندی بالاْی نەتەوەکەی ئەبێو بەرژەوەندی گشت چین و هۆزو کەسایەتیەکی ناو میللەتەکەی ئەکاتە قوربانی بەرژەوەندی

www.halabja.info




نەتەوەکەی..لە ئاست ئەم بەراوردییەدا نرخی پێ ئەبەخشێ کەسایەتی و چینایەتیو هۆزایەتی چ بایەخێکی هەیە لە کاتێکدا نەتەوەکەی ژێر دەستەو داگیر کراو بێ...؟

ئاشکرایە کە تاکو رادەی شارستانی ئەم سەردەمە بەرەو پێشەوە بڕوات حاڵەتی نامۆیی پەرە ئەسێنێو هۆشیاری بە نامۆیی ئاشکرا تر ئەبێ.. هەروەها بە هۆی دابەش بوونی خەڵکیەوە بەسەر دوو چیندا کە زۆرینەی هەژارو بێگوزەرانن نامۆیی لە گەشەسەندن و بەر فراوانیدا بالاْ دەست ئەبێ..بە هۆی گوشاری چینی دەسەلاْتدارو سەرمایەدارەوە گوشاری ژیانی چینی کەم دەرامەت زیاتر ئەبێ و نامۆیی گشت تۆێژە چەوساوەکان ئەگرێتەوە... چەندە گوشاری هەژار کردنی خەڵکی زیاتر بێ حاڵەتی نامۆیی زیاتر ئەبێ..ئەمەش بە شێکی نەخشەی داگیر کەران بووە کەنەیان ویستووە لە کوردستاندا کارگەو پرۆژەی وا بکەنەوە کە ژیانی نەتەوەکەمان لە بێ کاری و هەژاری رزگار بکەن...وەئەگەر پرۆژەیەکیش دامەزرابێ بەناچاری کردوویانە وەك پێویست بۆ خۆیان کەسوودی هەبووبێ .. هەروەك پرۆژەی بەنداوی دوکان و دەربەندی خان و کارگەی جگەرەی سولەیمانی کە کوردستان بەرهەمی تووتن و چەنەوەرە بۆ کارگەی شەکر هەروەها کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو تاسلۆوجە کە بەناچاری دایان مەزراندووە ... مانەوەی دیاردەی هۆزایەتیو خێلاْیەتی پشتگیری کردنە لە مانەوەی کە لەلایەن رژێمی داگیرکەرانەوە هەمیشە پشتگیری لێکراوە، کە هۆیەکی کاریکەرە لای رۆڵەی نەتەوەکەمان ئینتمای عەشایەری بەهێزتر بکات ، وەك لە ئینتمای نەتەوەی . ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر کەسایەتی نەتەوەیی کوردیمان کە نەمان توانیوە رۆڵەی نەتەوەکەمان هوشیار بکەینەوە بە هوشیاری نەتەوەیی ... هەروەها کەسێکی

www.halabja.info

عەشایەر جگە لە هۆزەکەی و ناوچەکەی خاك و نەتەوەکەی خۆش ناوێ وئینتمای نەتەوەیی لا پەیدا نابێ .. بەڵام کاتێ رۆشنبیری بلاوبووە وە هەستی نەتەوەیی ئەو کاتە بەئاسانی ئەتوانرێ رۆشنبیری نەتەوەیی لەلای رۆڵەی نەتەوەکەمان بە گشت تیرەو هۆزو عەشایریەوە پەیدا بکرێ و خەباتی نەتەوایەتی بۆ پاراستنی خاك و دەسەلات و سەربەخۆی بەر جەستە بکرێ ... مانەوەی نەتەوەکەمان لە دابەش بوونی بەسەر تیرەو هۆزو خێلاندا ، مانەوەی چەوساندنەوە و ملك داری دەسەلات داری یە کە هۆیەکی تری نامۆی جەماوەری نەتەوەکەمان ئەگرێتەوە ..پەیوەندی کەسایەتی خەلکی کوردستان ئەبی لەسەر بنەمای پەیوەندی هوشیاری نەتەوەیی بێ. ئاشکرایە هەموو جووتیارێك کە خاوەنی ملك و سامانی خۆی نەبێ و رەنج و کاری بۆ خوودی خۆی نەبێ بێ گومان وەك مارکس ئەڵێ ئەو کەسە لە حالەتی نامۆیی کاردا ئەژی .. مانەوەی دەسەلاتی ملك داری لە کوردستاندا مایەی دابەش بوون و تێکشکانی نەتەوەکەمانە بە حالەتی نامۆیی.

لە فکری فەلسەفی ئەمرۆدا ئازادی بۆتە کلیلی دەرگای کێشەکانی ئەم سەردەمە ..









## ( ئازادی بەرگری یە لە نامۆ بوون )

ناکرێ بگەرێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی سەر هەڵدانی فکری ئازادی ، بۆ ئەوەی بنەمایەکی مێژووین دابرێژین .. ئەگەر چی جار جارەش پەنا ئەبەینە بەر راو بۆ چوونی هەندێ لەو فەیلەسوف و زانایانەی توانیویانە چەمکی ئازادی بۆ ئەمرۆی مرۆڤایەتی بەر جەستە بکەن .. ئەمەش مانای ئەوە نییە دەقاو دەق ئەمانکاتە پێپەڵگری ئەو تێروانینە فەلسەفیانەی بە درێژای مێژووی مرۆڤایەتی سەرقاڵی بوون و قۆناغ بە قۆناغ گەشەی پێ دراوە ...کێشەی فکری ئازادی لەخۆی دا وەك زۆر لە مەسائلەکانی تری فکری مرۆڤایەتی پەیوەندی هەیە بە فکری فەلسەفی و زانستی وئەخلاق و کۆمەلایەتی رامیاری و ویژدانییەوە ... جگە لەمانەش پەیوەندی هەیە بەکێشەی فکری ئەو دیو سروشتەوە .. ئەگەر لە رووی میتافیزکییەوە سەرنجی لێ بدرێ وەك فەیلەسوفەکانی ئیسلام لێکیان داوەتەوە دەربرینیان لەسەر جەبری و ئیختیارە .. وەك زانایانی کۆمەلایەتی ئەیانەوێ پابەندی یاساو رامیاری بکەن ، کەپێویستە ئازادی مەرج و سنووری هەبێ ... بەڵام ئەو ئازادییەی ئێمە ئەمانەوێ بۆ نەتەوەی کوردمان لە ئاسۆی فکری مرۆڤی کوردیماندا خۆی بگرێ وەك مەسئەلەی زانستی و کێشەی کات و کێشەی پەیوەندی ئەقل و ئیدراکی مرۆڤی کوردیمان ... لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ ئەدەین ئەو پەیوەندییە ئاشکراکەین کە لەنێوان فکری ئازادی و بوون دا هەیە ، بەشێوەیەکی گشتی هەروەك ئاشکرایە کەسێك نییە بوونی خۆی بەبوونێکی حەقیقی دابنێ ئەگەر بوونێکی ئازادی نەبێ ... بۆ کەس ئاشکرا نابێ ئەگەر فکری ئازادی تەنها وەك کێشەیەکی فکری لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات بێ ئەوەی حەقیقەتی ئاشکرا بکات ئەگەر بەبوونی مرۆڤەوە پابەندی نەکات .. واتە کێشەی ئازادی وەك کێشیەکی فکری رووت لە

فەلەکی ئەقڵدا دەخولێتەوە و خزمەت بە ژیانی مرۆڤایەتی ناکات لەکاتیکدا پەیوەندی بەبوونی مروڤەوە نەبێ ..ئەم هۆیەشە ئازادی پەیوەندیەکی توندو تۆڵی هەیە لەگەڵ کاری مرۆڤدا بۆ ئەوەی لە حاڵەتی تواناوە بگەینە حاڵەتی بوون.. بوون بەبێ ئاشکرا کردنی توانای مرۆڤ و بەخوود گەیشتن و دەربرین لە بوونێکی ئازادا چیتر هەیە بوونی مرۆڤ بسەلمێنێ کە زەرووەرەیەکی کەینوونەیی هەیە...،ئەو بوونەشە کە خوودی مرۆڤ بەرپرسیارئەکا لە ئاست گشت بوونێکدا و مانای حەقیقی بە ژیانی مرۆڤ ئەبەخشێ ..واتە کێشەی ئازادی فکری مرۆڤە و هۆی ئاشکرا کردنی کێشەی بوون و کارو قەلەق و گشت کێشەکانی مرۆڤایەتییە..دان نان بە بوونی کێشەی ئازادی مرۆڤدا ، دان نان نییە بە بوونی ئازادییەکدا کە بەمرۆڤ بە خشراوە،بەڵکو هەوڵ و تێکۆشان و کارکردنی گەرەکە ، کە ئەتوانین ئەو هێزو توانایە بەدەست بخەین ، خۆمانی پێ ئازاد بکەین.. ئەم حەقیقەتەشە کە ئازادی لەرێگەی دیارییەوە بە مرۆڤ نا بەخشرێ ، بەڵکو دەستکەوتە وکاری ئەوێ ، بۆ مسۆگەر کردنی...رێگەش بۆ گەیشتنە ئەو ئازادییە ، یەکبوونی ئیرادەو هیزی مرۆڤی گەرەکە هەرکاتێ کەسێك لە یاسای بوون بە ئاگاهات ، واتە لە زەرووەرەی ناخی بوون تێگەیشت ئەو کاتە ئەتوانێ ئیرادەو زەرووەرەی یاسای بوون بخاتە خزمەتی بوونی مرۆڤەوە..دەوری باڵا ببینێ بۆ گۆرانکاری ژیانی ئادەمیزاد... ئەو کاتە ئەتوانی بڵێ من هەم و بوونیشم هەیەو بوونیشم زەرووەرەیەکی کەونییە...لێرەوە زەرووره و ئازادی لە یەکدا ئەتوێینەوەو یەك بوونێکی ئەوتۆیان لێ دەخولقێ کە مرۆڤ وەك بوون ئازادی و زەرووەرەیە و جەوهەری بوونیش لەیەك بوونی ئازادی و زەرووەرەدا بەرجەسیتە ئەبێ. لە راستی دا زەروره بریار لەسەر کاری مرۆڤایەتی ئەدا هەر وەك چۆن بریاری لە گۆرانکاری سروشتا هەیە.ئەگەرچی کاری مرۆڤ بە هۆی ئارەزووەکانییەوە سەرهەڵ ئەدات،بەڵام ئەتوانری جۆرەکانی زەرووره بۆ





کارەکانی مرۆڤ دیاری بکرێ، هەموو وورد بوونەوەیەك لەرەوشتی داهاتووی مرۆڤ کارەکانمان دیاری دەکات .

واتە هەڵێنجانی کارەکانمان بە زەرووەرەت دەرنجامی کاری داهاتوومانە .. هەروەك (فولتیر) ئەڵێ ( ئازادی لە گۆران و دیاری کردندایە .. لە بەرزترین پلەی باڵای دا ، مل کەچ بوونی یاسای ئەقڵە و بوونی دیاری کردنە بۆ سەلامەتی ئەقڵی مرۆڤایەتی... هەر وەها ئەڵێ (ئازادی تەنها ئەو هۆیە زانراوەیە کە هۆی نەزانراوی پێ ئەناسین )... ئازادی لەسەر بنچینەی زەرووەرەت دادەمەزرێ لەبەر ئەوەی جموو جۆڵی مرۆڤ تەنها لە واقعێکی دیاری کراودا پیادە دەکرێ ، بۆیە پێویستە بەسەر کۆسپو تەگەرەکانی ئەو واقعەدا سەربکەوین .. کاری مرۆڤ هەمیشە پێویستی بەئیرادە هەیە کە بریاری لەسەر بدات وەبەرگری لەو کارەی بکات ... ئەگەر وانەبێ مانای ئازادی هیچ نرخێکی نامێنێ .. ئەم هۆیەش ئەبێ بڵێین لەزەرووەرەتەوە خاڵی سەرەتا بۆ کاری مرۆڤ دیاری دەکرێ .. ئەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێ کە زەرووەرەی ناخی مرۆڤ جیاوازە لە زەرووەرەی سروشتی .. زەرووەرەی ناخی مروڤ هۆی جموو جۆڵی کاری مرۆڤایەتییە..کاتێك مرۆڤ ئەبێ بە کۆیلە لەئاست ئەو هێزەدا کەلەدەرەوەی دەسەلاتی مرۆڤە بەهۆی کەم تواناو بێ دەسەلاتییەتی .. بەلاّم کاتێ هەوڵ و تێکۆشان دەکاتە هێزو خۆی بەسەر واقع و بەسەر بەر بەستەکانی دا زاڵ دەکاتو سەرکەوتن بەدەست ئەخات ، نرخی خوودی بوون‌و ئازادی حەقیقی بۆ ئاشکرا ئەبێ ... کاری ئازادانە ئەو کارە نیە بەهۆی هەڵبژاردنی مەبەستی ئیرادیمان هەموو کاتێك ئەنجام بدرێ .. بەڵکو پێویستە هەندێ جار تێپەر کەین لە مەجالی هەڵبژاردندا بەرەو جیهانی ئازاد .. کاری ئازادانە بەو کارە ئەڵێن کەوەك شێوازێك ئەمانگەێنێتە جەوهەری حەقیقەتی بوونمان ... لێرەدا زەرووەرەتێکی ئەقلی رووت نییە

هانمان بدات بۆ کاری ئازادانە بەڵکو زەروورەتێکی زیندووە و زەروورە تێکی بوونیيە .. خۆ رزگار کردنی مرۆڤ و رووبەروو بوونەوەی لەگەڵ کێشەکانی سروشتدا حاڵەتێکە لە دیاردەکانی ئازادی بەدەست هێنان ، کە پشت بە زەروورەتی بوونی خۆی ئەبەستێ و ئەیەوێ لە کۆیلایەتی زۆرە ملێ ی سروشتی خۆی رزگار بکات .. ئەمەش کارو توانای ئەوەی بەگەڕی بخات . بۆ ئەوەی بتوانێ لە بوونی زەروورەتی سروشتی یەوە بگاتە بوونی ئازادی ..

ئازادی مرۆڤایەتی هەڵبژاردنی ئەقڵیيە کە لەسەر بنەمای فکر و تێروانینی و تێگەیشتنی هۆو هۆکارەکانی دادەمەزرێ .. ئەو کارە لەبارە کە پێودانی تایبەتی لەخۆ دەگرێ و ئامانج و مەبەستی لەدوا دەخولقێ .. واتە ئازادی گەشە سەندنی کەسایەتی مرۆڤە و هۆی دیاری کرنی چارەنووسیەتی و ژینگەی ناخ و دەرەوەی مرۆڤ بەیەکتر دەگەیەنێو تواناو هێزی خوودی مرۆڤ دەخاتە روو . ئاشکرایە تاکو مرۆڤ لەخوی و فکری خۆی شارەزا نەبێ ناتوانێ بەئاسانی بریارو دەسەلاّتی بەخۆیدا هەبێ .. هەر ئەم حەقیقەتەشە وامان لێ ئەکات بڵێین کە ئازادی ڕاستەقینە هاو پەیمانی بیری راست و دیاری کردنی سنووری لەبارە بۆ کاری مرۆڤایەتی .. چەند مرۆڤ بتوانێ بەراستی بیر بکاتەوە بەقەدر ئەوەندە دەتوانێ لە ئازادی نزیك بێتەوە .. چەندە مرۆڤ بتوانێ لەیاساکانی سروشت تێ بگات و بۆ بەرژەوەندی مروڤ ئەقڵی بەکاری بهێنێ ئەوەندە ئەتوانێ لەخواست و ئاواتەکانی نزیك بێتەوەو بەدەستی بخات ... ئەگەر چی هەندێ لەفەیلەسوفەکان لایان وایە دژایەتیەکی ئاشکرا هەیە لەنێوان ئازادی و زەروورەتدا .. ئازادی مرۆڤایەتی شتێك نیيە لەنەبوو بەربگرێ .. بەڵکو هەڵبژاردنێکی ئەقلاّنی و تێگەیشتنی سروشتی کاریگەری پێویستە . بەهەڵەدا ئەچن ئەوانەی پیان وایە کەئازادی کاری بەرەلاّی و بێ لێپرسینەوەیە .. گشت کارێك





لەبار و بەسوودبێ لەسەر بنەمای ئەقڵی و تێروانینی فکریو هۆشیاری مرۆڤایەتی پەسەند ئەکرێ .. ئەمەشە وامان لێ ئەکات کەئازادی کامڵ بوونی کەسایەتی مرۆڤ و تواناو قودراتی گەشە دار ئەکات بۆ یەك بوونی ژینگەی ناخ و دەورو بەری مرۆڤایەتی .. لێرەوە ئەتوانن بڵێن کە ئازادی هەڵوێستەو هەست کردنە بە رەوشتی مرۆڤ و دیاری کردنی هۆ کارەکانی پەرە سەندنی هۆشیاری و دابین کردنی رێژەی ویژدانی مرۆڤایەتیيە . ئازادی لەزانیاری زانستی مرۆڤایەتی دوور ناکەوێتەوە و بەچێچەوانەوە گەشە سەندنی زانستی مرۆڤایەتی کاریگەری هەیە لەسەر ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی کێشەی مرۆڤایەتی .. کەدیاردەی کۆیلایەتی مرۆڤ ئاشکرا دەکات جائەگەر چی نەخۆشیە دەروونی یەکانی بێ یان تاوان بێ .. یان ئاژاوەو شەرو شۆر بێ یان جۆرێك گرفت و کێشەی نارەوابێ ، لەبەر ئەوەی زانیاری زانستی مرۆڤایەتی هۆو هۆکارو هاندەری بەرێگەی زانستی چارەسەر ئەکات .. واتە زانستی دەروونی کاری ئازادی مرۆڤ پاپەند ناکات بە هەڵسوکەوت و کاری کوێرانەوە ، کە بەهۆی دەمار گرژی و ئارەزووی بێ ئیرادەی و نالەباری سەر هەڵ ئەدات .. ئەم هۆیەشە کەئەڵێن چەند مرۆڤ هۆشیاری بەدەست بهێنێ ئەوەندە زیاتر بە ئازادی ئەگات ... چەندەش کۆمەڵ بێ یاسابێ ئەوەندە زیاتر لە ئازادی دوور دەکەوێتەوە .. دوور کەوتنەوەش لەئازادی پێشێل کردنی لاوازانە ، لەژێر پێ ی دەسەلاّتداراندا .. ئەم هۆیەشە کە لای هەندێ کەس وا ئەزانن کە ئازادی و ئاژاوە دوورووی پارەیەکن ... بەلاّم مرۆڤ کە وەك زیندەوەرێکی هۆشیار و خاوەن مێژوویەکی مرۆڤایەتی ، توانای ئەوەی هەیە دەسەلاّتی بەسەر سروشت و مێژووی تایبەتی خۆی دا هەبێ ، ئەتوانێ کارەکانی بخاتە خزمەت نەتەوەو مرۆڤایەتیيەوە ئەشتوانی لە رێگەی ڕژێم و یاسای یەکسانیيەوە ، بەربەستی کاری ناهەموار و گێرە شێوێن بکات . هەر ئەم

حەقیقەتەشە  کە ئەڵێن ( ئازادی لە زانیاری زەروورەتدا بەر جەستە ئەبێ ) مێژووی مرۆڤایەتی بۆ ئادەمیزادی سەلماندووە کە هەر چەندە لە ئازادی دووربێ لە چوار چێوەی خەباتی مێژووش دوور ئەبێ.. ئازادی حەقیقی بۆ مرۆڤ شعور کردنە بە زەروورەتی ئەو ئازادی‌یە ، یەکێك لە بەر پرسیاری مرۆڤایەتی لەو رێ رەوەدا ئەوەیە کە مرۆڤ لەخوودی خۆیەوە وەك واقعێکی خوودی روو لە جەمسەری حەقیقی بوون بکات کە لەپێناوی‌دا درووست بووە ، هەرگیز مرۆڤ ناتوانێ بە سەر زەروورەی کەونی دا سەر بکەوێ و گشت یاساکانی ئەم گەردوونە بۆ ژێر ڕکێفی خۆی پەل کێش بکات بەلأم ئەتوانێ وەك کارێکی بەردەوام هەوڵ بدات پەی بە زۆر لایەنە نهێنیەکانی گەردوون و زەروورەی یاسای گەردوونی بەرێت . بۆ سوودی مرۆڤایەتی کەڵکی لێ وەربگرێ وەك بواری کۆمەلأیەتیش لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و کۆیلایەتی خۆی رزگار بکات . هەر هەنگاوێك کە مرۆڤ لەکۆنەوە تاکو ئەمرۆ بەرەو گۆرانکاری و پێشکەوتنی شارستانی و زانستی ناویەتی ، قۆناغێك لە ئازادی بڕیوە و سنورێکی نوێ ی فراوانتری بۆ ژیانی دیاری کردووە ، لێرەوە ئەڵێن ئازادی بەدەست هێنان بەری خەبات و تێکۆشانی مرۆڤە ، لە پێناو سەربەستی‌و گەرانەوەی کەرامەتی مرۆڤایەتی دا کە ئەمەش وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەلأیەتی ، بەرێگەی شۆرش لە گۆرینی مێژوودا بۆ لاپەرەیەکی مێژووی نوێی  نەتەوەکەی بەرجەستە ئەبێ .

کێشەی ئازادی فکری لای ئەو مرۆڤانەی لەئاست کۆن و پێوەنی کۆیلایەتی دا چاویان هەڵنایە ، لە هۆشیاری مرۆڤایەتی بە دوورن لەبەر ئەوەی کەسانێك بیر لە ئازادی نەکەنەوە چۆن ئەزانن کە کۆیلەن ؟ ئەوەی  فکری ئازادی لانەبێ لە کۆیلایەتی رزگار نابێ ، ئەوەی واقعی ژیانی نەگۆرێ لە زەروورەتەوە بۆ ئازادی کە لە ڕووی سروشتی



( نامۆیی نەتەوەیی )

و دەروونی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و سیاسی یەوە بەرجەستە نەکات ئەبێ چۆن بەخۆی بڵێ من مرۆڤم و دوورم لەواقعی ژیانی ئەژەڵی ؟

ئازادی واقعی ئەو ئازادی یە کە پەیوەندی راستەو خۆی بەژیان و بوونی مرۆڤەوە هەیە ئەوانەی خۆیان لەواقع دابریوە و مساوەمە لە سەر ئازادی خوودی ئەکەن بۆ سەلامەتی خوودیان ئەو کەسانەن کە لە چەمکی ئازادی تێنەگەیشتوون و مل کەچی رووداو زەروورەی  کۆیلایەتی کردوون و بێ ئیرادەی و بێ هیوایی خپی کردوون . ئەمانە تەنانەت ناگەنە بەختەوەری ئەگەر بە خەلأتیش پێیان بدرێ ، ئەگەر ئەو کەسانەش بە مرۆڤ نا وبنرێ و لەریزی مرۆڤدا سەرژمێر بکرێن ، ئەو کەسانەن کەلە ترسی بار بردن بوون بە مرۆڤ ، ئەوەندەیان کوڵی نەهامەتی و رسوای و بێ هوودەی لەسەر پشتیان بارکراوە بۆنەوەی دوای خۆیان ، کەلەنەفرەت زیاتریان پێ نابەخشرێ ، ئەوانەش کەدەبنە گرێ خەباتی و مەشخەڵی ئازادی بۆنەوەی داهاتویان ، لەخۆر تیشکی ڕووناکی ئەفرێنن دەبنە مایەی بەختەوەر ی نەوەی داهاتویان ، نەك تەنها خۆیان لەمەرگ و بیر چوونەوە رزگار دەکەن ، بەڵکو بەختەوەری بۆ نەتەوەو مرۆڤایەتی مسۆگەردەکەن...  ئاشکرایە هیچ کارێك بەبێ هۆناکرێ .. بۆ ئەوەی ئازادی سیفەتی کار وەرگرێ ئەبێ هۆو هۆکاری  لەبەرامبەردا دابنرێ ، ئەبێ ئازادی حەزو وویستی مرۆڤ بێ ، لەدایك بوونیشی لەسەر بنەمایەکی ئەقڵی بێ ... هەروەك ئەڵێن ئەقڵ ڕۆحی ئازادی یە بۆمرۆڤ و ئازادی نائەقلأنی کە هۆ و هۆکاری لەخۆ نەگرتووە ئازادی نی یە و دوورە لەئیرادەی ئەقڵی مرۆڤەوە ... ئەگەر  مرۆڤ لەخۆی بپرسێ و ئەو هۆو هۆکارانەی تێکەڵاوی خود و سروشتی ئارەزووەکانی ئەبێ چۆن ئەزانی کاری لەبار و نالەباری کردووە ، ئەگەر ئەقڵ یارمەتی نەدات و هۆو هۆکار ی لەبار و پاساوی ئەقلأنی بۆ پەیدا نەکات ... لێرە دا

ئەوڕاستیەمان بۆئاشکرا دەبێ کەکاری ئازادانە ئەوکارەیە کەئەقڵ قبوڵی ئەکات و ئیرادەی مرۆڤ پشتگیری لێدەکات . ئاشکرا یە کە نەزانین و هەڵە سەرچاوەی گشت شەڕ و بەڵایەکە .. تەنها ئازادی هۆی خێری مرۆڤایەتی‌یە ... کاری ئازادیش سەلماندنی خوودی مرۆڤە و گەیشتنە هێزێکی بێ کۆتای یە لەقوڵای خودی مرۆڤدا کەمسۆگەر دەکرێ .. کاری ئازادی دژ بەگشت حەتمیەتێکە لەبەرئەوەی حەتمیەت هیچ مانایەکی پێوانەی لا نامێنێ بۆدابەش کردن و بەش بەش کردنی کاری ئازادی کەتایبەت مەندی خۆی هەیە لەخودی مرۆڤدا . مرۆڤ ناگاتە ناخی خودی خۆی تەنها لەڕێگە ی کارە وەنەبێ کە ئەتوانێ تواناو بوونی بسە لمێنێ . ئەوکاتەش ئەتوانێ لەخودی دەربچێ لەڕێگەی ئەوکارەی کەلەتوانایدایە ئەنجامی ئەدات .. واتە مرۆڤ لەسەر دوو بوون دادەمەزرێ .. بوونی ناخ و توانای کەسایەتی و بوونی دەرەوەی کە واقعە و لە ڕێگەی کارەوە ئەو بوونەی بە ئەنجام دەگەیەنێ ، گومانیش لەوەدا نی‌یە کە مرۆڤ گشت کاتێك پێویستی بە جیهانی واقعی دەرەوەی خوود هەیە ، بۆ ئەوەی خۆی تیا بدۆزێتەوە . ئەم هۆیەشە کە ئازادی دەربڕین پێویستی بە دەرەوەی مرۆڤ هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانی تردا خۆی بسەلمێنێ بوونی خۆی دیاری بکات ، تەنها کاریش ئەبێتە ئەزمونی یەکەم بۆ مومارەسەی خودو سەلماندنی خودی مرۆڤ . لەم گەردوونەدا هەر هەموو کارێکش بۆ دەربرینی خوودە لە ئاست خەڵکی دا بۆ دابین کردنی مانا و جەوهەری بوون و بەیەکتر گەیشتنی نێوان خود و بوونە ، واتە ئازادی حەقیقەتێکی سەرەکی‌یە کە مرۆڤ ئەتوانێ لە ڕێگەی کارەوە بگاتە حەقیقەتی بوون و توانای دەسەڵاتێکی فکری ، هەرکاتێك مرۆڤ گەیشتە ئازادی حەقیقی ئەشگاتە حەقیقەتی کاری ئازادی کە لە ڕێگەی ئازادی ئیرادەوە بۆی دەبێتە سەرچاوەی ژیانی ئەقڵی مرۆڤایەتی. ئیرادەی مرۆڤ هەمیشە ڕووی لە خێرو چاکەیە ،



( نامۆیی نەتەوەیی )

ئەقڵیش هەست بە بوونی ئەو بابەتی خیرو چاکەیە ئەکات ، ئەم هۆیەشە کە مرۆڤ بە ئەقڵ بیر ئەکاتەوەو بە ئیرادەی بڕیار و ئەنجامی ئەدات ، ئیرادەی مرۆڤ گوێ رایەڵی ئەقڵی مرۆڤە ، واتە نەلە کار و بڕیاری بابەتی دا ئەزانێ خێرو شەڕ چی‌یە ئەگەر ئەقڵ نەبێ . لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ لە ئەقڵ و ئیرادە بەتەنها پێك نەهاتووە بەڵکو لە ئارەزوەکانیشی دا هاوبەشە ، زۆر جار مرۆڤ لاواز و بێ توانایە لە ئاست ئارەزوەکانیدا بە هۆی لاوازی ئیرادە و ئەقڵی ساویلکەیەوە ، بەڵام مانای ئەوە نی‌یە کە مرۆڤ نەتوانێ ڕێگە لە ئارەزوەکانی بگرێ و ئیرادەو ئەقڵی زاڵ نەکات ، بەڵکو پەشیمانی لە کاری نالەباردا ڕێگە خۆشکەرە بۆ گەرانەوەی دەسەڵاتی ئیرادەو لێکدانەوەی باش و خراپی کار ، ئەمەشە کە ئەڵێن پەشیمانی ئەو هەستە کاری گەری‌یەیە بۆ لە بیر کردنی ڕەگ و ڕیشەی کاری خراپ و نا لەبار ..ئازادی هەڵبژاردنی کاری چاك و فکری چاك هۆی سەلماندنی ئازاد بوونی مرۆڤە ، کردنەوەی دەرگای خێر بۆ مرۆڤ چاو هەڵهێنانی شعووری ئازادانەیە لە ئاست ئەو کارە خێرەدا . یەك بوونی ئیرادەو فکری مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کاری خێر ، پێویستی بە بەهێز بوونی ئیرادەو ڕۆشن بوونی فکری هەیە ، تاکو مرۆڤ بتوانێ لە ئاست کۆسپ و ڕێگرەکانی ئەو کارە دا خۆی راگرێ و چۆك دانەدات. هەموو بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی و رامانێکی فکری خاڵی سەرەتایی‌یە لە ئازادیدا ، هەموو دوو جەمسەری‌یەك لە خوودی مرۆڤ دا بەرجەستە ئەبێ بەتایبەتی لەنێوان بریارێك بۆ کارێك و بابەتی ئەو کارە لەو بڕیارەدا . هەر کەسێك تێبینی بۆ خوودی هەبێ کە کەسێکی تەمەڵە ئەمە مانای ئەوەیە ئەو کەسە ئەیەوێ لە تەمەڵەی رزگاری ببێت . هەموو بیرکردنەوە و ڕامانێکی فکری لەخۆی‌دا ، ئەزمونێکی روحی مرۆڤە کە لەناخیدا هەست بە ئازاد بوونی خۆی دەکات . هەموو کەس مەلەکەی بیرکردنەوە و ڕامانی ئەقڵی لە توانایدا هەیە، کە

گۆڕانکاری و بە هێز بوونی ئیرادەو گەشەکردنی توانای نوێ کاتەوەو لە ئەقڵی بەزین و خۆ خەڵتان ڕزگاری بکات . ئازادی بە مانا حەقیقیەکەی بەرجەستە کردنی ئەو کارانەیە کە مرۆڤ دەبێ پیلانی ئەقڵ و بڕیاری ئیرادەی لەسەر بدات ، واتە ئازادی کاری داهێنان و سوور بوونی ئەوێ کە دەرەنجامی بدات . فکری مرۆڤایەتی و ئیرادەی بە هێز تەنها ئەو ڕێگەیەیە کە داهێنانی نوێ لە خۆ دەگرێ ، ئیرادەی ئازاد رووی لە دوا رۆژە بۆ داهێنان ، نەك لێدانەوەی قەوانی رابردوو . ئەو کەسانەی بڕوایان بە ئازادی ئیرادەی مرۆڤ هەیە لەو کارە سڵ ناکەنەوە کە پێیان دەوترێ کاری نەکراو و موستەحیل ، وەك هەڵبژاردنی چارەنووسی تایبەتی بە خوودە یان یەکبوونی بوون و هەڵبژاردن وەك فەیلەسوفی بەناوبانگ (پسپرز) ئەڵێ ڕستە بە ناو بانگەکەی دیکارت ئەگۆڕم و ئەڵێم﴿ من بیر ئەکەمەوە بۆیە بوونم هەیە﴾ بەم رستەیە کە ئەڵێم ﴿ من هەڵ ئەبژێرم بۆیە بوونم هەیە ﴾ واتە بوون بریتیە لە هەڵبژاردن ئەو هەڵبژاردنەشە بەرزم ئەکاتەوە بۆ سەرووی بوونی سروشتیم . کەی مرۆڤ بوونی ئەبێ ئەگەر نەتوانی بریاڕی هەڵبژاردنی لە دەستدا نەبێ . ئەم هۆیەشە کە زۆربەی فەیلەسوفە و جوودیەکان بڕوایان وایە کە ئەڵێن (مرۆڤ بەری کاریەتی) هەروەها ( چاوی کاریەتی) هەڵبژاردنی یەك بە دوای یەکدا هۆی بەردەوامی و گەشەسەندنی ئازادی مرۆڤە . مرۆڤی ئازاد بەردەوام لە ئاشکرا کردنی نهێنی بوونی دا کار دەکات و مانای تواناکانی ئەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بوونی نوێ کاتەوە . چەق بەستن و رۆچوونی لە خاڵێکی بووندا خۆ وشك کردنەوەو کەڕوو هەڵهێنانی بوون بەرجەستە ئەکات ، ئازادی بۆ مرۆڤ بەر لە هەموو شتێك ئەو هۆیەیە کە بوون ئەگۆرێ بۆ توانا ، وەلە تواناوە ئەگۆری بۆ بوون . ئەو گۆرانکاریانەش کاتی ئەوێ بو بەدی هاتنی . مرۆڤ ناتوانێ گشت ڕابردووی لە بیر بکات و لاپەڕەی ژیانی بسڕێتەوە ، بەڵام ئەتوانێ





گشت کاتێك ژیانی بگۆڕێ و هەڵویستی بگۆڕێ لە بەرامبەر لاپەرەکانی ژیانی رابردووی‌دا . ئازادیش لە حەقیقەتدا هەڵمەتێکی ئەو گوڕانکاریانەیە کە دیاری ناکرێ ، تەنها بەو مەبەستە نەبێ کە وەك ئاوات و ئامانج و هیوای دوا ڕۆژ دەخوازرێ ، کەواتە رابردوو زەروورییە بۆ تەسەورکردنی چارەنووس کە وابێ مرۆڤ پێویستی بە ڕابردوو هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ گۆڕانکاری بەرجەستە بکات . هەروەك ئەڵێن گشت کارێك لە کارەکانی ئازادی چاوخشاندنەوەیەکە لە ژیانی ڕابردوومادا رزگار بوون لە ڕابردووی ژیان بۆ داهێنانی ژیانێکی نوێ ، ئازاد بوونە لە چەقین و پەنگ خواردنەوەی خوود و بوون لە بەر ئەوەی گشت بوونێکی پیرۆز چاوەڕوانی هێزو ڕووناکی ئازادی ئەکات ، لەو کاتەوە کە مرۆڤ فڕێ دراوەتە ئەم جیهانەوە پرسی پێ نەکراوەو ناشتوانێ خۆی لە واقیعی ژیانی ئەم جیهانە ڕزگار بکات . مرۆڤ لە ژیانی خۆی بەر پرسیارە ، ئازادە لە هەڵبژاردنی چۆنیەتی ژیانی ئەم بۆچوونەشە کە ناکرێ مرۆڤ وەك زیندەوری تر سەیری خۆی بکات ، بەڵکو پێویستە بەردەوام خەبات و تێکۆشانی بۆ ئازادی هەڵبژاردنی بوونی هەبێ. مرۆڤ لەم ژیانەی‌دا هاودەمی دابران و تەنهایی و بێ هاوکاری و هێزو توانای زەروورەتی دەوروبەرێتی . هێزیك نیە بیکاتە پشت و پەنای لەم جیهانەدا ، تەنها بوونی خۆی و ئازادی ژیانی نەبێ ، ئەم راستیەشە کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی زیاتر کەسێکی نیە بیکاتە پشت و هاودەمی ، واتە مرۆڤ ئەبێ پشت بە مرۆڤایەتی ببەستێ وبەرپرسیاری کاری مرۆڤایەتی بێ . تاکو بتوانێ ویژدانی مرۆڤایەتی مسۆگەر بکات و لەڕێژەیەکی نەگۆردا بەرجەستەی بکات ، تەنها مرۆڤ ئەتوانێ ئازادی مرۆڤایەتی بکاتە پێوانەی حەق و خێر و جوانی لە بوونیدا ، ئەتوانین بڵێین یەکێك لە بنەمای ئەقڵی مرۆڤ گەڕانە بەدوای ئازادی مرۆڤایەتی‌دا کە لەڕێگەی هەڵبژاردنی خواستەکانمان دا گشت بوونێکی حەقیقی

مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێ . لێرەوە ئەتوانین بڵێن کە مێژووی مرۆڤایەتی ئەو مێژووە خۆیناوییە کە مانای ئازادی هەڵگرتووە ، بازنەی ژیان و بوونی مرۆڤی لە چەوسانەوە رزگار کردووە، لەم مانایەدا ئەتوانین ئازادی بکەینە فکر و بیر و باوەڕ بۆ مرۆڤ ، بەڵگەش ئەوەیە کەسێ ئازادی لە تۆ زیاتر بێ لە تۆ گەورەترەو لە تۆ بەتواناترە و بوونی حەقیقی لە تۆ بەهێزترە . واتە ئازادی بونیادی کەسایەتی مرۆڤ نوێ ئەکات کە لەبوونێکی لاوازو تێکشکاوەو بەرەو بوونێکی بەرزو بەهێزو دەسەڵاتداری ئەکات . ئەو مرۆڤەی لە ئازادی خۆی دەست هەڵ دەگرێ لە هەستی مرۆڤایەتی بێبەش ئەبێ ، ئەم هۆیەشە ئازادی نرخ و بەهای گرنگی هەیە لەناخ و هەستی مرۆڤدا ، ئەوانەی نرخ و بەها بۆ ئازادی دانانێن و بایەخی نادەنێ ئەو کەسانەن کە بەچاوی گەشەوە سەرنجی ژیان و بوون و مرۆڤایەتی نادەن . جیاوازی لە نێوان خیرو شەڕدا ناکەن . گومان لەوەدا نیە کە قەدەر بەتەنها ناتوانێ خێر و شەڕ بۆ مرۆڤایەتی دابین بکات بەڵکو هەموو خێرێك بۆ نەتەوە لە ئیرادەی ڕۆڵەی ئەو نەتەوەیەدا . خەبات و تێکۆشانی گەرەکە کە بەختەوەری و سەرفرازی مسۆگەر بکات ئەگەر ئازادی رێگری لە شەڕ نەکات ، ناشتوانێ دەرگای خێر بۆ مرۆڤایەتی والابکات ، ئەم هۆیەشە کەمانای حەقیقی ئازادی پێویستی بە بەهاو نرخێك هەیە کە لە ناخماندا چەکەرە بکات و حەقیقەتی مرۆڤایەتیمان ئاشکرا بکات . ئیرادەی مرۆڤ لەسەرو هەموو شەڕ و خێرێکەوەیە ، بۆ گشت کارێکی خێر مرۆڤ بە ئیرادەی هەڵویست وەردەگرێ و بڕیاری حەتمیەتی ئەو کارە لە ئەستۆی خۆی دەخات ، واتە ئازادی هەڵبژاردنی هەڵویست خۆی لە خۆی دا ئازادیە بۆ تەحقیقی خوود ، لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئازادی بەر لە هەموو شتێك ئەو هێزەیە کە گوزارشت لە بوون دەکات ، خوود دەخولقێنێ بۆ مرۆڤ و مرۆڤ لە رێگەیەوە لە خوودی خۆی تێدەگات کە





خوودێکی کار کەرو بوونێکی خولقێنەرە . ئەو بوونەی لە دایك دەبێ و ئازادی نابێ وەك بوونێکی مادەی ڕووتەو دوورە لە بوونی مرۆڤی ئازادو خاوەن هەڵوێست و کارکەر بۆ گۆرینی ژیان و چارەنووسی . ئەو بوونەی ئازادەو بە ئازادی گیشتووە لە هەموو بوونێکی بێ ئازاد گەورەترەو بە تواناترو دەسەڵاتدار ترە. هەمیشە خاوەنی بوونی خۆیەتی کە نرخ و بەهای بوونی لە دەست نەداوەو نرخی خودو نەتەوەکەی لاپیرۆزە . ئازادی مرۆڤایەتی ئەو هێزو جووڵەو کارەیە کە مرۆڤ لە یاسای هۆ و هۆکاری سروشتی جیادەکاتەوە ، بەڵکو بۆ ئاستی بوونێکی ئیرادەیی و کەسایەتیەکی زیندوو خوڵقێنەر بەرز دەکاتەوە ، ئەوانەی لەپێناوی بەختەوەری مادیی بێ نرخدا ، لە مرۆڤایەتیو کەسایەتی ئازاد دوور دەکەونەوە ، تەنها لەڕووی ئابووریەوە بە ئەنجامی سەرکەوتن ئەگەن ، ئەو کەسانەن کە مانای مرۆڤایەتی و کەسایەتی و بەهاو نرخی خۆیان وەك مرۆڤ نازانن و نرخ و بەها ، بە پێوانەی مادیی بەراورد ئەکەن . لە سەر جەستەی مرۆڤایەتیو ئازادی گیرفانیان پڕ دەکەن و ویژدانی نەتەوەییو مرۆڤایەتیان بەتاڵان ئەدەن ، ئەم هۆیەشە کە کەسایەتی خۆیان لە دەست ئەدەن و بە سووك و چروك لە ناو نەتەوەو کۆمەڵەکەیاندا سەیر ئەکرێن ، لە پلە و پایەیان کەم دەکرێتەوەو بەکەسانی هەل پەرست و خۆپەرست ئەناسرێن . ئەو نهێنیەی بۆتە هۆی تێکشکانی مرۆڤ لە شارستانی ئەمڕۆدا کێشەی نەبوونی ئازادی مرۆڤە لەسەرجەم مێژووی مرۆڤایەتیدا ، لەبەر ئەوەی ئازادی هێزی گەورەیە ، لە کۆمەڵ دا ئازادی گەورە مسۆگەر ئەکات ، تاکو ئازادی تاك و هاوبەشی و یەکسانی مرۆڤ لە ئازادیدا بێ، بەهێزیو توند و تۆڵی دەوڵەت دەسەلمێنێ .

پیرۆزی دەسەڵاتی سیاسی لەوەدا نیە کە بە هێزو توند و تیژی حووکمرانی بەرجەستەبکات ، بەڵکو پیرۆزی دەسەڵات لەوەدا یە کە چەندە ئەو دەوڵەتە ئەتوانێ

ئاسایش و هێمنی و ئازادی بۆ میللەتەکەی ئامادە بکات . هەر دەسەڵاتێك بە ناوی ئاسایش و ئاشتی‌یەوە کۆیلایەتی و دابڕانی دەسەڵات لە میللەت بکاتە یاسای دەسەڵاتی، ئەبێ ئەو ئاسایش و هێمنی‌یە چەندە بێ نرخ بێ لەئاستی کەرامەتی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤایەتی‌دا . بوونی ئازادی سیاسی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات ، پێویستی بە هەڵبژاردن هەیە کە نوێنەرانی گەل خاوەنی دەسەڵاتی دەوڵەت بێت و یاسا و بەرنامەی دیموکراتی‌یەت بەرکەماڵ بێ .

ئازادی تاك و کۆمەڵ لە سەر بنەمای دەوڵەتێکی دیمکراتی‌و یەکسانی مسۆگەر دەکرێ .. پاراستنی ئازادی فکرو بیرو بڕوا یەکێکە لە بنەما سەرەکی‌یەکانی دیموکراتیەت و ئازادی‌و مافی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا .. فەرز کردنی بیرو بروا و عەقیدەی ئاینی و سیاسی لەسەر کۆمەڵ مانای تێکشکانی بنەما سەرەکی‌یەکانی مافی مرۆڤ و هەڵوەشانی کۆمەڵ و نەتەوەیە لەناو ئەو یاسای دەوڵەتەدا .. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بەر لەو بیرو باوەڕانە بگیرێ کە هۆی شێواندنی کەسایەتی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤایەتی‌یە .. ئەگەر چی ئازادی سیاسی ناتوانێ بە ئاسانی جیاوازی لەنێوان ڕاو بۆ چوونی شۆڕشگێرانەو ڕاو بۆ چوونی گێرە شێواندا بکات ، بەڵام مانای ئەوەنی‌یە حووکمی هەر لایەك لەو لایانە ، نەزانرێ و بڕیاری جەماوەر پشتگیری لێ نەکات ... ئەوەی جەماوەر رەتی ئەکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسی زەمەنی فەرزی ئەکات ، ئەوەیان ناو ئەبرێ بە پڕو پووچی سیاسی‌و ئەوەش جەماوەر قبووڵی ئەکات و ناو ئەنرێ بە فکری شۆڕشگێڕی .. ئەگەر چی هەندێ لە فەیلەسوفەکان لەیەك چوونێك لەنێوان باوك و کوردا و دەسەڵاتی دەوڵەتدا پێناسە ئەکەن ، بەڵام لەڕاستی‌دا دەسەڵاتی باوك مافێکی سروشتی‌یە کە بۆ بەخێو کردن و پەروەردە کردنی کوڕەکەی پیادەی ئەکات ، لە دوای گەورە بوونی کوڕەکەی ئەو دەسەڵاتە نامێنێ‌و کوڕەکەش پەیڕەوی باوکایەتی ئەکات و ڕێچکەی پەروەردەیی وەك ئەڵقەی زنجیرەیەك بۆ کۆمەڵ و مرۆڤایەتی پێکدەهێنێ ... دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت





لە پەیوەندی ئیرادەی جەماوەر و کەسانی دەسەڵاتداری دەوڵەت پێکدەهێنرێ ... واتە ناکرێ لە خێزانەوە سەرنجی دەوڵەت بدرێ بەیەك چاو سەیر بکرێ .. لە دەوڵتدا یاسا سەرچاوەی دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی مرۆڤە .. ئەگەر هاتوو ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی و یەکسانی‌و یاسایی دامەزرابێ ، بەڵام لەدەوڵەتێکی بێ دیمکراتی و دوور لەیەکسانی‌دا کەسانی حاوەن حەق خاوەنی هێز نین بۆ پاراستنی مافەکانیان . ناشتوانێ بەرگری لە حەق و مافی خۆیان بکەن . ئەم هۆیە ئەبێ بەهۆی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی دیکتاتۆریانە لەدەسەڵاتی سیاسی دیموکراتیەت . ناشکری حەقی داد پەروەری لەحەقی سزا دوور بخرێتەوە و دەوڵەت بۆ ئەوە دادەمەزرێ پارێزگاری لەمافەکانی تاکی کۆمەڵ و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵ بکات وەك مافە تایبەتیەکانی تاك و مافی ژیان و مافی ئازادی و سەر و سامانی تاك وکۆمەڵ. هەردەوڵەتەش لەسەر ئەم بنەمایە دور کەوتەوە ناونابرێ بەدەوڵەتی دیمو کراتی و یە کسانی و دەسەڵاتی گەل نابێتە خاوەنی هێز و دەسەڵاتێك کەهێمنی و ئاسایش و ئازادی تیا بەرقەرار بێ . حکومەتی دیموکراتی ڕاستەقینە ئەو دەسەڵاتەیە کە گەل خۆی بۆخۆی خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاری سیاسی‌یە و لە ڕێگەی نوێنەرانەوە گوزارشت لەئیرادە و قەناعەتی خۆی ئەکات . واتە گەل خۆی دەسەڵاتدارانی هەڵدەبژێرێ وخۆی یاسا دادەڕێژێ و دەسەڵاتی بریردان و ڕاپەراندن و شەرعیەت دان بە یاسا و کار و باری دەوڵەت مسۆگەر دەکات . ئەو کاتە ئەتوانرێ ئازادی کۆمەڵ و تاك لەسایەی کۆمارێکی دیموکراتی دا زامن بکرێ و چاودێری یەکسانی و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بکرێ و مافەکانی بپارێزێ و سەروەری یاسا بەر کەماڵ بێ . ئازادی سیاسی لەمانا گشتیەکەی دا بریتی یە لە کاری ئازادانە کە لە سنوری یاسا دەرنەچێ . واتە ئازادی سیاسی ڕێز گرتنە لەیاساو لەخەڵکی. بەهێزترین پەرژینە بۆ یاساکانی تاوان کە بەداد پەروەری پیادە بکرێ و ئاگاداری بیرو باوەڕی مرۆڤایەتی و داد پەروەری بکرێ ، بۆ

پارێزگاری دەسەڵاتی سیاسی دیموکرایەتی . هەر کاتێك کەسێکی تاوانبار شعوری کرد کە بڕیاری بەندکردنی بەهۆی تاوانەکەیەوەیە ، نەك بەهۆی حاکمێکی زاڵمەوەیە ، ئەوکاتە لە مێشکی دا فکری سزای سروشتی لا دەخولقێ و دژ بە دەسەڵاتی سیاسی نابێتەوە . ڕاستە زرووفی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری نەتەوەیەك لەنەتەوەیەکی تر جیاوازە . ئەم جیاوازی یە پێویستە کەسانی دامەزراندنی دەستووری ئەو وڵاتە لەدەستوری وڵاتانی تری جیا بکەنەوە ، بارودۆخ و ئاو هەوا و حاڵەتی رۆحی نەتەوەکانیان لەبەر چاو بگرن . واتە گونجانی ڕژێمی سیاسی لەگەڵ بارو زروف و دۆخی گەل دا ، ڕێگە گرتنە لە ئاژاوە و شێواندنی ئازادی سیاسی لەو دەوڵەتەدا. هەرکاتێك گەل خاوەنی دەسەڵاتێکی تەشریعی بوو ، دەبێتە خاوەنی خودی خۆی بۆ حوکم و بڕیاری سیاسی وڵاتەکەی . بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی بریتییە لە ئیرادەی ئازاد چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵ .. کۆی تاك لە کۆمەڵدا وەك پەیدا کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی کۆمەڵگایەك پێویستی بە نزیك بوونەوەی تاك هەیە لە کۆمەڵەکەی .. ئاشکرایە کە ئەم کارە پێك نایەت ئەگەر نەتوانێ لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی سیاسی دیمکراتی دا دەنگی تاك کۆنەکاتەوە ، بە ئیرادەی کۆمەڵ دەسەڵات بەر جەستە نەکات ... ئیرادەی کۆمەڵیش وەك دەسەڵاتی سیاسی ئەبێ بەشێك بێ لە کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵ .. ئاشکرایە دابەزین لە ئازادی مرۆڤ ، دابەزینە لە مرۆڤایەتی مرۆڤ . دابەزینە لە مافو فەرمانەکانی مرۆڤ ، کە ئەم دابەزینەش لە گەڵ سروشتی مرۆڤدا نا گونجێ ، هەموو ئازادیەکیش لە ئیرادەی مرۆڤ دابڕ بکرێ ، دابڕانی مرۆڤە لە گشت کەسایەتیو ئەخلاقیەتی مرۆڤایەتی .. هەر کاتێك مرۆڤ بە ئیرادەی خۆی لە ئازادی یەکانی خۆی دابەزی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و نەتەوەکەی مانای ئەوە نییە کە ئەو مرۆڤە خۆی بۆ تەنها کەسێك دۆڕاندووە ، بەڵکو بەرژەوەندی نەتەوەکەی گەورەیی ئەدات بەو کەسەو پیرۆزیی لە مرۆڤایەتی ئەو خۆ بەختکەرە





ئەکات کە بەرژەوەندی نەتەوەکەی لە سەرو بەرژەوەندی تاکە کەسی تەسکەوەی خۆیەوە داناوە ...

لێرەوە ئازادی تاك بنەمای هێزێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵ ، کە لە بەرامبەر ئەو ئازادی یەی ئەیبەخشێ ، تواناو هێزو پشتیوانی و پارێزگاری بۆ خوودو سامانی مسۆگەر دەکات .. واتە فکری ئازادی سروشتی تاك و بەخشینی بە نەتەوەو کۆمەڵەکەی گەیشتنە کەینوونەی مرۆڤایەتی تاکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و پێکهاتەی کۆمەڵگایەکی شارستانی مرۆڤایەتی ، کەجیاوازی نامێنێ لەنێوان کەسانی بەهێز و لاوازدا لەبەرامبەر یاسای دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتیدا .. یاسای دەوڵەت بریتی یە لە ئیرادەی کۆمەڵ .. کۆمەڵیش بۆی هەیە ئەو یاسایە بگۆڕێ بەو جۆرە کە ئەیەوێ بەکاری بهێنێت لەبەر ئەوەی یاسا بریتییە لەو ئامانجەی کە دەتوانێ گەورەترین خێر بە کۆمەڵ بگەیەنێ. واتە ئازادی و یەکسانی دابەش بکات .. بەبێ یەکسانی و ئازادی دادپەروەری سەقامگیر نابێ لەناوکۆمەڵدا . یەکسانیش بریتی نیە لە لەناو بردنی جیاوازی هێز و دەوڵەمەندی و کۆکردنەوەی سامان لەناو خەڵکی دا . .بەڵکو هەوڵدانە بۆ ئەوەی بتوانرێ هەژاری نەهێڵرێ و باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەژاران بەرز کرێتەوە بۆ ئاستی دەوڵەمەندی.. بۆمانەوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی پێویستە دوولای وەك هەژاری و دەوڵەمەندی لەیەکتری نزیك بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند نەبێتە چەوسێنەر و هەژارانیش ئازادیان هەرزان فرۆش نەکەن و بازرگانی بە ئازادی و ئیرادەی گەل نەکرێ .. کێشەی پەیوەندی تاکو کۆمەڵ و باس لە پەیوەندی ئازادیو دەسەڵاتی دەوڵەت یەکێکە لەکۆنترین کێشەی سیاسی مێژوویی مرۆڤایەتی .. ئازادی بەو مەفهوومە هاتووە کە پارێزگاری خەڵکی بکرێ لە ئاست دەسەڵاتی سیاسی زەمەنی ستەمکاردا .. ئەوەی ڕێگە لە ستەم و زوڵمی

دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت تەنها ئازادیيە ..بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران سنورێك بۆ ستەمكاريان دابنرێ ، ئەمە ناونراوە ئازادی سیاسی .. ئازادی هەندێ جار لەلایەن كۆمەڵەوە زەوت ئەكرێو مافی تاك وەك مرۆڤ پێشێل ئەكرێ .. جا ئەگەر لە رووی ئاينیيەوە بێ ، يان لەڕووی عوورف و عاداتی باوەوە بێ ... ئەم كارەش رێگە لە بەختەوەریو بەدیهێنانی مرۆڤايەتی مرۆڤ ئەگرێ و گۆرانكاری و داهێنان و پێشكەوتنی مرۆڤ ژێر پێ ئەخرێ .. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە نەخشەی پیلانی پیادە كردنی ئازادی تاك تادەگاتە ئازادی كۆمەڵ سنووريان لە يەكتری جيا بكرێتەوە و ياسای پاراستنی مافی ئازادی تاك لەبەر چاو بگیرێ و ئازادی كۆمەڵیش وەك كيانێكی كۆمەڵايەتیو مرۆڤايەتی بەرجەستە بكرێ ... لە ڕاستیدا تاكو كۆمەڵ نەگاتە ئاستێكی هۆشیاری و رۆشنبیری ئەوتۆ ، كە نرخی ئازادی بزانێ ، ناشتوانی بە ئازادی حەقیقی بگات و پارێزگاری بە بەردەوامی لێ بكات .. ئازادی تاك لەسەر بنەمای ئازادی فكر و ویژدان و هەستە سۆز پیادە دەكرێ كە پارێزگاری لە كەسايەتی مرۆڤ دەكات لەناو كۆمەڵدا .. بەمەرجێ ئەو ئازادی تاكە زەرەرمەندی نەبێ بۆ سەر ئازادی كۆمەڵ .. لێرەوە ئەتوانين بڵێين ئەو كۆمەڵە ، يان ئەو دەسەڵاتە سیاسی يە زەمەنیيەی ناتوانێ پارێزگاری لە مافەكانی تاك وەك مرۆڤ بكات ، ناتوانێ وەك پێویست دەوڵەتێكی دیموكراتی و يەكسانی دابمەزرێنێ ... لە كاتێكدا زۆرينەی كۆمەڵ دەبنە بەر بەست لە بەرامبەر فكرێكی نوێ دا ، مانای ئەوەيە يەكێك لە كۆڵەكەكانی ئازادی و دیموكراتی ژيانی كۆمەڵايەتی ئەو كۆمەڵە لە مەترسی دايە .. لەبەر ئەوەی بەر لە هەموو شتێك ئەو بەر بەستە هەوڵێكە بۆ لەناو بردنی هێزێك كە ناو ئەبرێ بە ((ئازايەتی ئەدەبی))..ئەگەر چی بوونی بەربەرەكانی فكری ، لە ناو كۆمەڵدا مانای زيندویی و ژيانی فكری و پێشكەوتنی ئەو كۆمەڵە






ئەگەێنێ . بەڵام بەربەست دانان لەو كۆمەڵەدا مانای ئەوەيە كە كۆمەڵەكە وەك ڕانە مەڕی لێ دێ و ئیرادە و فكری لە دەست ئەدات و كەسێكی بەهێز خۆی دەكاتە شوان و بە ئارەزووی خۆی ئەيان لە وەڕێنێ..ئەو كاتەش ژيانی ئەو كۆمەڵە جگە لە لاسايی و مل كەچی زياتر ڕوو لە ژيانێكی تری و گۆرانكاری ناكەنەوە.

# ئینتیمای نەتەوەیی

کۆنگرەی ڤێنای ساڵی (١٨١٥ ) لەپێناوی گەرانەوەو تەنزیم کردنەوەی ئەوروپادا بەسترا. کەپابەندی مافی پاشا شەرعیەکان بوو . بەم کارەش نەخشەیەکی نویێ بۆ زۆربەی کیشوەری ئەوروپاکێشرا ... ئەگەر چی ئەم کۆنگرەیەش نەیتوانی ئاشتی و هێمنی مسۆگەر بکات ، بەپێچەوانەوە ئەوگۆرانکاری و پێشکەوتنە سیاسیانەی دوای کۆنگرە سەری هەڵدا بێ وێنە بوو لەمێژووی رابووردووی ئەوروپادا .. زنجیرەیەك لەڕوداو بوو بەهۆی یەکگرتن و لەناو چوونی دەسەڵاتی سیاسی و جیا بوو نەوەی وڵاتان و ڕزگار بوونیان لە ماوەی یەك سەدەدا .. ئەمەش هۆی گۆڕانکاری نەخشەی سیاسی ئەوروپا بوو لەنێوان نەخشەی دوای شەری ناپلیۆن تاکو جەنگی جیهانی یەکەم .. دوو لەو دەوڵەتانەی هاتنە گۆڕێ ئەڵمانیا و ئیتالیا بوون..بە دوایدا دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی نەمساوی دابەش کران ، بەسەر ئەو دەوڵەتانەی لە ژێر فەرمانرەوایاندا بوون..ئیمپراتۆریەتی نەمسا دابەش بوو بەسەر حەوت دەوڵەتدا کە وەك نەتەوە لە یەکتری جیاواز بوون، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابەش بوو بەسەر شەش دەوڵەتدا جگە لەو وولاتانەی لە ئاسیا و ئەفەریقادا لێی جیا بوونەوە. لە دایك بوونی دەوڵەتی بەلجیکاو جیابوونەوەی لە هۆڵەندا، مەجەڕ لە نەمسا جیابووەوە، نەرویج لە سوید، فنلاندا لە روسیا، ئێرلەندا لە ئینگلترا هەروەها یۆنان وبلغاریا و ڕومانیاو ئەلبانیا لە دەوڵەتی عوسمانی ڕزگاریان بوو ، گشت ئەم رزگار بوون و دامەزراندنی دەوڵەتانە لە سەدەیەکدا رووی دا..ئەم گۆرانکاریە ترسناکەی لە ئەوروپادا رووی دا بە هۆی (سەرهەڵدانی فکری نەتەوەیی)یەوە بوو،ئەو دەوڵەتانەش کەدامەزرا لەسەر بنچینەی جیاوازی نەتەوەکان بوو هەریەك لەو نەتەوانە لە پێکهاتەیەکی ئورگانی کۆمەڵایەتی سروشتی دروست بوو





بوون..کەخاوەنی کیانێکی مەعنەوی تایبەت بوون.. مافی ئەوەیان هەبوو کە ئیدارەی کاروباری خۆیان بکەن و رزگار بن لەدەسەڵاتی نەتەوەیەکی تر ، ئەم فکرە لە دەرونی ئەو نەتەوانە دا چەکەرەی کرد کەلە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی دەوڵەتەکانی کیشوەری ئەو روپای لەسەر دامەزرا ... ئەم گۆرانکاری سیاسیە لەزۆربەی ئەودەوڵەتانەدا بوونە هۆی سەرهەڵدانی فیکری نەتەوەیی و دامەزراندنی مەبدەئی سەربەستی نەتەوایەتی ... پێکهاتەی دامەزراندنی مەبدەئی سەربەستی نەتەوایەتی لەسەر بنەمای یەك زمانی هاوبەشی و یەك مێژوویی بەرجەستە بوو .. ئەم دوو بنەمایە وەك ئەساسیاتی فکری نەتەوەیی چەندین دەوڵەتی بچوك یەکیان گرت و دەوڵەتێکی نەتەوەیی‌یان دامەزران ، بەم بۆنەیەوە زۆربەی مێژوونووسانی ئەوسەردەمە ناویان نا بەسەردەمی (سەربەخۆیی نەتەوەیی) . لەراستی دا سەرهەڵدانی فکری مافی نەتەوایەتی لەئەوروپادا بەشێوەی جیاواز و جۆراوجۆر لە دەرونی نەتەوە جیاجیا کاندا هاتە گۆرێ و گەشەی سەند ... ئەم جیاوازی جۆراوجۆرەش بوو بەهۆ ی جیاوازی بار و دۆخی سیاسی وهوشیار ی نەتەوەی و گوزەرانی ئابووری ... ئەم جیاوازی یە هۆی جیاوازی جۆراوجۆر ی نموونەی سەربەخۆی نەتەوەکان لەیەکتری دابڕاندو ... بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەی ئەڵمانیا جیا ئەکەینەوە لە یەك گرتنی ئیتاڵیا .. لەبەر ئەوەی یەکگرتنی دەوڵەتە بچوکە کانی ئەڵمانیا پێویستی بە یەکگرتن و لەیەکتر گەیشتنە و گونجان و هاوکاری میرنشینەکانی ئەڵمانیا هەبوو .. کەبەرژەوەندی کەسایەتی و دەستەڵاتی میرنشینەکانیان بگۆڕنەوە بە بەرژەوەندی نەتەوەی ئەڵمانیا بۆیەکگرتن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەسەر خاکی ئەڵمانیا ... بەڵام لەئیتاڵیادا بزاڤی نەتەوایەتی رزگار کردنی چەندپارچەیەك بوو لە دەست ولاتانی داگیرکەر و یەکگرتنی

لەژێر سایەی دەسەلآتی دەولّەتی سەربەخۆیی نەتەوەی ئیتالّیا .. بەهەر حالّ خەباتی نەتەوایەتی هەر نەتەوەییەك جیاوازی هەیە لەخەباتی نەتەوەیەكی تر ، بەهۆی بارو دۆخی سیاسی و ئاینی و كۆمەلآیەتی و مێژویەوە . بەلآم جیاوازی خەبات و ڕێگەی سەربەخۆیی نەتەوەیی نابێتە هۆی جیاوازی فكری سەربەستی نەتەوەیی .. تاكو مرۆڤ وەك نەتەوە هەبێ پێویستی بەسەربەخۆی و دامەزراندنی دەولّەتی نەتە وەیی خۆی هەیە . كە ممارەسەی دەسەلآتی سیاسی خۆی بكات لەسەر خاكی رزگار كراوی لەچوار چێوەی سنوری نەتەوەیی ئەوخاكەی دا ... فكری نەتەوایەتی لەسەر یەك ڕەگەز و یەك توخم دانامەزرێ ئەگەر چی ئەم فكرە هەستی دەرونی نەتەوەیی دەخولّقێنن لەناو نەتەوەیەكدا بەلآم لەم سەردەمەدا ناتوانرێ نەتەوەیەك دەست نیشان بكرێ كەیەك خوێنن و یەك ڕەگەزبن و تێكەلآوی ڕەگەز و خوێنی نەتەوەكانی دەور و بەری نەبوبێ.. ئەگەر چی ئەو تێكەلآوی‌یەش بەشێوەیەكی نیمچەیی خۆلّقابێ .. بەلآم گرنگی بنەمای زمانی هاوبەش و مێژوویی هاوبەش و هوشیاری نەتەوەی بەبنەماسەرەكییەكانی فكری نەتەوەیی دادەنرێ ئەم سێ بنەمایە ئەبێتە هۆی خولقانی ئینتیمانی نەتەوەیی بۆمرۆڤ .. لەراستی دا بوونی ئینتیمانی نەتەوەیی بەمەرجی كاری گەری فكری نەتەوەیی دادەنرێ . لەبەرئەوەی زۆر كەس هەیە بەزمانی نەتەوەكەی ئەدوێ و خۆشی بەخاوەنی مێژویی نەتەوەكەی ئەزانێ بەلآم ئینتیمای نەتەوەیی لەوەعی‌دا نی‌یە ، هەروەها هوشیاری نەتەوەیی لەگەنجینەی ڕوناكبیری دا كۆنەبۆ تەوە ، بەهۆی رۆشنبیری فكری ئاینی یان فكری ئومەمی وەیان فیكرێكی سیاسی جیهانی سەردەمەكەیەوە ... واتە بەكەسێك ئەوترێ نەتەوەیی كە ئینتیمای نەتەوەیی بۆ نەتەوەكەی هەبێ و لە رێگەی هوشیاری و رۆشنبیری نەتەوەیی‌یەوە خۆی پەروەردە كردبێ بۆخەبات و تێكۆشان .





لەراستی‌دا زمان شێوازێكە بۆ تێگەیشتن و ئامرازێكە بۆ گۆڕینەوەی فكر و هەست و نەستی ئەو نەتەوەیە .. كە نەوە لەدوای نەوەی ئەو نەتەوەیە بەیەكەوە ئەبەستێتەوە و ئەیانكات بەخاوەنی مێژوویەكی هاوبەش و كلتوورێكی نەتەوەیی بۆئەو نەتەوەیە كە تاك بە كۆمەلّەوە پابەند ئەكات و لە نەتەوەكانی تری جیا ئەكاتەوە .... هەر نەتەوەیەك زمانی لە دەست بدات و بە زمانی نەتەوەیەكی تر بدوێ ، بێ گومان توانەوەی ئەو نەتەوەیە كارێكی حەتمیە و لەناو چوونی مێژوو و كلتوور و گشت بنەما نەتەوەییەكانی بەرەو نەمان ئەچێ ... لێرەدا ئەتوانین بلّێین زمان بۆنەتەوە وەك ڕووح وایە بۆلەش ... هەروەها مێژوو وەك شعوری نەتەوەیەك و بیرەوەری‌یەكی ژیان نامەی ڕابووردووی نەتەوەیە .. خۆناسین و كەسایەتی نەتەوە بەهۆی مێژووی تایبەتی یەوە دەناسرێ مایەی شانازی ئەو نەتەوەیە كە وەعی بە بوونی خۆی هەیە .. ئاشكرایە داگیركەر هەمیشە هەولّ و تەقەلای بۆ لە ناو بردنی مێژووی نەتەوەی داگیركراو لە گەڕدایە .. نەتەوەی هوشیار كەبیەوێ بەئازادی و سەربەخۆیی بگات ئەبێ زمانی بپارێزی و مێژووی نەتەوەكەی فەرامۆش نەكات لەبەر ئەوەی زمانی وەك ڕۆحی نەتەوە و مێژووشی وەك وەعی بەبوونی ئەو نەتەوەیە هەمیشە زیندو ئەبێ ، نەوەی داهاتووشی لەمردن رزگاری ئەبێ.. ئەگەر چی هەندێ لە ڕووناكبیران پێیان وایە ئەم سەردەمە سەردەمی جیهان بینی و سەردەمی یەككگرتنی نەتەوەكانە، ئەقلّیەتی مرۆڤی هاوچەرخ ڕووی لە دامەزراندنی جیهانێكی مرۆڤایەتی‌یە وسەردەمی نەتەوایەتی وەك فكرێكی مرۆڤایەتی بەسەر چووە بۆ ئەم رۆژگارە نابێت .. بەلآم ئەگەر ئەم بۆچوون و تێرواڕنینانە لەسەر ئاستی ئەقلّیەتی كیشوەری ئەورووپا بەراورد بكرێ هەندێ ڕاستی تیا بەدی دەكرێ . لەبەر ئەوەی فكری نەتەوایەتی لە دوا پلەی گەشەسەندندایە و خواست و ئامانجی نەتەوایەتی

خۆیان بەدەست هێناوە لە ئازادی و سەربەخۆی و پێشکەوتنی بنەماکانی مرۆڤایەتی و تەکنەلۆژیادا . بەلأم ئێمەی کورد وەك نەتەوەیەکی چوار بەش کراو و داگیر کراو کە بێ بەشین لە بچوکترین مافی سەرەتای نەتەوایەتیمان ئەبێ بە چ هەقێ دەست بەرداری فکری نەتەوایەتی نەتەوەکەمان بین کە هەموو رۆژێك زیاتر ڕوو لە توانەوەو لە ناو چوون ئەبین .. نە خاوەنی خاکی خۆمانین و نە ناسنامەی خاك و نەتەوەمان لەم جیهانەدا بوونی هەیە .. ئایە کەس هەیە کیانی مرۆڤایەتی خۆش نەوێ و خەباتی بۆناکات ..؟بەلأم بەمن چی گشت نەتەوەکانی سەر زەوی خاوەنی خاك ودەسەلأتی سیاسی و ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان بن و کوردستانیش کەخاوەنی مێژوویەکی خوێناوی و دوورو درێژە و ژمارەی بەسی ملوێن کەس زیاتر ئەژمێرێ لەژێر دەسەلأتی سێ نەتەوەی داگیرکەردا بەرەوتوانەوەی نەتەوایەتی و مێژوویی و کلتووریی و فەرهەنگی بەرن . جیهان بینی ڕۆشنبیری کوردمان جۆرێکە لەخۆخەڵەتاندن و چاوپۆشینە لەمێژوی نەتەوەکەمان و مل کەچ کردنە بۆداگیرکەران و خۆبەدەستەوە دانە لەئاستی خەبات و تێکۆشان دا ... جیهان بینی ڕۆشنبیران تەواوکەری خەباتی نەتەوایەتیمانە ... واتە کەی نەتەوەی کورد لەقۆناغی سەربەخۆیی تێپەڕاند و بوو بەخاوەنی قەوارەیەکی سیاسی نەتەوەیی لە کوردستانێکی یەکگرتوی سنوور پارێزراو دا ، ئەوکاتەش جیهان بینی مرۆڤی کورد ئەگاتە ئاستی مرۆڤایەتی جیهان بینانی ئەوروپا .. بەلأم جێ ی داخە ئەمرۆ نەتەوەکەمان پێویستی بەروناکبیران هەیە بۆخەباتی سەربە خۆی و سەرفرازی کەچی ئەوان باز نادەنە ئەودیوو خۆخەڵەتانەوە ، بۆ ئەوەی خزمەت بە ڕەوتی نەتەوایەتی و خەباتی سەربەخۆیی خاك و نەتەوەکەمان بکەن ... ئەگەر چی ڕووناکبیرانی ئەمرۆمان شان بە شانی ئەقڵی سیاسی کوردیمان لە یەك خانەدا هاوتا و



( نامۆیی نەتەوەیی )

هاودەنگن بۆ چاوبەستی نەتەوەکەمان و لافی پێشکەوتن خوازی لێ ئەدەن کە ئەمەش جگە لە خۆدان بەدەستەوە زیاتر نەیان توانیوە لە سنووری گرێ هەست بەکەم کردن خۆیان رزگار بکەن و لە نووزەیەکی تری دەنگە خنکاوەکانی رابرووردوو بەولاوە چی تریان پێ نەماوە. بەڵکو هەمیشە لەململانێ کۆن بۆکۆن زیاتر جێگە پێی خۆیان لەداهاتوو دا ناکەنەوە ، تەنها بەهەندێ سیماو ڕەواڵەتی نوێ وە نەبێ کە جگە لە چەواشەکردنی خەباتی رزگاری نەتەوەکەمان زیاتر چی تریان بەدی نەهێناوە لە دروست کردنی تاقم و کۆمەڵێك کە بەرژەوەندی خۆیان لە سەروو بە رژەوندی نەتەوەکەیانەوە دابنێن . ئاشکرایە کە گرفتی سەرەکی لە بەردەم ئێمەی نەتەوەی کوردا کە بۆتە رێگر لە ئاست دۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ چوونە ناو پانتایی ئەقڵی سیاسی کوردیمان نەبوونی هوشیاری فکری و رۆشنبیری نەتەوەییە . پانتایی هوشیاری سیاسی کەلە خزمەت خەونەکانی نەتەوەکەماندا بێ ، بەرهەم و زادەی فکری کورد بێ لەلای ئێمە بە چاوێکی کاڵ بوونەوەی مرۆڤایەتی سەیرکراوە و ڕێگەی بەردەمی بۆ کراوەتە تەگەرە و ترس و لە پەراوێزی مرۆڤایەتی دا دیاری کراوە ئەم هۆیەش خەونەکانی کۆی ئێمەی چەواشە کردووەو لە خیتابی سیاسی و ستراتیژیی نەتەوایەتیمان بێ جێگە ماوین. دووبارە بوونەوەی مێژووی دەوەن بە ئاشی ئێمەی کورد لە خۆی دا تێروانینێکی نەپساوەی پڕ (تراژیدیای تۆمار کردووە)، ئەو تێڕوانینە نەیتوانیوە هاوسەنگ و هاوتەبایی لە نێوان خوودی نەتەوەکەمان و داگیر کەرانیدا بەڵکو مل کەچ کردن بۆ واقعێکی داگیرکەران و جێ بەجێ کردنی کوێرانەی فەرمایشتەکانیان بووە.

ئەقڵی سیاسی کوردی لە گرفتەکانی ئەقڵی سیاسی نوێ کوردیماندا بەرەهایی چاوی لە ئاست بونیاد نانی ناسنامەی نەتەوەیی و کوردایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی

کوردی نووقاندووە و لایان چاکترە بووە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی چوار دەوریدا بە مافێکی نیوە ناچڵ بژی نەک چوار دەوری بکەنە دووژمن و کورد لە ناوبەرن، بەم بۆ چوونەشیان وامان نیشان ئەدەن کە شان بە شانی ئەقڵە سیاسی‌یەکانی ئەو دەوڵەتانە خۆمان بگونجێنین و لە ژێر دروشمی برایەتی و پارێزگاری لە سنووری بەزۆر دروستکراودا بمێنیەوە کە ئەمە خۆی هۆیەکی تری خنکاندن و تەسلیم بوون و توانەوەی نەتەوەکەمان بۆ داگیر کەرانی کوردستان دەستە بەر ئەکات . رووناکبیری نەتەوەکەمان قۆناغ لەدوای قۆناغ سیماو ڕواڵەتیەکانی ڕۆشنبیری سەردەمەکانی هاوچەرخیان هاویشتۆتە ناو پانتایی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردەوە .. بەدوایدا لەشێوەی ئایدۆلۆژیای و کۆمۆنیزم دا هاتوونەتە گۆڕێ ، لە کۆتایشدا دیموکراسی سیمایەکی تری ڕواڵەتی بەخۆوە گرتووە لەژێر ناونیشانی چەمەکەکانی (دیموکراسی و یەکسانی و مافی مرۆڤ .. هتد) دا کە لە دەرئەنجامی فکری خۆر ئاوادابۆفکری کوردیمان خواستراوە .. حەقیقەتی گواستنەوەی ئەو چمکانەش لە کۆمەڵگای ئێمەشدا بە شێوەیەکی ئیفلیجانە گەشەی سەندوە ، نەشی توانیوە پارسەنگی کێشەی چەوسانەوەی نەتەوەکەمان بێ ، لەبەر ئەوەی لە ئاست شۆڤینیەتی داگیر کەرانی کوردستاندا نەتەوەی کورد لە پەراوێزی کۆمەڵگەکەیاندا بێ حساب ماوەتەوە .. لە قۆناغی کۆیلایەتی دا ئەژی کە دوورە لە مافە سەرەتایی‌یە کانی ڕۆشنبیری کوردیمان ، تەنانەت وەک مافی خوێندن بە زمانی زگماکی نەتەوەیی و گەشەسەندنی مێژووی وەک وەعی نەتەوە بە بوون و ڕابووردوی خۆی .. گواستنەوەی ئایدیولۆژی فکری جیهان بینی بۆ شارستانیەتی نەتەوەی کوردمان یەکێکە لە کارە چاکەکانی مرۆڤایەتی بەلاّم بەمەرجی پیرۆزی خاک و سۆز و وەعی نەتەوایەتیمان لێ پوچەڵ نەکاتەوە وشان بە شانی خواست و ئاواتی رزگاری و





سەربەخۆیی خاک و نەتەوەمان هاوخەبات و هاو تە بابێ ، بەلاّم ئاشکرایەکە فکری خواستراوی ڕابووردووی قۆناغەکانی خەباتی نەتەوایەتیمان هۆیەکی تری سەرکوت کردنی وەعی نەتەوایەتیمان بووە ، بۆ نموونە مارکسیەکانی کورد تاکو پێ یان بڵێن پێشکەوتوو خوازن دژ بە سەربەخۆیی کوردستان بوون و پاساویان بۆئەم ئەقڵە سیاسی‌یەیان نەترازاندی پرولیتاریای کوردوعەرەب بووە . لەو ڕۆژگارەوە کە نەتەوەی کوردمان لەسەر سیاسەتی دابەش کردنی خاکی دا خوێن ئەڕێژێ و شۆرش لە دوای شۆرش بۆ سەلماندنی بوونی خۆی بەرپا دەکات نەی توانیوە لە چوار مێخەی خاکی خۆی ڕزگار بکات .. بە هۆی نەبوونی فکری نەتەوەیی کە هەڵقوڵاوی ئازار و خەم و ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەمان بێ ..ئەگەر بە وردی ئاورێک لە مێژووی سەرهەڵدانی فکری نەتەوەیی ئەوروپا بدەینەوە زۆر لایەنی راستیمان بۆ ئاشکرا ئەبێ کە نەتەوەی کوردمان نەی توانیوە سوود لەو ئەزموونە گرنگانە وەربگرێ وەک لە وڵاتی ئەڵەمانیا بۆ سەربەخۆیی پەیڕەوی کراوە و یەکگرتنەوەی گشت پارچەکانی خاکی ئەڵەمانیا ئەگەر چی ئەڵەمانینا لە ڕووی ڕۆشنبیری‌یەوە بەهێزو خاوەن گەلێ پیاوانی رۆشنبیرو هوشیارو زاناو بلیمەت بوون ، ئەگەر چی لە رووی تواناو هێزو دەسەلاّتی سیاسی‌یەوە زۆر لاواز بوون ، بەلاّم کەسانی بلیمەت و ئەدیبانی وەک (شیللر و گۆتە وهیگل وکانت.....هتد) لە بواری زانستی وەک (غوس و هومیول و فرنر) کە لە دانیشگاکاندا خزمەتی رۆڵەی نەتەوەکەیان ئەکرد، ئەمانە کەمتر ڕویان لە کێشەی سیاسی وڵاتەکەیان ئەکرد و بیریان لە جیهان بینی و خەونی مرۆڤایەتی ئەکردەوە ، بەلاّم واقعی شۆرشی فەڕەنسا ڕووی مەبادئی ئینسانی گۆڕی بۆ داگیرکردن و ژێر دەستە کردنی وڵاتانی دەوروبەر . دروشمی ئازادی و ئاشتی گەلانیان لە ماوەی سالێك زیاتری نەخایاند ، کە یەکێك لە پیاوانی شۆرشی فەرنسا

وتی شۆرشی فەرەنسا ئەبێ ئەو ولاّتانە بخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە كە بەرژەوەندی فەرەنسای پێوە بەستراوە .. جا ئەگەر ئەو دەست بەسەر داگرتنە لەرێگەی جەنگەوە یان لە رێگەی وتوو وێژەوەبێ . ئەبێ كاری بۆ بكرێ ، دوای هاتنی ناپلیۆن ئەو ولاّتەی پەلاماردرا ئەڵمانیا بوو .. ئەو كاتە ڕووناكبیران و ئەدیبان و فەیلەسوف و زانایانی جیهان بینی ئەڵمانیا هەستیان كرد كە لە دەست دانو داگیر كردنی ئەڵمانیا بە هۆی نەبوونی یەك بوونی نەتەوەیی ولاواز بوونی گیانی نیشتمان پەروەریییەوە بووە ... كاتێك ئەیان بینی سوپای ئەڵمانیا لە بەردەم سوپای فەرەنسای داگیر كەردا هەڵدێ و بەرگری لە ولاّتەكەیان ناكەن ، هەستیان كرد كە بە ڕادەیەكی زۆر بەر پرسیارن لە لاواز كردنی بیری نەتەوەیی نەتەوەكەیان . بە ناچاری وازیان لە خەونی مرۆڤایەتی هێناو گشت هەوڵ و تەقەلایان بۆ فكری نەتەوەیی بە گەڕ خست ... كەسانی وەك ( ئارنت) و (غور) بە شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی ولاّتیان پڕ كرد .. كەسانی وەك (فختە) بە وتار خوێندنەوە لە كۆلێژەكانی ئەڵەمانیادا فكری نەتەوەیی دەستە بەر كرد . گشت ڕووناكبیرانی ئەڵەمانیا لە یەك فكردا كۆك بوون كە ئەویش سەربەخۆی و یەككگرتنەوەی ولاّتەكەیان بوو .. ئەگەر چی خەباتی سەربەخۆییو یەككگرتنەوەی ئەڵەمانیا زیاتر لە حەفتا ساڵی خایاند ، بەلاّم خەونی راستەقینەی ڕووناكبیران و ئەدیبان و فەیلەسوفانی ئەڵەمانیا بەهەدەر نەچوو .. ئەو وتارانەی (فختە) كە بۆ قوتابیانی دەخوێندەوە لە سەر بنەمایەكی زانستیانە نەبوو بەڵكو پشتی بە هەستە سۆزی نەتەوەیی و گیانێكی نیشتمان پەروەری بەستبوو .. وشەكانی ئاراستەی لاوان و پیاوانی دەسەلاّتدارو هەژاران و گشت چین و توێژەكانی نەتەوەی ئەڵەمانیا دەكرد .. بۆ نموونە ئەی وت ..(ئەڵەمانیای باپیرانمان گیانیان لە پێناوی بەرگری ولاّتەكەیان بەخت كردووە ... خوێنی ئاڵیان لە جەنگی ڕومان دا





ڕشتووە .. بۆ پارێزگاری لە ویژدانتان .. داواتان لێدەكەم بەرگری لەنەتەوەو خاكتان بكەن لەبەر ئەوەی ئێوەی ئەڵەمانی هیوای پێشكەوتن و سەركەوتنی گشت مرۆڤایەتین ، ئەگەر ئێوە لەناوچن كەس نیيە ببێتە ئاوات و ئامانجی هەستانەوەی مرۆڤایەتی ..) ئابەم جۆرە كەسێكی وەك (فختە) فكری نەتەوەیی بە فكری مرۆڤایەتیيەوە ئەبەستەوە .. بەناوی نیشتمان پەروەری و بەناوی مرۆڤایەتیيەوە بانگەشەی سەر بەخۆیی ولاّتەكەی دەكرد .... تاكو ئەم سەردەمەش وتارەكانی (فختە) بە ئینجیلی نەتەوەی ئەڵەمانی دادەنرێ گومان لەوەدا نيیە ئەو شیعرانەی ئەنووسراو ئەو وتارانەی بلاّو دەكرایەوە لە لایەن قەڵەم بەدەستان و ڕووناكبیرانەوە لە هەموو هەوڵ و تەقەلای نەتەوەیيدا پڕ بایەخ و بەكەڵك بوو .. هەروەها ئەو كارو پیلان و نەخشانەی لە بواری سیاسی و سەربازی دا بەر جەستە دەكرا دەورێكی بالاّیان هەبوو بۆ یەككگرتنەوەی ئەڵەمانیا لە بەرامبەر هەوڵی بەسوود و خەباتی ڕووناكبیراندا ئەو كۆسپ و تەگەرانەی بەربەستی سەربەخۆیی و یەككگرتنەوەی ئەڵەمانیا بوون لە دووو خاڵدا ئەبینران :

١. خۆ پەرستی ئەمیران و پیاوانی دەسەلاّتداران كە زۆر بەتەنگ مانەوەی دەسەلاّتی خۆیانەوە بوون ، ئامادە نەبوون بەرژەوەندی نەتەوایەتیان بخەنە سەرو بەرژەوەندی كەسایەتی و دەسەلاّتدارێتیان.
٢. نەخشە و پیلانی هەندێ لەو دەوڵەتانەی لە دەوری ئەڵەمانیا بوون ، بە تایبەتی فەڕەنسا كە هەوڵی ئەدا بەهەر هۆیەك بێ ئاگری رقەبەرایەتی و دەمار گرژی ناوچە گەریەتی لە برەودا بێ ، بۆ ئەوەی لەبەشی سەروی فەرەنسادا دەوڵەتێكی ئەڵەمانی دانەمەزرێ.

ڕووناکبیران و موفەکیرانی سیاسی ئەڵەمانی زوو هەستیان بەم دوو خاڵە گرنگە کردبوو کە ڕێگری یەکگرتنەوەی ئەڵەمانیا بوو . بۆ ڕزگار بوون لە نەخشەو پیلانی فەرەنسا کاری بەجێ و هەوڵی زۆریان بۆدا ، ئەوە بوو لە سەرەتاوە دەسەڵاتێکی (فدرالیان) هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئەمیرەکانی وڵاتەکەیان قایل بکەن کە خاوەن دەسەڵاتن و مافیان پارێزراوە ، بەم جۆرە تاکو کە سێکی سیاسی بە توانا هات کە ، ناوی (بسمارك) بوو توانی ئەڵەمانیای فدرالی بکات بە ئەڵەمانیای یەکگرتووی بە هێز لە ئەوروپادا ئەگەر چی زیاتر لە حەفتا ساڵێکی خایاند بەڵام خەونی ڕووناکبیران و ئەدیبان و گشت نەتەوەیی‌یەکی ئەڵەمانیا بوو بە حەقیقەتێك کە سەربەخۆیی و سەرفرازی و یەکگرتنەوەی ئەڵەمانیا بوو.

هەروەها چاوێك بە بزاڤی ڕووناکبیرانی یونان دا بگێڕینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە یەکەم نەتەوەی وڵاتی بەلقانن ، کە شعوریان بە ئاگا هاتەوە و فکری نەتەوایەتی بوو بە هۆی سەربەخۆی وڵاتەکەیان ، کاتێ سوڵتان محمد فاتح کە توانی بەسەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بیزنتیەکاندا سەرکەوێ ، ڕێگەی دا کە پێکهاتەی کە نیسەکانی (بطریرکی فنار) وەك خۆی بهێڵێتەوە و گشت مافە ئاینەکانی بۆ دابین بکرێ . ئەم کارەش بۆ گشت یونانیەکان بوو بە سەرچاوەی کارەکانی کە سایەتی و ئاینی و رۆشنبیری نەتەوەیی یونانی ، چ لە رووی زمان و ئاین و داب و نەریت و ئەرکەکانی نەتەوایەتیان ، ئەم کەنیسانەش هۆکارێك بوون بۆ مانەوەی شعوری نەتەوەیی و بەهێز کردنی فکری نەتەوایەتی لە ناو نەتەوەیی یونانی‌دا . هەروەها ڕێگە خۆشکەرێك بوو بۆ بەرپا کردنی شۆرش و خەباتی نەتەوەی یونانی . بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ خەباتی سەربەخۆیی وڵاتی یونان ئەوە بوو ، کە مێژووی کۆنی



( نامۆیی نەتەوەیی )

ئەدەبی و فکری بەرزی یونان کاریگەری خۆی لەسەر پانتایی فکری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بەرجەستە کردبوو.

گشت ڕووناکبیران لە وڵاتانی جیاجیای ئەوروپا دا ، پیرۆزیان ئەدا بە ئەدەب و فکری کۆنی یونانی ، ئەمەش لە خۆی دا سۆزی جیهانی بۆ نەوەی یونانی نوێ دەستەبەر کرد. بۆیە لە گشت وڵاتێکەوە خەم خۆری و هاریکاری و نەتەوەی یونان دەکرا ، تاکو بەسەربەخۆیی بگەن . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانیاریانەی پەیوەندی بە ئەدەبی کۆنی یونانەوە هەبوو لەلای ڕووناکبیران و ڕۆشنبیران و موفەکرینی ئەوروپا ، لەلای نەتەوەی یونانی بەو شێوەیە بەر فراوان نەبوو، کاتێك پەیوەندی توند و تۆڵ لە نێوان ڕووناکبیرانی ئەوروپا و وڵاتی یونان دا بە هێز بوو ، خەڵکی یونان هەستیان کرد کە خاوەنی مێژو و کلتوورێکی گرنگی مرۆڤایەتین ، جێگەی شانازی و ڕێزی ڕووناکبیرانی جیهانیشن . ئەمەش بوو بە مایەی گەشەسەندن و بووژانەوەی فکری نەتەوایەتی لە لای یونانیەکان. ئەوەی کە هۆی دوور کەوتنەوەی سەربەخۆی یونانی بوو زیاتر کێشەی سەربازی و سیاسی بوو نەك نەبوونی فکری نەتەوایەتی ، بەڵکو بەر لە سیماو ڕەواڵەتی سیاسی و سەربازی گەشەکردن و سەرهەڵدانی فکری نەتەوەیی سەرانسەر گشت وڵاتی یونانی گرتەوە و خەونی سەربەخۆی لای ڕۆشنبیران و ڕووناکبیری وڵاتانی ئەوروپاش بەرجەستە بوو ، تەنانەت هاوکاری و هاو خەباتی فیعلی‌یان ئەکرد لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی وڵاتی یوناندا ، کە خاوەنی مێژوویەکی شکۆمەندی مرۆڤایەتی بوون.

کە دێینە سەر نەتەوەی بلغاری جیاوازی ئەبینین لە چاو نەتەوەی یونانی‌دا ئەم جیاوازی‌یەش هۆی دیاری‌کردنی سیما و رواڵەتی ژیانی نەتەوەی بلغاری لە هی یونانی جیا دەکاتەوە .. بەڵام زەمەنێکی دوور و درێژی خایاند و هەستی نەتەوایەتی

www.halabja.info

بەچەند قوناغێکی پر لەکۆسپ و گراندا تێپەڕ بوو ..ئاشکرایە نەتەوەی بلغاری زۆر لە ئەرکانەکانی نەتەوایەتیان لە دەست دابوو ، وەك خاوەنی مێژووی خۆیان نەما بوون زمانێکی ئەدەبی پاك و بەرزیان نەبوو ، خاوەنی کەنیسەی نەتەوەیی نەبوون ، تاکو یارمەتی دەریان بێ بۆ پارێزگاری لە کیانی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و زمانی تایبەتی خۆیان بەڵکو مل کەچی کەنیسەی بێگانە بوون ، بە تەواوی زمانی زگماکی نەتەوەکەیان فەرامۆش کردبوو مەزهەبی بلغاری (ئەرزوکسیی) بوو کەسەر بە (بطریرکی فنار) بوو واتە گشت طقوسە ئاینییەکانیان بە زمانی یونانی بوو ، بڕوایان وابوو کە ئەنجیل لە ئەسڵدا بە زمانی یونانی نووسراوە و ئەبێ بەو زمانە بخوێنرێتەوە. بلغاریەکان لە ژێر دوو دەسەڵاتدا بوون یەکەمیان دەسەڵاتی سیاسی کە دەوڵەتی عوسمانی بوو ، دوو هەمیان کە دەسەڵاتی کەنیسەی یونانی بوو ، کە ئەمەیان بە تەواوی کیانی نەتەوایەتی داپۆشیبوون بۆئەم مەبەستە سەرەتا خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی یونانی رزگار بکەن بۆ ئەوەی کیانی نەتەوایەتی خۆیان مسۆگەر بکەن ، بە دوای دا خۆیان لە دەسەڵاتی عوسمانیەکان رزگار بکەن ، بۆ ئەوەی کیانی سیاسی بۆ وڵاتەکەیان دەستە بەر بکەن . فێربوونی زانستی ئاینی و زانیاری لە گشت قوتابخانەکانیاندا تاکو ساڵانی (١٨٣٥) زاینی بە زمانی یونانی بوو .. ڕوناکبیرانی بلغاری هەر لە سەرەتای دەست بەکار بوونیان ، ئەیانزانی هۆشیاری نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی لەدڵ و دەروونی نەتەوەی بلغاریدا چەکەرە ناکات تاك و کەنیسەکانیان لەژێر چنگی قەشە یۆنانیەکان رزگار نەکەن و قوتابخانەکەیان لەزمانی یۆنانی دوور نەخەنەوە ... بۆ ئەوەی بتوانن زمانی بلغاری بکەنە زمانی زانست و پەروەردەی ئاینی لەکەنیسەو قوتابخانەکانیاندا ... ئەمە کێشەیەکی دژ بەیەکتری لە نێوان روناکبیران و رۆشنبیرانی نەتەوەیی و قەشەکاندا خولقاند ... ئامانجی





سەرەکی و سەرەتای خەباتی روناکبیران رزگار کردنی کەنیسەکان بوو ، لەدەست قەشە یۆنانییەکان ... بۆ ئەم کارەش روناکبیران نەخشەیەکیان دانا کە نەتەوەی بلغاری لەکۆت و پێوەندی کەنیسەی یۆنانی رزگاریان ببێت ، بەبێ ئەوەی لەمەزهەبی ئەر ئۆرزوسکی دەربچن .. ڕێگەش بۆ ئەم کارە دانانی کەنیسەیەکی نوێیە .. سەربەخۆی لە کەنیسەی (بطریرکی فنار) کە گشت نوێژو پەروەردەی ئاینی بە زمانی بلغاری تیا بەرجەستە بکرێ .. ئەم فکرەیەش بە ئاسانی لەناو خەڵکیدا بڵاو بووەوە .. پشتگیریو پشتوانی وڵاتانی دەورو بەرو ئەوروپای بۆ کرا .. بەتایبەتی لەروسیاوە کە یارمەتی سەربەخۆی نەتەوەی بلغاری ئەدا .. ئەم کارەش سەرکەوتنی بەدەست هێناو ئەنجامێکی چاکی هەبوو بۆ گەشە سەندنی فکری نەتەوەیی . سولتانی عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٠ دا فەرمانێکی بۆ پشتوانی دامەزراندنی کەنیسەکە دەکرد .. یەکەم کەسیش کەدانرا بە سەرۆکی ئەو کەنیسەیە (ئالئە کسارخ ) بوو کە کەنیسەکە بە ناویەوە ناونرا .. ڕووناکبیرانی نەتەوەی بلغاری گەیشتە ئەنجامێکی کاریگەر لەسەر رزگار کردنی کیانی رۆشنبیری نەتەوەی بلغاری .. لە پاشان خەباتی سەربەخۆی خاك و دامەزراندنی دەوڵتی بلغاری هاتە گۆڕی و خوێنێکی زۆر بۆ سەربەخۆی ڕژا ، تاکو روسیا دەستی لە کارەکە وەردا و جاڕی جەنگی دا ، کە بەسەر کەوتنی روسیا کۆتای بەشەر هات و دەوڵەتی بلغاری سەربەخۆ دامەزرا ... ئەگەر چی دەوڵەتی بلغاری تاکو ساڵەکانی (١٩٠٨ ) ی زاینی لەژێر نیمچە دەسەڵاتی عوسمانی دا مابوو ، بەڵام لەدوای کوودەتای دەوڵەتی عوسمانی بانگی سەربەخۆی تەواوی بلغاریای درا و کۆتای بە دەسەڵاتی عوسمانی هێنرا و دەوڵەتی بلغاری بەرەسمی دامەزرا .. لەڕوانگەی مێژووی بزافی خەباتی سەربەخۆیی نەتەوایەتی گەلانی ئەوروپادا ، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە فکری نەتەوایەتی هێزی کاریگەری

هەبووە لە خەباتی سەربەخۆ بوون ، دامەزراندنی کیانی رۆشنبیری نەتەوەیی و کیانی سیاسی دەوڵەتیدا .دامەزراندنی ئەم دوو کیانە کە بە خەبأت و شۆرشی رزگار بوون دادەنرێ و دەکرێن بە دوو بەشەوە ، بەشی یەکەم بونیاد نانی (کیانی رۆشنبیری نەتەوەیی) کە بەر پرسیاری لە ئەستۆی ڕووناکبیران و ئەدەیبان و موفەکرینی نەتەوەکەیانە ، ئەگەر چی لە هەندێ لەو وڵاتانەدا لە یەکچوون لەیەك نەچوون هەبوو بەڵام لە مانا گشتییەکەیدا کاری سەرەکی و سەرەتایی بۆ گشت ئەو وڵاتانە لە ئەستۆی رووناکبیران و قەڵەم بە دەستاندا بووە لەبەر ئەوەی تاکو (کیانی ڕۆشنبیری نەتەوەیی) دانەمەزرابێ پەنا نەبراوەتە بەر خەباتی خۆین ڕشتن و بەرپاکردنی شۆرشی رزگاری لەو وڵاتانەدا. بەڵام ئێمەی نەتەوەیی کورد کەم تەرخەم بووین لە ئاست شۆرشی (کیانی ڕۆشنبیری نەتەوەیی) بەڵکو بۆ چەك هەڵگرتن و خۆ بەخەت کردن ئامادەبوون ،جێگەی داخە کە کەسانی رووناکبیری نەتەوەکەمان بەر لە هەموو کارێکی رۆشنبیری و فکری هەوڵیان داوە ڕێکخراوێکی سیاسی دەستە بەر بکەن و بیکەنە ئامرازی رۆشنبیری بۆ نەتەوەکەمان.

گرفتی سەرەکی لە بەردەم ئێمەدا کە رێگر بوو لە دۆزینەوەی پانتای هۆشی نەتەوەییدا ئامادەبوونی ئەقڵی سیاسی دوور لە فکری نەتەوەیی بووە ..واتە فکری نەتەوەیی کوردی بەرجەستە نەکردووە ، وەك خۆراکی فکری و ڕۆحی نەتەوایەتی بۆ نەتەوەکەمان ، بەڵکو بوونی ئەقڵی ناکاملی سیاسی بە درێژایی خەباتی چەکداری و شۆڕشەکانی یەك لە دوایەکی نەتەوەکەمان ، تەنها بۆ مانەوەو بەرپەرچ دانەوەی داگیر کەرو خۆ فرێدانە ناو لاپەڕەکانی شکستی مێژوومان بووە . ئەم هۆیەشەکە کاری تراژیدیای فەرهادی لە ئەستۆی ئەقڵی سیاسی ڕووناکبیراندایە، نەك لە ئامادەنەبوونی گیانی قوربانی و فیداکاری نەتەوەکەمان..درێژەدان بە تراژیدیایی





تێکشانی ئەزموونی خەباتی خوێناوی ئامادە نەبوونی ڕووناکبیران بووە لە نەبوونی ئینتیمای نەتەوەیی بۆ دروست کردنی گیانی رۆشنبیری نەتەوەکەمان . ئەقڵی سیاسی کوردیمان بەر بەستێك بووە بۆ خەڵتاندنی قەڵەم بەدەستان و رووناکبیرانی نەتەوەکەمان ، بە جۆرێك ڕووناکبیری نەتەوەکەمان پێی شەرم بووە بڵی نەتەوەییم ، فکری نەتەوەیییان شێواندوە کە لە ئاست فکری خواستراودا بە فکری دواکەوتوو بەراورد بکرێ .. لە پێش ساڵانی شەستەوە بزاڤ فکری نەتەوەیی چەکەرەی کرد و لە شێوەی رێکخراوێکی نموونەی گچکەدا لەدایك بوو . هێشتا لەخەم نەڕەخسی بوو ڕووبەڕووی شاڵاوی ئەقڵی سیاسی ناهوشیاری ئەو سەردەمە بووەوە ، پڕوپاگەندەی کورد کوژە و کۆنە پەرست و پیاوانی ئیستعمارو نۆکەرانی ئیمپریالزمی ناو دەبران . هەروەها بوونە بەر بەست لە رێگەی گەشەنەکردنی ئەو رێکخراوە ساوایە کە ئەی ویست بەر لە شۆرشی چەکداری کیانی رۆشنبیری نەتەوەیی بۆ نەتەوەکەمان دەستە بەر بکات . ئەم حەقیقەتانە بەڕۆحی نەتەوەکەمان تاڵە ، بەڵام نەوەی داهاتووی نەتەوەکەمان زۆر چاك ئەزانن کە ئۆباڵی تێکشکانی ئیرادەی نەتەوەیی نەتەوەکەمان لە ئەستۆی کێدایە ؟.. لەبەر ئەوەی دوا رۆژی نەتەوەکەمان بۆ نەوەی داهاتومانە و ئەوان دەبنە پێشەنگی خەباتی نەتەوەیی و پیرۆز کردنی فکری کوردایەتی نەك ئێمەی ڕووناکبیری ئەمرۆ کە ترسی مانەوەمان دەستی پێ لە ئازادی و حەق و ویژدان و کوردایەتی هەڵگرتووین ، تاکو ئەمرۆش ئەزموونی ساڵانی شۆرش و فیداکاری نەتەوەکەمان بەدەست ئەقڵی سیاسی باوەوە بێ ، جگە لە هەگبەیەك شکستی تاڵ زیاتر وەك میراتی بۆ نەتەوەکەمان جێ نامێنێ. ئەمەشە کە نەتەوەکەمانی لە حاڵەتی نامۆییدا ئاوێزە کردووە و کەرەسەی بونیادی نەتەوەیی لە دەست داوەو ناتوانێ ستراتیژی نوێی نەتەوەیانە و پرانسیپێکی ئەمنی نەتەوەیی بۆ

نەتەوەکەمان بخەملێنێ ، بنەماو پێکهاتەکانی ئوومەی کوردیمان دەستە بەر بکات ، کە کەسایەتی سەربەخۆو خاوەن بریارو ئیرادەی لە ناودا سەرهەڵ بدات و لە نوێ خەباتی فکری بۆ بونیادنانی کیانی رۆشنبیری نەتەوەیی و کیانی سەر بەخۆیی سیاسی بەرجەستە بکەن و دوا رۆژی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دیاری بکەن.

# کەسایەتی نەتەوەیی

کوردێك بڵێ من رۆشنبیرم چاکتر وایە لە خۆی بپرسێ لە کوێ بوونم هەیە..بۆکێ و لە کوێدا کاریگەریم هەیە..؟ ئەو بەهایانەی کە ناو ئەبری بە ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی نرخیان چییە؟ئایە بەرگری لە فکر دەکەم یان تەنها لە فکری خۆم ...؟ ئەگەر خیانەتیش لە هەموو فکرێك بکەم ،نابم بە بەشێك لە خیانەت..؟ئەگەر خیانەت لە خەڵکی بکەم ئایە من کەسێکی پاکم..؟بەچ حەقێك خیانەت ئەکەم..؟ بە هێزی گەل یان بەهێزی جەلاد و بەندیخانە..؟یان بە دایلۆك و قەناعەت یا بە گوللە و دەسەلات و قانون؟ئەگەر ووتم ئەوان هێزی رووخێنەرن ئایا من ئەبم بە هێزی داهێنەر؟ئایە من بەشێکم لە زەمەنی بوون؟کە خاوەنی خاك نەبم ؟ زەوی ووڵاتەکەم بۆ خێر و ژیانم بەرهەم دەهێنم، بەشێك نییە لە جەستەی زیندووی خۆم و نەتەوەکەم؟ ئایە کەسێکم حەزم لە کۆچ و ئاوارەیی ئەکەم ؟ئایە من نرخێکی نەگۆرم؟ئایە من بوونەکەم حەقیقەتە ونەتەوەکەم سێبەرمە؟ئایە من لە دەرەوەی ئەم جیهانەدا هەم و لە دەرەوەی مێژوودا سەرم هەڵداوە؟ئەمانە و گەلێ پرسیاری ترسناك و کوشندە هەمیشە یەخەی رۆشنبیرانی نەتەوەیی شۆرشگێر دەگرێ ، داوای وەلامیان لێ دەکات..جا چی شاعیر بێ یان هونەرمەند یان موفەکیر بێ یان رۆشنبیر..ئەو رۆشنبیرەی ئامادە نەبێ لە بەردەم گشت ئەم پرسیارانەدا ناچار ئەبی





مل کەچ و دار دەستی دەسەلات بی و خیانەت لە فکر و حەقیقەت و ئازادی بکات..چۆن بەچ ناوێك ناوی رۆشنبیری شۆرشگێری لێ دەنرێ کەلە کاتێکدا بە باشی ئەزانی ئەو دەسەلاتە سیاسی‌یەی بە هێزی چەك خۆی فەرز ئەکات نە خاوەنی فکرەو نە مانای ئازادی ئەزانی..بەڵکو بۆ دروست کردنی مرۆڤی بە تاڵ و فکری کوێرەك ئەگەرێن ، هەوڵیان بۆ گۆرین و مل کەچ کردنی مرۆڤە لە ئاست حەقیقەت و ئازادیدا . تاکو بیانکەنە ئامێرێك لە پرۆسەی دەسەلاتدا ، ئاشکرایە دەسەلاتی سیاسی پێویستیان بە دەجالی سیاسی هەیە کە خەڵکی ساکارو ساویلکەیان بۆ بکاتە کۆیلە ،ئەگەر چی رووناکبیران لە زۆر جاریشدا ئەوەندە بویرنین لە ئاست ناحەق و فکری چەوتدا کە رووی راستی یان بە ئەزموون بۆ ئاشکرا بووە ، بەرەش بڵێن رەش و بە سپی بڵێن سپی. ئەگەر چی ئەم رووناکبیرانە بە خۆیان بزانن یان نەزانن دەچنە خانەی مردووانەوە ، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیان پێش حەقیقەت خستووە و سەلامەتیان پێش ئازادی داناوە . ئەوەی دەست بەرداری حەق و ئازادی بێ لە رووناکبیران و هونەرمەندان و رۆژنامە نوسان و پیاوانی ئابووری ناس و کەسانی یاسا پەروەران و پیاوانی سیاسی و کەسانی کۆمەڵایەتی ئەبنە پارچەیەك تەختەی سەر ئاو و لە رووباری مێژوودا بەرەو لە ناو چوون راپێچیان ئەدات...رووناکبیرانی ئەمرۆی نەتەوەی کوردمان چاك ئەزانن کە پیاوانی سیاسی نەتەوەکەمان تاکو ئەم قۆناغە ، لە خەباتی حیزبایەتی و چەکداری زیاتر هەنگاوێکیان بۆ دامەزراندنی کیانی رۆشنبیری نەتەوەیی نەناوە. لێرەوە ئەبێ رووناکبیرانی شۆرشگێر هەست بە بەرپرسیاری سەردەم و قۆناغی خەباتی نەتەوایەتیان بکەن...بوونی خۆیان بسەلمێنن لەدەست پیاوانی سیاسی و سەرمەیەدارانی دەسەلات رزگاریان بێت و فکری رەسەنی کوردایەتی نەکەنە کۆیلەی ئەقڵی سیاسەتی هونەری توانا . چاو لە

زوڵم و حەقیش بنوقێنێ و بە پاساوی پاراستنی هێمنی و ئاسایش رێگە بۆ دەجالە سیاسیەکان تەخت بکات . بەڵکو کاتی ئەوە هاتووە کە وشە لەگەڵ پراکتیکدا کۆکاتەوە و هەنگاوی نوێ و کاری تێپەراندن بۆ گۆرینی ئەقڵی سیاسی و دامەزراندنی

گیانی روونـاکبیری نەتەوەیی دابمەزرێنێ .ئەگەر چی بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی راستەقینە لە بارو دۆخی نا لەباردا تۆمەتی کاری گیرە شێوین و وێرانکەری بۆ هەڵدەبەسترێ ، بەڵام سوور بوونی رۆشنبیری نەتەوەیی لە سەر حەق و ئازادی و داد پەروەری و یەکسانی ، هۆی رزگار کردنی سیاسەتە لە دەست ئەو کەسانەی کردوویانە بە غایەی گیرفانیان . ئەم کارەش ئاسان نی‌یە بۆ روونـاکبیرانی نەتەوەیی کە هەوڵ بدەن بوونی فکرو خوودی خۆیان بسەلمێنن و پایەی فکرو ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان سەقام گیر بکەن ، لەبەر ئەوەی سەرەتای ئەم کارە پێویستی بە رۆحی پیاوانە و حەق پەرستانە هەیە ، بنەمای ئەقڵی نەتەوەکەمان لە نوێ دابرێژن و فیریان بکەن کە سیاسەت وە سیلەیە نەك غایە، غایەش فکرە و فکری پیرۆزیش سیاسی خاوەن فکری گەرەکە . هەروەها فێریان بکەن کە ئازادی جەوهەری بوونیانە و لەئاستی خواستی نەتەوایەتیاندا نەبنە پاشکۆی مووچەوە دەستیان پێ لە حەق و ئازادی هەڵنەگرن. روونـاکبیری نەتەوەیی هەمیشە ئەو ژیانەش رەت دەکاتەوە کەسێك نەبێ دژایەتی بکات و ژیانێکش دژایەتی فکری تێدا نەبێ لە زۆنگاوێك ئەچێ





وبۆگەنی کردبێ . گۆرانکاری و خۆناسین و راست کردنەوەی چەوتی و هەڵەی فکری مرۆڤ لە کۆبونەوەو دژایەتی لایەنە ناکۆکەکانی دا بەرجەستە ئەبێ ، ئەمەش هۆی گۆرانکاری و پێشکەوتنی فکری نوێی نەتەوایەتی‌یە . نەتەوەی کورد کە بە درێژایی مێژووی بێ بەش بووە لە ئازادی ، ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری و پڕ لە مەینەتی وتێکشکانی ئیرادە و هەست بە خۆ کەم زانی کۆیلایەتی ژیاوە . هەندێ جاریش نەی توانیوە جیاوازی لە نێوان دۆست و داگیرکەرانی‌دا بکات پەنای بۆ خۆفرۆشان بردووە و بەپاڵەوانی رزگاری رۆحی خۆی ناسیوە .. ئەم سەرکۆێر بوونەی بە هۆی حاڵەتی نامۆیی نەتەوەی یەوە لابەرجەستە بووە . رزگار بوونیش لەوحاڵەتە سەر کوێری یەی تەنها گەیشتنە بەئازادی ، بۆ ئەوەی بتوانی بەخۆی دا بچێتە وە بۆگۆرانکاری جەوهەری و بنەرەتی کاربکات ، ئەقڵ و فیکری بەکار بهێنێ .. ئەم کارەش لەئەستۆی رۆناکبیرانی نەتەوەی‌دایە کە بەهۆی ئینتما بوونیان بەمێژوویی نەتەوەکەیانەوە، ئەتوانن پێشەوایەتی بکەن ، هەوڵی گۆرینی مێژوویی سیزیفی نەتەوەکەمان بدەن . ئەگەرکاری سیاسی ئەمرۆی نەتەوەکەمان لەچوار چێوەی فکری نەتەوایەتی دا بەرجەستە بکرێ ، بێ گومان کاری فکری رۆشنبیرانیش رۆڵی خۆی هەیە بۆئاشنا بوونی کێشە و گرفت و دۆزینەوەی بەڵگەو مانای ژیانی نوێ نەتەوەکەمان .. گۆرانکاری و کاری فیکری راستەوخۆ ، پێویستی بە ئەزموونی فکری و دەوڵەمەند کردنی ئەقڵی سیاسی ئەمرۆمان هەیە ، کە بەبێ چوونە رەوتی مێژووی نەتەوەشەوە کاری گۆرانکاری مسۆگەر ناکرێ ، هەروەها لە دەرەوەی مێژوودا مێژوو ناگۆرێ بەڵکو بەهاوکاری بزوتنەوەی مێژووی نەتەوەیی ، ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی رۆشنبیری نەتەوە ئاشکرا دەبێ و جێگە دەست و شۆینی هەوڵ و تێکۆشانیان ئەدرەوشێتەوە .. خەباتی رۆشنبیری لە بنەرەتدا خەباتە بۆ

سەربەخۆیی و ئازادی و رزگار بوونی مرۆڤ لە میکانیزمی زەمەن و مردن . گشت پیاچوونەوەیەك بۆ ژیان و زەمەن ، شۆر بوونەوەیە بۆ ناخ و گەیشتنە خوودی حەقیقی مرۆڤ . گۆرانکاری ژیان لە رووکەشدأ پێی ناوترێ داهێنان و پێشکەوتن . بەڵکو رۆشنبیران بەر لە هەموو هەنگاوێك پێویستیان بە گۆرانکاری ناخیان هەیە ، تاکو ئەمرۆ هەر هەوڵێك بۆ گۆرینی دەرەوەی مرۆڤی کوردی بەرجەستە کرابێ ، کێشەی نەتەوەکەمانی بەرەوپێش نەبردووە ، بەهۆی گرنگی نەدان بە ناوەوەی مرۆڤی کوردی . هەروەها ژیانی ئەمرۆی نەتەوەکەمان لە ڕوی دەرەویدا کە بەهۆی شارەزابوونی لە ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی بە شێوەی ئەوروپایی ، کە ئامێرو کەرەسی تەکنەلۆژی بەکار دەهێنن ، چ لە ڕووی کشتوکاڵیەوە بێ ، چ لە ڕووی ژیانی رۆژانەیە وەبێ . بەڵام مرۆڤی کوردی لە بنەما ئەقلّیەکەی دا وەك خۆی وایە و گۆرانکاری بە خۆیەوە نەدیوە ، کەسایەتی لەناخەوە وەك سالآنی سەدەی هەژدەیەو ئەخواو ئەنوێ و ئەڕوات لەم سەردەمەدا ، بەرگی نوێ لە بەردەکات و لەباتی وولآخ ئۆتۆمبیل بەکاردەهینێ و لە باتی فووتیلە کارەبای هەیە وا ئەزانی بەم داهێنانەی ئەوروپایەوە ئەمیش گەیشتۆتە ئەوپەری پێشکەوتن . تاکو ئێستاش نازانێ مەودایەکی دوور و درێژە هەیە ، لە نێوان جەوهەرو شێوەی ژیاندا . هەروەك چون مەودا هەیە لەنێوان داهێنان وشارستانیەتدا ، نازانێ لە دوو کیانی دوور لە یەکتری دا ئەژێ کیانێکی کۆن و ژیانێکی ماندوویی شێوە شارستانی نوێ ، بۆ نموونەش فیزیا و کیمیا و هەندەسەو بیرکاری و بایلۆژی دەخوێنێ ، بەڵام ئەم خوێندنەی لە کتێب و کەلەی سەرو زاکیرەی تێپەر ناکات ، ناخیشی وەك خۆی ماوەو جەوهەری ئامادەگی مرۆڤایەتی ناخی لە کەنارێکە و زانیاری و زانستی لە کەنارێکی تر داناوە . پشتگیری لە فەلسەفەی مادی دەکات و ژیانی رۆژانەی لە چوارچێوەی ئاینی ئاساییدا بەسەر





دەبات .. گشت چەمکەکانی فکری دەگرێ و بڕیاری لە سەر ئەدات . پیرۆزی بە ئازادی ئەدات و بەفکری چەپ بیردەکاتەوەو بەکردەوەش ژیانی وەك لەخوا ترسێ مامەڵەدەکات . ئەیەوێ مێژوو دروست بکات و لێشی هەڵدێ . بۆتە ئامێرێك و جیهان بینی لە باوەش دەگرێ بەبێ ئەوەی خودی خۆی بکاتە ئامێری توانەوەو پاکژ کردنی ئەو چمکەکانی وەری گرتووە . تاکو چەمکێکی سوود بەخشی لێ وەرگرێ و خۆی لەسەر دابرێژێ . ڕۆشنبیری بەلایەوە پەیدا کردن ودەست کەوتە بۆ ئەوەی لە ئەقلّی دا هەلگیرێو لە موناقەشەدا خۆی پێ دەربخات ، نەك زانیاری بکاتە هۆی گۆرانی کیانی روحی و ژیانی نوێی لەسەر مسۆگەر بکات ، خۆشی بەشۆرشگیر ئەزانێ و نازانێ واقعی لە دەست داوە ، مرۆڤ و نەتەوەی فەرامۆش کردوەو بە فکری پرۆلیتاریاوە خۆی ماندوو کردووە ، پشتی لە خاك و نەتەوایەتی نەتەوەکەی کردوە ، نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری بە فکری شەرمەزاری ئەزانێ . قەناعەتی نی یە کە نیشتمان پەروەری لە خزمەت مرۆڤایەتی دایە ، هەمیشە گلەیی لە ناوەندی کۆمەڵانی خەڵکی دەکات کە ئەم ناوەندە نابنە شۆرشگیرو پێشکەوتن خواز ، چونکە پێشکەوتن و شۆرشگێری بە لای ئەو شۆرشگێڕەوە ، ئەو تەسکیەی نەکات ، بە شۆرشگێر و پێشکەوتن خواز نابێت ، کاتێکیش دەگەن بە دەسەتەڵات نەمانای ئازادی ئەمێنێ و نە وەفای مرۆڤایەتی لە یخەیان ئەدەن . ئەو ئازادیەش ئەوان بروایان پێەتی لە قالّب دانی ئەقلّ و هەست و خەساندنی فکری مرۆڤ زیاتر چی تریان لێ سەوز نابێ . نازانن کە ئازادی داهێنان و داهێنانی مرۆڤە بە خوودی خۆی و بە ئامادە بوونی خوی و بە ژیانی خۆی و بە مردنی خۆی ئەمانە ئازادی حەقیقی بەرجەستە ئەکەن نەك ئەقلّیەتێك کەوا بزانێ ئازادی خەڵات و دەست کەوتی ئەو پارتە شۆڕشگێرەیە کە ئەو بڕوای پێ یەتی ، هەروەها پەیوەندیان بە خاك و

نەتەوەیانەوە وەك پەیوەندی ئیستراحەت و بەرژەوندیيە ، بەلای ئەوانەوە ئازادی دیاری کراوە و سنووری دەسەلات بەرفراوانترە لە سنووری دایلۆك و ئیرادەی نەتەوەو فکری داهێنەرانی نەتەوەکەیان. بە ناوی دیموکراسیەت بریار ئەدەن و دەسەلاتی خۆین ڕشتن ڕەت دەکەنەوە ، بەڵام دەسەلاتی فکر و ڕۆح کوشتنی مرۆڤ پیادە ئەکەن ئەم ڕۆشنبیرانە کە شۆرشگێرو پێشکەوتوو خوازی ئەم ڕۆژگارەن بە ئەقڵێکی دۆگمایی یەوە لە ژیان و مرۆڤ و فکرو ویژدان و مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری ئەڕوانن ، لە ناوەڕۆکیاندا خۆیان بونەتە کۆیلەی ئایدۆلۆژی و بە خۆیان نازانن . ڕۆشنبیری نەتەوەیی چاك ئەزانێ کە زمان و نووسین ئامرازی لەیکتر گەیشتنە ، دابڕان و یەك نەبوونی هۆی دوورکەوتنەوەو لەیەکتر جیابونەوەیە ، کە هۆیەکی تێکشکانی کیانی ڕۆشنبیری نەتەوەیمانە ، نامۆیی کەسانی ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان لە ئاست زمانی نەتەوەیماندا کاری گەری هەیە لەسەر بەش بەش بوون ویەك نەبوونی فکری و ڕۆحی نەتەوایەتیمان ئاشکرایە گرنگی دان بە زمانی نەتەوەکەمان یەکێکە لە کارە گرنگەکانی نەتەوایەتیمان ، واتە زمان پێش ڕۆشنبیریە ، یەك بوونی رینووس و خوێندنەوەی زمانی نەتەوەکەمان کۆکردنەوەی نەتەوەکەمانە لە یەك گۆرەپانی ژیاندا..بەش بەش بوونیشی هۆی دابەش بوونی کیانی ڕۆشنبیری و نەتەوەکەمانە ، لەناو چوونی فکری نەتەوایەتیمانە ، هۆی نامۆ بوونی نیشتمانیمانە لە سروشت و ڕەسەنایەتی و گیانی خۆشەویستیمان و پەرش و بڵاوی کوردایەتیمانە . یەك بوونی زمانی نەتەوەییمان یەکبوونی کە سایەتی نەتەوایەتی نەتەوەکەمانە و ڕۆشنبیری . لە مانا گشتیەکەیدا یەکگرتنی زمان و نووسینی نەتەوەکەمان بەرجەستە ئەکات ئەو نەتەوەیەی بە چەند زمانێك و بە چەند جۆرێك نووسین ڕۆشنبیری خۆی بڵاوبکاتەوە بەر لە هەموو شتێك ئەبێ ئەوە بزانێ





کە لەچەند نەتەوەیەك دا خۆی ئاشکرا دەکات . یەك زمانی کە مانای یەك کەسایەتی نەتەوەیی دەسەلمێنێ ، گیانی کوردایەتی زیندوو دەکاتەوەو سۆزو فکری نەتەوەیی مسۆگەر دەکات . ئاشکراشە کە دوا ڕۆژی نەتەوەکەمان لە ئەستۆی ڕۆشنبیرانماندایە ، تەنها ئەوان دەتوانن نەتەوەکەمان بەسەر بەخۆیی و یەکگرتنەوەی خاك و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکەمان مسۆگەر بکەن ، شۆرش وەك کاری توندو تیژی بەخۆین رشتن ناو ئەبرێ ، بەڵام ئەگەر بەتەنها کاری بۆ بکری و گشت لایەنەکانی تری نەتەوەکەمان نەگرێتەوە وەك شۆرشی ڕۆشنبیری و ئابووریو کۆمەڵایەتی ، سەرکەوتن مسۆگەر ناکرێ و نابێتە شۆرش ئەگەر لە هەنگاوی یەکەم دا شۆرشێکی تایبەتی نوێ لەناو شۆڕشدا دەست پێ نەکات . بۆ ئەوەی بەسەر زاڵمدا سەرکەویێو دژ بە ریاکاران و ترسنۆکان و فکری نەزۆك و هەلپەرستان و ئەقڵی لاسایی کەران دا سەرکەوێ . شۆرشی نوێی ئەوێ کە لە بونیادی رابردووی دوورکەوێتەوەو روو لەسەرچاوەی پاشە رۆژ بکات ، ئاشکرایە تاکو گۆرانکاری لە خۆت دا نەکەی ناتوانی کەس بگۆری ، ئەم گۆرانکاریەش کاری ڕۆشنبیرانەی پێویستە ..ڕۆشنبیری کوردی ڕوو بەرووی قۆناغێکی مێژوویی وا بۆتەوە کە ئەبێ روو لە ئازادی بکات و بە قوڵی بیر بکاتەوە بەوپەری بەرپرسیاریەوە لە کاری ڕۆشنبیریدا ئامادە بوونی بسەلمێنێ لە ئاست گشت حەقیقەت و زوڵمێك دا سڵ نەکاتەوە بە واتایەکی تر یان ئەبێ بە پاڵەوانی بژی و چاو نەترس بێ ، یان ئەبێ کۆیلەو مل کەچ بژی و ژیانی نەتەوەکەشی بداتە دەست ئەقڵی سیاسی باوی قەزا و قەدەر ، بۆ ئەوەی سەرکردەکانی لەسەر و نەتەوەکەیانەوە بژین و نەتەوەو فکری نەتەوایەتیش ، لە پەراوێزی سیاسی دا چاوەڕێی رووداو کارەساتی رێکەوت بێ ، ئەو کاتەش نەتەوەکەمان ڕوو لە ژیانێك دەکات کە دوورە لە سیاسەت و دووریشە لە

رۆشنبیری نەتەوەیی . رۆشنبیری نەتەوەیی ئەبێ ئەوە بزانێ کە گۆرانکاری شۆرشگێرانە ، تەنها لەبونیاد نانی کاری سیاسی یەوە بەرجەستەنابێ . بەڵکو بە شموولی گشت بونیادەکانی تری نەتەوەکەمان ئەگرێتەوە ، وەك نەخۆشیە کۆمەڵایەتی و ناکۆکیە دژ بەیەکەکانی ناو کۆمەڵ . کە بە تەنها بەکاری سیاسی چارەسەر ناکرێ ، بەڵکو کاری سیاسی شۆڕشگێرانە تەنها لایەنێکی لە خۆ دەگرێ . کارەکانی رۆشنبیری لە ڕووی ئابووری و رۆشنبیری وهونەری و کۆمەڵایەتی یەوەو ئەدەبیەوە بەگشتی پیکهاتەی سەرکەوتنی کاری رۆشنبیرانی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانە وەك پەروەردەکردنی هۆش و هوشیاری شۆرشگیرانەو داڕمانی ئەقڵی باوی بێ بەرهەمی فکری و داڕوخانی کەناڵە جیاجیا کانی کاڵ کەرەوەی ڕەنگی داگیرکەران و توور هەڵدانی سنوورەکانیان . لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا ئەبێ کە کاری چەکداری و سەرکەوتنی شەری شۆرشگێڕانە ، پێی ناوترێ کاری شۆڕشگێری . بەڵکو لە سەرەتاوە ڕۆشنبیران دای دەمەزرێنن و نەخشەو تێڕوانیان دەکەن هیوای پاشە ڕۆژی نەتەوەکەیان ، شۆرشی چەکداری تەنها بوونی نەبەستراوە بە ئەمرۆوەو بەس ، بەڵکو کارێکە بۆ دوا رۆژ و چارەنووسی نەتەوایەتیمان ، ناشتوانرێ پاشە رۆژی مێژوو دیاری بکرێ ، بەبێ خەبات و تێکۆشان و گۆڕینی مێژووی نەتەوەکەمان .

رۆشنبیری نەتەوەیی پێویستی بە خۆیندنەوەی مێژووی نەتەوەکەی هەیە بۆ ئەوەی هەڵەکانی بدۆزێتەوەو چارەسەری بۆ دیاری بکات . ئەو کارەش کە کۆتای نایەت ئەو هەڵانەیە کە بێ چارەسەر ماوەتەوە، مێژووی نەتەوەکەمان کە لاپەرەکانی بە خۆینی نەوەی یەك لە دوای یەکی ئاڵ کراوەو پڕکراوەتەوە لە هەڵەی ترسناك ، کە تاکو ئەمڕۆ وەك خۆی ماوەتەوە چ لە ڕووی سەرکردایەتی سیاسیی‌یەوە بوبێ ، کە خاوەنی تێڕوانینی سیاسی نەبوون ، چ لە رووی نەخشەوە کە دوا رۆژی چارەنووسی





تیا مسۆگەر نەبووبێ ، چ لە ڕووی شۆرشگێڕی‌یەوە کە نەیان توانیوە ناکۆکیەکانی ناو شۆرشەکەیان چارەسەر بکەن ، کە ئەم هۆیەش تیروانینی کویر کردووە و کاری کۆیرانەشیان دەستە بەر کردووە ، بەردەوام کاری سیزیفی تراژیدی کوردیمانی نوێ کردۆتەوە . ئەوەی کراوەو کردوویانە هەوڵ و تەقەلای هوشیارانەو رۆشنبیرانەو زانستیانە نە بووە بۆ نەتەوەکەمان بەڵکو لە ئەقڵی عەشیرەت و هۆز وتیرە وتایفە گەریەتی تێنەپەڕیوە ، نەیان توانیوە دەوڵەتێکی شارستانی دابمەزرێنن ، وەیان بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە کە ناکۆکیەکانی سەرکردەکەیان چارەسەر بکەن و لە بەڵای ئەقڵی خێڵایەتی خۆیان رزگار بکەن . ئەمە حەقیقەتێکی مێژوویی و بەڵگە نەویستە ، هەرکات دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی تاکە کەسی بێ و دوور لە دەسەڵاتی نەتەوەو گەل شکست و داروخانی لە خۆیدا هەڵ گرتوە ، ئەگەر چی قۆناغێکی مێژووی دووریشی بڕی بێ.. هەردەسەڵاتێکی سیاسی ئازادی بە گەل نەدابێ وەك ئەو ئازادیەی بۆ گشت کەسێك هەیە بڵێ بەڵی و بڵێ نەخێر ئەو دەسەڵاتەدەبێتە سەرخۆرەی تیرەکەشی و لە ناو چوونی نەتەوەکەشی هەروەها نەگۆران و نەپێشکەوتن و نەسەرکەوتن و نە چارەنووسی ئاسوودەیی مسۆگەر دەکرێ ئەگەر بەئیرادەی نەتەوەو ئازادی تاك و کۆمەڵ دەستە بەر نەکرێ ، بانگەشەی خەبات بەبێ ئازادی تاك و نەتەوەو گەشە سەندنی گشت مافەکانی مرۆڤ نەکرێ ، ئەو بانگەشەیە دوورە لە زانستی واقیعیانە ، لەبەر ئەوەی نەتەوە خۆی گەورەو خاوەن چارەنووسی خۆیەتی ، نەك کەسێك یان چەند کەسانی خێڵێك جا نەتەوەش کێی لاچاکە ئەوە هەڵبژیرێ و چ فکرێکی پێ باشە ئەو فکرە پیادە بکات ، کام فکرەشی لاچاك نی‌یە رەتی بکاتەوە . نەتەوەی ئازادیش ئەو نەتەوەیەیە کە نەخوێندەواری نی یەو برسی نیەو بێ کارەی نی یەو مومارسەی کاری ئازادانە ئەکات

، ئەو کاتە ئەتوانرێ بەو نەتەویە بڵێن نەتەوەی زیندو ، ئەوەی ئەمرێ بە نەخۆشی جیاوازە لەوەی ئەمری بەهۆی نەبوونی دەرمانەوە . نەتەوەی ئازادو زیندوو بە هۆی بێ دەرمانیەوە نامرێ بەڵکو مردنی تاکەکانی مردنێکی سروشتی یە نەك لە برساو لەبێ دەرمانیدا ، رۆشنبیری نەتەوەیی جیاوازی لە نێوان ئازادی حەقیقی و ئازادی ساختەو ترسنۆکانەدا ئەکات ، هەرکەسێ ڕازی بێ بەچەوسانەوەی مرۆڤێکی ناو نەتەوەکەی بەوەش رازی ئەبێ نەتەوەکەی چەوساوە بێ ، لەبەر ئەوەی نەتەوە ناتوانێ بە ئازادی بژی بەبێ مومارەسە کردنی ئازادی کە هەست بە کۆمەڵگایەکی ئازاد نەکات کە دوور بێ لە چەوسانەوەو ژێردەستەیی و کۆیلایەتی . مرۆڤی نەتەوەیی چاو لە کورسی و دەسەڵات ناپۆشێ و نەتەوەکەشی بە کۆیلایەتی و دوور لە ئازادی بژی ، گوللەی دەسەڵاتی سیاسی بە فریشتە نازانێ بۆ کوشتنی کەسانی ئازادی خواز . لە پیاو کوژانی کورسی ناپارێتەوە بۆ ڕزگار بوونی لە مردن و حەق و ئازادی بێ دەنگ نابێ . ڕۆشنبیری نەتەویی شۆرشگێر کاتێك پێناسەی شۆرشکێری پێ ئەدرێ کە بتوانێ رابردوو لە ئەمرۆ جیا بکاتەوە نەك بە شەڕو چەك و کوشتن بەڵکو بە فکرو بە واقع ، کە دوور بێ لە خەیاڵ و دروشم . ئەبێ هەوڵ بدات نەتەوەکەی هوشیار کاتەوەو لە خەونی بەتاڵ رزگاریان بکات . هەوڵ دان بۆ ئامانجی پیرۆزی نەتەوە پێویستی بە وەسائیلی داهێنان هەیە بۆگەیشتن بەو ئامانجە ، نەك پیرۆز کردنی ئامانج و کارنەکردن بۆ بەدەست هێنانی ، شۆرشگێری نەوتەوەیی شتێك نی یە بە دەست بگیرێ و سنووری دیاری بکرێ ، بەقەدەر ئەوەندەی هەنگاو نانە بەرەو داهاتووی نوێ . واتە پیرۆزی ئامانج لە کاری بەردەوام دایەو ئامانج لە دوای ئامانج لە دایك دەبێ و پێشکەوتن رەوتی گۆرانکاری لە خۆ دەگرێ . ئاشکرایە کە ئازادی ساختە لەگەڵ زوڵم و ستەم دا ئەبنە دوو رووی پارەیەك و رەواجی





دەسەڵاتی روح کوشتنیان پێ دەبەخشری . رۆشنبیری نەتەوەیی دەتوانێ ئازادی حەقیقی لە ئازادی ساختە جیا بکاتەوە ، لە رێگەی رەخنەی ئازادانەوە رووی زوڵم و ستەمی ئەقڵی سیاسی ناو بەرگی ئازادی ساختە ئاشکرابکات ، ئەو بارو دۆخەی کە بۆکورد و کوردستانیان رەخساندوە بە هۆی پیلان و نەخشەی داگیرکەرانەوە کوردستانێکی پارچە پارچە کراویان بۆ کردووینەتە دۆزەخ و دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەیی کراوەتە دەسڵاتی خێڵایەتی و دوژمنایەتی ، هەروەها چەندین بیرو فکرو ئایدیولۆژی وەك بازاری مەزاد خانە لەسەر پانتایی هوشیاری کوردیمان مەزاد دەکرێ ئەوەی ناوی هوشیاری سیاسی نەتەوەیی یە تەنانەت لەسەر لاپەرەیێکی رۆژنامەی لایەنە سیاسیەکانیش نابینرێ ، ئەو لایەنانەش کە ناوی شۆرشگێریان لە خۆناوە لە هەموو شتێك پیکهاتوون تەنها شۆرشگێری نەبێ . شۆرشگێر لە پرسیاردا بۆ وەڵام ئەگەڕێ بەڵام کەسانێ کە بێپرسیار بروایان هێنابێ و فێری تەنها وەڵام کرابن هەرگیز ئەوانە نابنە کەسانی شۆرشگێر ، لەبەر ئەوەی دوورن لە پرسیار وەڵامیان فێر کراوەو بە دوای لێکۆڵینەوەو پشکنیندا خۆیان ماندوو ناکەن . کەواتە ئەو ڕۆشنبیرانە تەنها ناویان شۆرشگێرە ، بەڵکو پێیان ئەوترێ کەسانی مەیو کراو کە بروایان لە دەست ئەقڵ دەرچووەو لە ژیانیاندا بە ئیمان بڕوایان هێناوە، بیر لەکێشەی بوون و ئازادی و گەردوون ناکەنەوە ، بەقەدەر ئەوەندەی بۆگشت پرسیارێك لەبەر دەم دەقێکی فکری دا ، داماوەن و ژیانیان بەیقین داپۆشیوە . هەمیشە بە دوای ئەوەدا وێڵن خۆیان دڵنیا بکەن بە بەڵگەی ئامادەکراو بۆ پەیڕەوی کردنی ژیانی ئەمەش وای لێ کردوون کە گشت وزەی ئەقڵیان دوور بێ لەپرسیارو رەخنە لەئاست سروشتی مرۆڤ و مادەو کەوندا. هەروەها دووربێ لە چارەنووسی بوون و بیرکردنەوەی زانستیانە، ئاشکرایە نەتەوەی کورد لە هەموو نەتەوەیەك زیاتر

پێویسی بە شۆرش هەیە ، شۆرشیش هێزێك نی یەو لە نەتەوەکەی جیاکرێتەوە ، بەڵکو بریتیە لە هاوبەشی و هاوکاری هەموو کوردێك ، بە رۆشنبیرو نا رۆشنبیریەوە ، بەبێ جیاوازی فکرو ئایدلۆژیەتی سیاسی یەوە، ناکرێ فکرو سیاسەتیش لە یکتری دوور کەوێتەوە ، بەڵکو فکری گەورە سیاسی گەورەی دروست کردوە، سیاسیەکیش رووناکبیران و خاوەن فکر لە خۆیان دوورخەنەوە مەبەستیان گەیشتنە بە دەسەڵات نەك رزگاری و سەربەخویی بۆ نەتەوەکەیان. مەرجیش نی یە رووناکبیران بە هۆی پەیوەندی سیاسیانەوە پیرۆز بکرێن و ئەوانەش کە پەیوەندیان نی یە.بێ هەڵویست و بێ نرخ سەیریان بکرێ.. رۆشنبیری شۆرشگێری نەتەوەیی ئیلتزامی بە نەتەوەو خواست و ئامانجی ستراتیژی نەتەوەکەیەوە هەیە ، نەك دەستە و تاقم وحیزب و لایەنێکی دەسەڵاتدار ، واتە ئیلتزامی بە ئازادی وشۆرشەوە هەیە بۆ نەتەوەکەی نەك بۆ لایەنێکی سیاسی. لەبەر ئەوەی هەمیشە ئەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە ژێر رکێفی روناکبیراندابێ ، واتە لە ژێر چاو دێری رەخنەیی رۆشنبیراندابێ ، نەك رۆشنبیران بۆ مووچەو ژیان دەست لە حەق و ئازادی فکری خۆیان هەڵگرن. ئەو لایەنەش کە ئازادی و حەق لە رۆشنبیران زەوت ئەکەن چارەنووسی دەبێتە زۆنگاوێکی بۆگەن و دەرگای پاشە رۆژ دادەخەن . سیاسەتێك نیە ئەمرۆ پێی بووترێ سیاسەتی شۆرشگێری ئەگەر لەناو نەتەوەیەکی شۆرشگێردا بەرجەستە نەبێ ، شۆرشیش یاخی بوونە لە ڕابووردوو کە بەکۆیلایەتیەوە بەرێی کردووە. هەر نەتەوەیەکیش وزەو هێزی گۆرانکاری و نوێ کردنەوەی نەبێ ، ناتوانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەمرۆ لێی دەکرێ و دوا رۆژیش چاوەرێی ئەکات. شۆرشیش ئەو گۆرانکاریە ترسناکەیە گەشە بە هێزی نەتەوە ئەدات کە لە رابووردووی رزگاری بکات و ئامادەگی بۆ دوا رۆژ مسۆگەربکات و بەرو سەرکەوتن لە هونەر و زانست و تەکنەلۆژیادا ئاراستە بکات.





ئەو دەسەڵاتە سیاسی یەی بیەوێ هەموو گەل بکات بەیەك و لەیەك جستەی ئایدیولۆژیدا کۆی بکاتە وە ، جۆریك لە ئەقڵەیەتی فاشینزمی مومارەسە ئەکات و دژ بە دیموکراتیەتی هاوچەرخ و دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی یە ، لە ژێر رکیفی ئەو جۆرە دەسەڵاتەدا مرۆڤ وەك ژمارەی لێ دێ و بوونی ئازادی لە دەسەت ئەدات. ئەو کاتە مرۆڤ جگە لە ئەقلێکی مێگەلی و دوور لە بیرکردنەوە و نزیك لە لا سایی و مل کەچی کوێرانە زیاتر هیچی لێ چاوەروان ناکرێ و لە داهێنان و گۆرانکاری دەست بە تاڵ ئەبێ . رۆشنبیری نەتەوەیی هەمیشە لە کەلێنی ناکۆکیەکانی فکرو دژەکانی ئەقڵی ئایدیۆلۆژیەوە زەفەر بە چەوت و هەڵەو ناراستی بەرامبەرەکەی ئەکات ، هەوڵ و تەقەلای بۆ گۆرانکاری وداهێنان نوێیە، ئەگەر بە ووردی سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین و لە مانای بەباشی تێبگەین ، هەست ئەکەین خوای گەورە قورئانی بۆ گشت ئادەمیزادێك ناردۆتە خوارەوە ، بۆ ئەوەی لە خواناسی و چاکە و دۆستایەتی و مرۆڤایەتی نزیك ببێتەوە.. هەروەها قورئانی پیرۆز پەیامێکە دژ بە داگیرکەرو زاڵم و چەوسێنەر ، دەنگی حەقە بۆ نەتەوەی ژێر دەستەو چەوساوەکانی سەر گۆی زەوی ، رۆشنبیرانی نەتەوەیی نەتەوەکەمان ئەو جیاوازەیە ئەکەن کە لەنێوان برای ئاینی و برای داگیرکەردا هەیە. نەتەوەی کوردیش بە سەر سێ نەتەوەی موسوڵمانی داگیرکەر و چەوسێنەر دا دابەش کراوە، کیمیا باران و ئەنفال و کوشتن و سووتانی گوندو باخ و شاخ و رەزی کوردستانەکەی بە دەستی برای ئاینی عەرەبی کراوە. ئەو رۆشنبیرەی ئەم حەقیقەتە ئەزانێ و خۆی لێ گێل بکات وەك ئەو شەیتانە کەرەیە کە خوا نەفرەتی لێکردووە. نەتەوەی عەرەب و توورك و فارس چیان بۆخۆیان پێ خۆشە ئەبێ ئەوەشیان بۆ ئێمەی کوردی براو هاو ئاین پێ خۆش بێ،بەڵام لە کام دەولەتی داگیرکەرماندا رۆژێك بەنەتەوەی کوردیان وت وەرن ئێوەش برایانی ئاینیمان

چەند سالێك وەك ئێمە دەسەڵاتی سیاسی وولات بەرێوە بەرن؟ بەڵام هەرکاتێك نەتەوەکەمان لە هەر پارچەیەکی کوردستانەکەیدا ، بۆ بچوکترین مافی نەتەوەیی خۆی دەنگی بەرز کردبێتەوە، بە سەدان رۆڵەی قارەمانیان لە سێدارە دراوە وەك پێشەوای قازی و شێخ سەعیدی پیران. ئایە نەتەوەی عەرەبیش لە وان چاتر بووە کە ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستانیان لە ئەستۆیە .هەروەها لە شۆرشی بابەکی خوورەمی دا هەشت هەزار ژن و منداڵ و پیاوی پیریان لە بەردەم خێمەکەی خەلیفەی موسوڵماناندا زیندە بە چاڵ کردوە. ئەمەش برای ئاینی عەرەبە ؟ ئێمەی رۆشنبیری نەتەوەیی هیچ کاتێك لە مێژووی نەتەوە کەمان دوور ناکەوینەوە ، لەبەر ئەوەی مێژووی نەتەوەکەمان ئەمرۆکە پێویستی بە گۆرانکاری نوێ هەیە کە بە فکری کوردایەتی نوێ وە مێژوویەکی نوێ بۆ نەتەوەکەمان بەر جستە بکات ، کە دووربێ لە چاو پۆشی و خۆ گێل کردن لە ئاست برای ئاینی داگیر کەرانی کوردستاندا. ئەو موسوڵمانە کوردەی داگیرکەرانی کوردستانەکەی بە برای ئاینی و دراوسێ بزانێ بەر لەهەموو شتێك لە قورئانی پیرۆز لای داوە، کوردستانەکەشی کە وەك خەڵاتی خوای گەورەیە بە داگیرکەرانی بەخشیوە، لێرەدا رووی پرسیار ئەکەینە ئەو کەسانەو ئەڵێن:شێخی نەمر (شێخ مەحمود)ی قارەمانمان بە هۆنراوە ئەو راستیەی ئاشکرا کردووە کە فەرموویەتی

﴿ گەر مانعی حقوقی میلەتی کورد ببێ عەرەب
بێشوبهە نوێژەکانی ماضی بە کوردی قەزا ئەکەم ﴾

شۆرشگێری ئاینی راستەقینەی کورد کە شێخ ی نەمرە، چاك زانیوویەتی ئەبێ جیاوازی نێوان برای ئاینی و برای داگیرکەری بکرێ ، هۆنراوەی شێخی گەورە لادان نی یە لە ئاین و لە پەیامی خوای گەورە، دەرچوون نی یە لە مرۆڤایەتی و





نەتەوایەتی ، خۆگێل کردن نی یە لە ئاست زوڵم و کوشتن و لە ناوبردن و داگیرکردنی خاك و نەتەوەکەی دا . بەڵکو شۆرشێکە لە ئەقڵ و داهێنانێکە لە فکر و هوشیار کردنەوەیەکە بۆ رزگاری و سەر بەخۆیی نەتەوەکەمان .

لێرەوە نەوەی کوردمان ئەبێ ئەوە بزانێ کەخواناسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە سەر بۆ داگیرکەرو خۆین ڕێژی نەتەوەکەی نەوی ناکات ، خوا ناسی حەقیقی ئەو کەسەیە پەیرەوی پەیامی خوای گەورە بکات بۆ رزگاری نەتەوەیەکی چەوساوە و خاك بەشکراو لەبەر ئەوەی خوای گەورە دوژمنی چەوسانەوەو کوشتن و زوڵم و ستەمی تاك و نەتەوەیە. پەیامی پیرۆزی خوای گەورە لە جەوهەریدا ، رزگاری مرۆڤە و نەتەوەیە لە ژێر دەستی و چەوسانەوەی نەتەوایەتی. ئەگەر سیاسەت لە سەر رووی دەرەوەی مێژوو کاریگەری هەبێ بەڵام رۆشنبیری فکری لە ئاست گۆرانکاری شموولی مێژوویی دا سوود بەخش و دامەزرێنەری مێژووی نوێی ئەبێ . ئەگەر سیاسەت لە ئاستی دەسەڵاتدا کاری پەراوێزی لە ئەستۆبێ و ڕێکەوت یاری پێبکات ، رۆشنبیری نەتەوەیی ڕێگر و تێکدەری گشت قەدەرێکی سیاسی رێکەوتەو لە دوای حەتمیەتی گۆرینی بنەماکانی کۆن و بەهاکانی عەمارە پۆی دیموکراتیەتی ساختە دەگەرێ . لە بێخەوە هەڵی دەکەنێ و لە جێگەیدا ئازادی و یەکسانی و سەربەخۆیی دیموکراتیەتی ڕەسەن دا دەمەزرێنێ . ڕۆشنبیری بەرگری لە خوێدا فکرێکی رەخنەیی فەلسەفی یە کە بۆ ئەمرۆی نەتەوەی کورد وەك ئاوی ژیان وایە. ئاشکرایە نەتەوەکەمان کە تاکو ئەمرۆکە لە ئەقڵی لاسایی و گوێ ڕایەڵی رزگاری نەبووە ، چۆن دەتوانێ بەبێ ڕەخنەی ئازاد بگاتە حاڵەتی داهێنان ؟ گۆرانکاری لە ناخ و ویژدان و سۆزو فکری نەتەوەیی دا بەرجەستە بکات .. کاتێ ڕەخنەی ئازاد رێگەی ئەقڵ و ویژدان دیاری ئەکات و بنەمای فکری فەلسەفی دا دەڕێژێ وەك یەکەم هەنگاو بۆ هوشیار کردنەوەی نەتەوەکەی ، ناچار ئەبێ داهێنانی نوێ ڕەسەن بکاتە بەرنامە بۆ بوارەکانی ژیان و دەسەڵات و سەربەخۆیی و ئازادی دواڕۆژی

نەتەوەکەی ...ئەم کارەش لە خۆیدا بەرگرییە لە نوێ خوازی و پێشکەوتن و دژایەتی ئەقڵ و فکری ڕزیوی پوکاوەیە ، واتە رۆشنبیری بەرگری ، بەرگرییە لە نوێ خوازی بۆ دامەزراندنی قەدەرو چارەنووسی نەتەوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ ، هەروەها دژ بە سیاسەتێکە کەلە دەرەوەی سەربەخۆیی نەتەوەدایە و دژ بە رۆشنبیریەکە ، کە دوورە لەئازادی نەتەوایەتی.





# نـــــاوە رۆك

١- پێشەکی ١-٦
٢- سۆزی نەتەوەیی ٧-١٢
٣- هەستی نەتەوەیی ١٣-١٩
٤- بوون و بوونی نەتەوەیی ٢٠-٢٧
٥- نامۆیی و فکری نەتەوەیی ٢٨-٥٢
٦- ئازادی بەرگرییە لە نامۆ بوون ٥٣-٦٨
٧- ئینتیمای نەتەوەیی ٦٩-٨٢
٨- کەسایەتی نەتەوەیی ٨٣-٩٦

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی بەڕێز ماموستا ( حەسەن عەبدوڵا موحەمەد ) ئەکەین
کە دەستی کۆمەکی بۆ دریژ کردین و مەبلەغی (٣٠٠٠) دیناریبەقەرز
داینیٚ بۆ چاپکردنی (٥٠٠) نوسخە لەم کتیبە .

( ژمارەی سپاردنی ٩٠/ی ساڵی ١٩٩٨ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری
هەریمیٚ کوردستانی پێدراوە)





